WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2 11ی سەرماوەزی 2713 (750) دینار

## "سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان یەکلایی بووەتەوە"


**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئەندامێکی جڤاتی نیشـتمانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەست (رووداو) کەوتوون، پۆســتی ســەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان یەکلایی بووەتەوە و یوسف محەممەد، کاندیدی گۆڕانە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشـــی "لە بەرامبەردا پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت دەدرێتە یەکێتی و بۆخۆشیان ئەو پۆستەیان پێخۆشە".

هەر لەوبارەوە فەرید ئەسەســەرد، ئەندامی ســەرکردایەتی یەکێتی، گوتی "وای بۆدەچم یەکێتی و گۆڕان بەلایانەوە ئاســایی بێ کە پۆســتی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت بەوشێوەیە دابەشبکرێ".

لەبارەی ئەوەی کە ئایا هەڵوێســتی یەکگرتووی ئیسلامی لە یەکلابوونەوەی ئەو پۆستە باڵایانە چی دەبێت، د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو گوتی کە ئەگەر بڕیاربێ ســەرۆکی پەرلەمان و جێگری ســەرۆکی حکومەت بۆ گۆڕان و یەکێتی یەکلایـــی بووبنەوە، ئەوا یەکگرتووی ئیســلامیش داوای پۆســتی جێگری ســەرۆکی پەرلەمــان، یان ســکرتێری پەرلەمان دەکات. بەڵام گوتیشـــی "پێدەچێ ئێمە داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان بکەین".

« 3



سەڵاح رەشید:

### مۆدێلی فەرەنسا بەباش دەزانم بۆ کێشەکانی سلێمانی

9



محەممەدی حاجی مەحموود:

### ئێستاش نەمانزانی دەنگەکانمان چەند بوو

6




### مەلا ناهێڵن حوسەینییە لە هەولێر بکرێتەوە

2

"تورکیا لە نێوان هەولێر و بەغدا هەولێری هەڵبژارد"

# ئێستا وەکو تێست رۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێ

« 3




REKLAM



ڕووداو ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2

## "بوومەلەرزەکان پەیوەندیان بەدەرهێنانی نەوتەوە نییە"



**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە دەڵێن ئەو بوومەلەرزانەی لە گەرمیان ڕوویانداوە پەیوەندیان بە دەرهێنانی نەوت هەبووە لەناوچەکەدا. وەزارەتی ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە دەڵێت "ڕوودانی دیاردەی بوومەلەرزە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە دەرهێنانی نەوتەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە لێکدانی هەردوو پلێتی ئێرانی و عەرەبی کە بووەتە هۆی پەیدابوونی پشتێنەی بوومەلەرزەیی لە نزیک سنوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی زنجیرە چیای زاگرۆس".

بەرپرسی دەزگای شەهیدی میحراب:

# هەندێک بەناو مەلا ناهێڵن حوسەینییە لە هەولێر بکەینەوە

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسی دەزگای شەهیدی میحراب "هەندێک لە مەلایانی شاری هەولێر" بەوە تۆمەتبار دەکات کە ڕێگرن لە کردنەوەی حوسەینییەیەک بۆ پەیڕەوکارانی شیعە مەزهەب. گلەییشی لە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کرد کە سەردانیان ناکەن "برایانی ئێزدی و سابیئەی مەندائی سەردانیان کردووین، بەڵام تا ئێستا یەکێتی زانایان سەردانیان نەکردووین".

دەزگای شەهیدی میحراب، لەسەردەمی سەید موحسین حەکیم بە ناوی "دار التبلیغ" کرایەوە، بەڵام لە دوای تیرۆرکردنی محەممەد باقر حەکیم لە ساڵی 2003دا، ناوی گۆڕدرا بۆ دەزگای شەهیدی میحراب وەک ئاماژەیەک بۆ تیرۆرکردنی ئەو سەرکردەیەی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەناو مەزاری ئیمام عەلی لەشاری نەجەف بەهۆی تەقینەوەیەک.

لەساڵی 2004 لقێکی ئەو دەزگایە لە شاری سلێمانی کرایەوە و لە ساڵی 2006یش لە شاری هەولێر. بەشیر زاخۆیی، بەرپرسی لقی هەولێری دەزگای شەهیدی میحراب بە (ڕووداو)ی گوت "لەبەر ئەوەی لە شاری سلێمانی حوسەینییەمان هەبوو بە ناوی ئیمام حەکیم کە لەلایەن مام جەلال کرایەوە لە ساڵی 1998، بۆیە زەمینەی کردنەوەی لقی شەهیدی میحراب لەوێ خۆشتر بوو".

وەک بەشیر زاخۆیی ئاماژەی پێدا، هەر لە دوای کردنەوەی لقی دەزگای شەهیدی میحراب لە شاری هەولێر بیریان لە کردنەوەی حوسەینیەیەک کردووەتەوە بۆ پەیڕەوکارانی ئاینزای شیعە، بۆ ئەو مەبەستەش پارچە زەوییەکیان لە حکومەت وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە مۆڵەتی دروستکردنی وەربگرن.

بەشیر زاخۆیی هۆکاری نەکردنەوەی حوسەینیەکەی بۆ "چەند مامۆستایەکی بەناو ئاینی" شاری هەولێر گەڕاندەوە کە ڕێگری لە کردنەوەی دەکەن و گوتی "پەیوەندیم بە پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانەوە کرد گوتیان هەندێک لە مامۆستایانی بەناو ئاینی هاتوون سکاڵایان کردووە و گوتوویانە نابێت ئەو حوسەینییە بکرێتەوە، چونکە شیعە خەتەرن".



ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لەساڵی 2007ەوە ئەو پارچە زەوییەیان وەرگرتووە بۆ حوسەینییە، بەڵام ڕێگرییان لێدەکرێت، تەنانەت ئەو پارچە زەوییەی پێیاندرابوو درایە خەڵکی دیکە و دواتر پارچە زەوییەکی دیکەیان پێدرایەوە. بەشیر زاخۆیی گوتی "ویستمان شوورایەک بە چوار دەوری زەوییەکەدا بکەین، هەموو کاروبارە یاساییەکانی شارەوانی و تاپۆشمان تەواو کرد، بەڵام دواتر برادەران لە پارێزگا و ئەوقاف پێیانگوتین کە ئیشەکە ڕابگرین، چونکە هەندێک لە مامۆستایانی ئاینی ناڕازین".

ئەو گلەیی لە ئیدارەی پارێزگای هەولێر کرد و گوتی "نزیکەی 3-4 هەزار شیعە لە شاری هەولێر دەژین، ڕێگەیان پێنادرێت حوسەینییەک بکەنەوە، بەڵام سابیئە مەندائییەکان کە ژمارەیان زۆر کەمە، ڕێگەیان پێدراوە پەرستگا بۆ خۆیان دروستبکەن". گوتیشی "%20ی کورد شیعەن، بۆ لە سلێمانی ڕێگەمان پێدەدەن بۆ لە هەولێر ڕێگەمان پێنادەن حوسەینییە بکەینەوە".

بەشیر زاخۆیی زانیویەتی کە هەندێک لەو مەلایانەی ڕازی نین، سەر بە کۆمەڵی ئیسلامین، بۆیە سەردانی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەکات "مامۆستا عەلی باپیر پێیگوتم هیچ کێشەمان نییە، 400 مزگەوتی ئەهلی سوننە لە شاری هەولێر هەیە، با مزگەوتێکی ئەهلی شیعەکانیش لە هەولێر هەبێت". بەشیر زاخۆیی بۆ چارەسەری ئەو گرفتە سەردانی سەرۆکی یەکێتی زانایانیشی کردووە و گوتی "جەنابی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا پێیگوتم ئێمە وەکو یەکێتی زانایان ڕێگر نین لە کردنەوەی ئەو حوسەینییە، بەڵام واز لەو زەوییە بهێنن چونکە هەندێک مەلا ڕازی نین".

وەک بەشیر زاخۆیی گوتی، تا ئێستا چەندینجار سەردانی یەکێتی زانایانی کردووە، بەڵام ئەوان تا ئێستا سەردانیان نەکردوون "گلەییم لە مەلا عەبدوڵڵا کرد و پێمگوتن نەهاتنی ئێوە پەیامێکە بۆ ئێمە، بەڵام ئەو پاساوی هەبوو گوایە مەجالیان نییە. ئەوان مەجالیان هەیە لە زاخۆوە بچنە خانەقین، بەڵام ئەوە 7 ساڵە لێرەین سەردانیان نەکردووین، نازانم دەترسێن یان خۆیان لە ئێمە بە گەورەتر دەزانن".

کێشەی ڕێگریکردن لە کردنەوەی ئەو حوسەینییە وەک بەشیر زاخۆیی باسیکرد، گەیەنراوەتە بەرپرسە باڵاکانیش "جەنابی سەید عەمار حەکیم، ڕاستەوخۆ ئەو بابەتەی لەلای بەڕێز مەسعود بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسکردووە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن".

بەشیر زاخۆیی کە پێشتر بۆ خۆی سوننە بووە، لە دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ خێزانەکەی ڕوودەکەنە ئێران و لەوێ ئاینزای خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە شیعە، ئێستا جگە لە دوو ژنەکەی و منداڵەکانی، هەندێک لە خوشک و براکانیشی ئاینزای خۆیان گۆڕیوە.

سەبارەت بەوانەی ئاینزای خۆیان گۆڕیوە لە شاری هەولێر، گوتی "زۆر کەمن، ژمارەکە شایەنی باسکردن نییە". بەڵام گوتیشی "لە سلێمانی خەڵک زیاتر دەبنە شیعە تاوەکو هەولێر، بە حوکمی ئەوەی سلێمانی تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی ئێران زیاترە".

بەڵام بەپێی بەدواداچوونێکی پێشووتری (ڕووداو)، چەندین کەس لە شاری هەولێر و سلێمانی بوونەتە شیعە و تەنانەت مامۆستای ئاینیشیان تێدایە.

بەشیر زاخۆیی ڕەتیکردەوە کە خەڵک بەهۆی ئەو ئاسانکارییەی لە ئاینزای شیعەدا هەیە بۆ ژنهێنان بە تایبەتیش "هاوسەرگیری موتعە" ببنە شیعە. هەروەها گوتی "هەندێک لەو مەلایانەی دژایەتیمان دەکەن، دێنە لامان پرسیار لەبارەی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەن".

ئەو زیاتر لەبارەی ئەو مەلایانەی سەردانیان دەکەن قسەی کرد و گوتی "زۆر مەلا سەردانمان دەکەن، بەڵام بۆ موناقەشەی هەندێک بابەتی فیقهی دێن، من بەڵگەیان بۆ دێنمەوە و بە ئایەت و فەرموودە بۆیان دەسەلمێنم، دەڵێن مامۆستا ڕاستدەکەی، بەڵام فلان زاناش وا دەڵێت".



# دوورخستنەوەی پەرلەمانتارە عێراقییەکەی سوێد بە هەڵواسراوی ماوەتەوە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

وێڕای دەنگۆی بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر، پەرلەمانتاری عێراقی عەبیر ئەلسەهلانی، بە تۆمەتی تێوەگلانی لە گەندەڵی بە بڕیاری ناوەندیی پارتەکەی لە کاری سیاسی دوورخرایەوە و لە چاوەڕوانی بڕیاری دادگادایە.

عەبیر کە ئەندامی پارلەمانە لەسەر لیستی پارتی سەنتەری سویدی، ماوەیەک لەمەوبەر بەتۆمەتی تێوەگلانی لە کاری گەندەڵی دادگایی کرا و بەوهۆیەشەوە لە کاری سیاسی دوورخرایەوە و ئەندامێتی لە پەرلەمان هەڵپەسێردرا.

سەهلانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیشدا ڕایگەیاند "نە بۆ هەڵبژاردنی نیشتیمانی و نە بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپی خۆم کاندید ناکەم". لەبارەی هەڵپەساردنی ئەندامێتیشی لە پەرلەمان، گوتی "لە پشوودام و چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکەم لە دادگا دەکەم". عەبیر ئەلسەهلانی گوتیشی "تۆمەتبارکردنم دوورە لە ڕاستی و بۆ لێدانی خۆم و باوکم دروستکراوە".

تۆمەتبارکردنی عەبیر ئەلسەهلانی پەیوەندی بە خراپ بەکارهێنانی 2 تاوەکو 3 ملیۆن کرۆنی سوێدییەوە هەیە کە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند ئاژانسێکی خێرخوازی نێودەوڵەتییەوە، ئاژانسی هاریکاری سویدی SIDA لە نێوان ساڵانی 2009-2010 بۆ عێراقی تەرخان کردبوو.

زانیارییەکانی دادگای سویدی و ئاژانسی سیدا ئەوەیان نیشان داوە کە گەندەڵی لە بەکارهێنانی ئەو بڕە پارەیەدا کراوە و بۆ بەرژەوەندی خێزانی ئەلسەهلانی و ئەو پارتە عێراقییە بەکاهاتووە کە عابد ئەلسەهلانی باوکی عەبیر کاری تێدا دەکات.

عابد ئەلسەهلانی باوکی عەبیر کە ئەویش هەڵگری ڕەگەزنامەی سوێدییە، پەرلەمانتاری خانەنشینە لە عێراق و لە خولی پێشووی پەرلەماندا ئەندام بووە. ئەویش سێ مانگ بەر لە ئێستا بەهۆی دۆسیەی گەندەڵی و تیرۆر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکرا و مانگی ئەیلولی ڕابردوو ئازاد کرا.

ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ عەبیر ئەلسەهلانی لەلایەن دەوڵەتی سوێد و دادگای ئەو وڵاتە، بە تاوانی فریودان و تاوانی ئابووری وەسف دەکرێت و بە یەکێک لە تاوانە گەورەکان دادەنرێت، هەربۆیە لە کاری سیاسی ڕاگیراوە.

ئەندێرش جۆنسۆن، سەرۆکی لیستی پارتی سەنتەر لە سوێد بۆ مێدیاکانی وڵاتەکەی گوتی "وێڕای ئەوەی ڕامانگرتووە، بەڵام عەبیر خۆی پەیوەندی پێوەکردووم و گوتوویەتی ئەمە هەڵە تێگەیشتنە و تاوانبارکردنە". گوتیشی "عەبیر خۆی لەگەڵ ڕاگرتنی کاری سیاسیی خۆی بوو".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، هەڵپەساردنی ئەندامێتی ئەو پەرلەمانتارە کاتییە و تا ئێستاش مووچەی پەرلەمانتارێتی وەردەگرێت.

REKLAM

ڕاگەیاندنی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

لە کاتی توندوتیژی پەنا بۆ یاسا بەرە
چونکە مافەکانت دەپارێزێت

با خۆشەویستی
و
لەیەك تێگەیشتن
جێگای توندوتیژی بگرێتەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان
E-mail: b.tundutezhy_zhnan@yahoo.com
0662648547

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر:
0662567272 - 07507598172
E-mail: b.tundutezhy_erbil@yahoo.com
نوسینگەی قەزای شەقلاوە 07501440077
نوسینگەی کۆیە 07501440099
نوسینگەی خەبات 07501440088
نووسینگەی قەڵا 0662643363
نووسینگەی منارە 0662643373

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ سۆران:
07507077833
نوسینگەی قەزای چۆمان 07504606774

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ سلێمانی
07708156719-0533293015
E-mail: b.afratan@yahoo.com
نوسینگەی قەزای شارەزوور 0538842427
نووسینگەی دوکان 07501097878
نووسینگەی دەربەندیخان 07501097676
هێلی گەرم 0770199

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ ڕاپەڕین
0538644134
afratan.ranya@gmail.com
نوسینگەی ناحیەی قەڵادزێ 07501090997

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ گەرمیان
07480275081 -07480275082
E-mail: tt_garmian@yahoo.com
نوسینگەی چەمچەماڵ 07480194598
نوسینگەی قەزای کفری 07480612161

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ دهۆک
0664561315-07507851881
E-mail: defchon2007@yahoo.com
نوسینگەی قەزای ئارەندی دهۆک 07501847276
نوسینگەی زاخۆ 07501847873
نوسینگەی بەردەرەش 07505038191
نوسینگەی قەزای ئاکرێ 07503836685 -0627801977
نوسینگەی قەزای ئامێدی 07503866982 - 0627630892

www.bgta-krg.org

## عەلی قەرەداخی: هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ئاسایی و یاسایيە



**ڕووداو- هەولێر**

د.عەلی قەرەداخی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە بە "ئاسایی" و "یاسایی" دەزانێت. د. عەلی قەرەداخی، پسپۆڕی بواری ئابووری بەشداری بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەفزیۆنی (ڕووداو)ی کرد و لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیاو لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان ڕایگەیاند "ڕاکێشانی ئەو بۆرییە نەوتییەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەم ڕەهەندی ئابووری هەم ڕەهەندی سیاسیی هەیە، پێویستە کوردستان ئەو دەرفەتە لەدەست خۆی نەدات و بتوانێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا باش بکات".



"تورکیا لە نێوان هەولێر و بەغدا هەولێری هەڵبژارد"

# ئێستا وەکو تێست ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێ

**وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:**

### تا کۆتایی 2014 ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکەین

**نیل بریمسۆن، سەرۆکی ناوەندی هێربێرت سمیس:**

### ئەگەر گرێبەستەکانی نەوت نایاسایی بوونایە بەغدا لە دادگای فیدراڵی سکاڵای تۆمار دەکرد

**ئەلیرۆ پارا، سەرۆکی ڕێکخراوی CWC کە سەرپەرشتی کۆنفرانسەکانی نەوت دەکات لە دنیا:**

### لەبازاڕەکانی نەوتی دنیا باس باسی کوردستانە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەرێمی کوردستان ئێستا وەکو تێست ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی تورکیا دەکات کە وەک بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێت لەنێوان هەولێر و بەغدا هەولێری هەڵبژارد. ئەم هەنگاوەی ئەنقەرە حکومەتی عێراقی تووڕە کرد کە هەموو تواناکانی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی بەر بە دوایین ڕێککەوتنی هەناردەکردنی ڕاستەوخۆی نەوت بۆ تورکیا بگرێت.

#### تەنیا کردنەوەی قوفڵەکە ماوە

نەوتی هەرێمی کوردستان کە تەنیا ئەوەی ماوە قوفڵەکەی بەفەرمی بکرێتەوە، بەرەو ئەوە مل دەنێ کە ببێتە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانێکی سیاسی لەنێوان بەغدا لەلایەک و هەولێر و ئەنقەرە لەلایەکەی دیکە. ئەمەش دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی هەناردەکردنی نەوت لە نێوان هەولێر و ئەنقەرە کە بەبڕوای بەغدا نایاسایی و نادەستوورییە.

بەگوێرەی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئاگاداری حکومەتی تورکیا، هەولێر و ئەنقەرە زیاتر لەپێنج گرێبەستیان واژوو کردووە کە جگە لە هەناردەکردنی نەوت بە بۆرییەکی ڕاستەوخۆ، کنە و پشکنین و دەرهێنانی نەوت لە 12 کێڵگەی تازەی هەرێمی کوردستانیشدا لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکانەوە لەخۆدەگرێ.

#### ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل دەڕوات

سەرچاوەیەکی باڵا لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "پرۆژەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان هەموو کارەکانی تەواو بووەو ئامادەیە بۆ فرۆشتن لە بازاڕەکانی جیهان". هەروەها ئاشکراشی کرد کە "ئێستا ڕۆژانە وەکو تێست 150 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێ و بڕیارە بەپێی ئەو پلانەی دانراوە تا کۆتایی 2014 بڕەکەی بۆ 400 هەزار بەرمیل بەرزبکرێتەوە".

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕەنگە لەو کۆنفرانسەی ئێستا لە هەولێر بە بەشداری 850 دیپلۆماتکار و شارەزا و کەسایەتی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەچێ و ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێ، هێڵە نوێیەکەی نەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە فەرمی ڕابگەیەنرێ کە کۆتایی مانگی ڕابردوو لەمیانەی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ تورکیا ڕێککەوتنی لەبارەوە کرا.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بڕیارە نەوتی هەریەک لە کێڵگەکانی (بجیل لە ئاکرێ، بەردەڕەش و شێخان) کە نەوتی ئەو ناوچانە لە جۆری قورسە، لەڕێی هێڵێکی دیکەوە هەناردە بکرێ کە بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێ.

بەپێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، دەبێ تاوەکو 2015 بڕی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

شارەزایەکی نێودەوڵەتی لەبواری یاسای نەوت و غاز لەبارەی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان کە بەغدا پێداگری لەسەر نایاساییبوونیان دەکات، گومانی لەو هەڵوێستە توندەی حکومەتی عێراق هەیە و پێیوایە ئەگەر ئەوە ڕاست بووایە ئەوا لە دادگای فیدراڵی سکاڵایان تۆمار دەکرد.

نیل بریمسۆن، سەرۆکی ناوەندی هێربێرت سمیس کە ناوەندێکی ڕاوێژکاری یاسایی نێودەوڵەتییە و یەکێکە لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان نایاسایین بۆچی بەغدا لە دادگای فیدراڵی سکاڵا تۆمار ناکات".

گوتیشی کە ئەو پێیوایە "بەغدا و هەولێر بۆیە نەچوونەتە دادگا و سکاڵایان لە دژی یەکدی تۆمار نەکردووە، چونکە هەردوو لایەن بەوەی کە هەیە ڕازین".

کەڵەکەبوونی کێشەکانی تایبەت بە نەوت و گرێبەستەکان و دەسەڵاتی بڕیاردان لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ نەبوونی یاسای تایبەت بە نەوت و غاز لە عێراق دەگەڕێتەوە.

لەسایەی نەبوونی ئەو یاسایەدا کە ڕەشنووسەکەی لە شوباتی 2007ەوە لە پەرلەمانی عێراق پەکخراوە بەهۆی پاشگەزبوونەوەی بەغدا لە ناوەڕۆکەکەی، هەریەک لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە ڕوانگەی خۆیانەوە لێکدانەوە بۆ مادە دەستوورییەکان دەکەن.

#### تورکیا هەولێری هەڵبژارد

سەرچاوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە لەبەرئەوەی ڕێگەپێدراو نییە لێدوان بدات داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی کە "تورکیا لەنێوان هەولێر و بەغدا هەولێری هەڵبژارد"، بەڵام تورکیا هەوڵ دەدات بەغداش بەو ڕێککەوتنە ڕازی بکات، لەوچوارچێوەیەشدا تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا بە سەردانێک گەیشتە بەغدا و کۆبوونەوەیەکی داخراوی لەگەڵ حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە سازکرد. وا دیارە ڕاکێشانی ئەم بۆرییە دەرگا بۆ دانوستاندنێکی چڕ لەنێوان بەغدا و ئەنقەرە دەکاتەوە کە هێشتا ئاکامەکەی دیار نییە.



#### باس باسی نەوتی کوردستانە

ئەلیرۆ پارا، سەرۆکی ڕێکخراوی CWC کە سەرپەرشتی کۆنفرانسەکانی نەوت دەکات لە وڵاتانی دنیا و پێشتر وەزیری نەوتی ڤەنزوێلا بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لەبازاڕەکانی نەوتدا لە جیهان باس باسی نەوتی هەرێمی کوردستانە، چونکە خاوەنی یەدەگێکی زۆرە".

بەگوێرەی خەمڵاندنەکان، یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگاتە سەرووی 45 ملیار بەرمیل.

کریس ڕۆلاند، بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری نەوتی کە 35 ساڵ شارەزایی لە بواری نەوتدا هەیە و یەکێکە لە بەشدارانی کۆنفرانسەکەی هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "چاوەڕێ دەکەین لە ساڵی داهاتوودا پیشەسازی نەوت لە هەرێمی کوردستان زۆر گەورە ببێ، چونکە پرۆسەکە زۆر بە خێرایی پێشدەکەوێ".

ڕۆلاند گوتیشی "لە ئەمریکا و کۆریا و ژاپۆن کارم کردووە، بەڵام هیچ وڵاتێک شک نابەم هێندەی هەرێمی کوردستان ئەوەندە خێرا لەبواری نەوتدا پێشکەوتبێ. بۆیە کورستان ئێستا بووەتە ناوەندێکی نوێی نەوت لە دنیا".

#### 1700 کۆمپانیای خزمەتگوزاریی نەوت لە کوردستانن

ڕۆن لینز، شارەزای بواری نەوت و یەکێک لە بەشداربووانی کۆنفرانسی نەوت و غاز لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "هەرێمی کوردستان لەبواری نەوت پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و ئێستا لەسەرەتای دەستپێکردنی پیشەسازی نەوتە".

لینز گوتیشی کە ئێستا "1700 کۆمپانیای خزمەتگوزاری لە بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و کاری سەرەکیی ئێمە پێگەیاندنی خەڵکی کوردستانە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 700 کەسمان پێگەیاندووە".

شارەزایەکی کورد لە بواری نەوت ئامادەیی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لەهەرێمی کوردستان بە سەرمایە و هێزێکی گەورە دەزانێ بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان.

عەلی ساڵەیی، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە 30 ساڵ لە ئەمریکا ژیاوە و لەبواری نەوتدا کاری کردووە، پێیوایە ئەوەی هەرێمی کوردستان دەیکات لەبواری نەوت "هەنگاوی گرنگن بۆ ڕزگارکردنی کورد". گوتیشی "ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی لەهەرێمی کوردستانن لە هەر دەوڵەتێکدابن ئەو دەوڵەتە پارێزراوە، چونکە بەرپرسانی هەرە گەورە لە حکومەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا شەریکن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە، یاخود پشکی گەورەیان تێیاندا هەیە، بۆیە قەت ڕێگە نادەن بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانە بکەونە بەر مەترسی".

پۆستە باڵاکان یەکلایی بوونەتەوە

# سەرۆکی حکومەت بۆ پارتی، جێگرەکەی بۆ یەکێتی سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ گۆڕان

**یەکگرتووش داوای پۆستێکی پەرلەمان دەکات**

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هێشتا گفتوگۆ لەبارەی وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەستیپێنەکردووە و لایەنە براوەکان چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی دانوستاندنەکانی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئەنقەرە و بەغدا دەکەن بۆ ئەوەی پۆستەکانی حکومەتی نوێ دەستنیشان بکەن. بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەکانی ئۆپۆزسیۆن و یەکێتییەوە دەستیکەوتوون، هەندێک لە پۆستە باڵاکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران یەکلایی بوونەتەوە.

چەند سیناریۆیەک لە ئارادان بۆ لەتکردنی کێکەکەی حکومەت لە نێوان لایەنەکاندا. یەکێک لە سیناریۆکان گرتنبەری سیستمی خاڵبەندییە وەک ئەوەی لە پێکهێنانی حکومەتەکەی مالیکیدا گیرایەبەر و دووەمیشیان سازانی سیاسی نێوان لایەنەکانە، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "بە دژواری دەبینم سیستمی خاڵبەندی بۆ هەرێمی کوردستان دەستبدات".

فەرید ئەسەسەرد، پێیوایە سیستمی خاڵبەندی بۆ هەلومەرجی کوردستان دەستنادات و دەبێ سازانی نیشتمانی بکرێ، بەڵام دەڵێت "پارتی لەبەردەم دوو ڕێگادایە، یان بۆ پۆستە هەستیارەکان خۆی بەتەنیا بڕیار دەدات، یان لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی و بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنەکان ئەو بڕیارانە دەدات بۆ ئەوەی لە هەندێک ئیحراجی دوور بکەوێتەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان یەکلایی بووەتەوە و یوسف محەممەد، کاندیدە بەهێزەکەی گۆڕانە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "لە بەرامبەردا پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت دەدرێتە یەکێتی و بۆخۆشیان ئەو پۆستەیان پێخۆشە".

سەرەتا پارتی و یەکێتی و گۆڕان پۆستە باڵاکانی وەک سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت دەبڕێننەوە و دواتر پۆستەکانی دیکەی ناو ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبڕێنە سەر مێزی گفتوگۆ چونکە ناتوانرێ هەموو ئەو پۆستانە بەیەک پاکێج باسبکرێن.

بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی تەنیا چاوی لە وەرگرتنی وەزارەتی سیادی و خزمەتگوزاریی حکومەت نییە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەوبارەوە گوتی "ئەگەر بڕیاربێ سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ گۆڕان و یەکێتی یەکلایی بووبێتەوە، ئەوا بێگومان یەکگرتووی ئیسلامیش داوای پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، یان سکرتێری پەرلەمان دەکات و ئەوەشی پێنەدرێ، داوای پۆستێکی نێو ئەنجوومەنی وەزیران دەکات".

د. محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، بڕوای وایە لە نێوان خاڵەبدی و سازانی نێوان لایەنەکاندا، هەر پێوەرێکیان هەڵبژێردرێ "یەکگرتوو مافی ئەوەی هەیە پێداگیری لەسەر یەکێک لەو پۆستانەی ناو ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان بکات". لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ یەکگرتوو پشتیوانی ئەوە دەکات بزووتنەوەی گۆڕان پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، گوتی "هەرچۆن بێت، ئەوە دەبێ بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان بێت و ڕای هەمووی لەسەر بێ".

پێشتریش ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆیان بەراپۆرتێک ئامادە کردووە بۆ سەرمێزی گفتوگۆکان و ڕایگەیاند "مافی وەرگرتنی یەک وەزارەتی خزمەتگوزاری و 2 وەزارەتی ئاساییمان هەیە".

پارتی دیموکراتی کوردستان بە بردنەوەی 38 کورسی پەرلەمان بەبراوەی یەکەم دێ و پاشتر بزووتنەوەی گۆڕان بە بەدەستهێنانی 24 کورسی هێزی دووەمە و ئینجا یەکێتی نیشتمانی کە 18 کورسی پەرلەمانی بردووەتەوە و هێزی سێیەمە. هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی 10 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش 6 کورسییان بەدەستهێناوە. بەو پێیەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان پارتی ڕادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت و لە پارتیشدا نێچیرڤان بارزانی کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت.

بەرپرسانی پارتی ئامادە نەبوون لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکان و پێکهێنانی حکومەتەوە قسە بکەن، لەبەرئەوەی لیژنەی دانوستاندنکاری پارتی لە گفتوگۆدان. بەڵام فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، گوتی "وای بۆدەچم یەکێتی و گۆڕان بەلایانەوە ئاسایی بێ کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت بەوشێوەیە دابەشبکرێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا هەردەبێ لەنێوان سێ لایەنەکەدا سازانێک بکرێ بۆ ئەوەی هەموو پۆستەکان بەبێ کێشە دابەشبکرێن".

سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ یەکێتی ڕازی دەبێ بەو داوایەی یەکگرتووی ئیسلامی لە بارەی وەرگرتنی سکرتێری پەرلەمان یان سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران. فەرید ئەسەسەرد گوتی، هەرچەندە یەکگرتوو ئەو داواکارییە ئاراستەی پارتی دەکات نەک یەکێتی، بەڵام وایدەبینم دواجار پارتی ئەو بابەتە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان دەبڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کۆدەنگی دروست ببێ لەسەر مەسەلەکان".

ئەگەر سیستمی خاڵبەندی بکرێتە پێوەر، ئەوکات کێشە لەبەردەم بەشداریی حیزبە بچووکەکان دروست دەبێ کە ئەوانیش چاویان لە وەرگرتنی وەزارەت و پۆستی گرنگە لەنێو حکومەتدا. لە کاتێکدا بە پێی سیستمی خاڵبەندی هەندێک لەو حیزبانە پۆستی قایمقام تێناپەڕێنن.

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ، هەرچەندە لەگەڵ پارتی ئەو وردەکارییەمان باسنەکردووە "بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە بە مافی یەکگرتوو دەزانین جگە لەو وەزارەتانەی وەریدەگرێ، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران پۆست وەربگرێ". گوتیشی "لەڕاستیدا پێدەچێ ئێمە داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان بکەین، چونکە ئەوەمان دەکەوێ لەو حکومەتەدا کە دەمانەوێ بەشداریی ڕاستەقینەمان هەبێ تێیدا و مەبەستیشمان ئەوەیە هەر بەڕاستی حکومەتەکە بنکەفراوان و هی هەموو لایەنەکان بێ".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2



### "لەیلا زانا ناوبژیوانیی پارتی و پەیەدە دەکات"

**ڕووداو– میللییەت**

بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی میللییەتی تورکیا، لەیلا زانا بە مەبەستی ناوبژیوانی کردن و کۆتایی هێنان بەو گرژییەی کە لە نێوان پارتی و پەیەدە سەری هەڵداوە، سەردانی باشووری کوردستانی کردووە. لەیلا زانا ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی KRP لەم دیدارەدا باس لە پرۆسەی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیا و "یەکخستنەوەی ناماڵی کورد" کراوە، بەڵام بە گوێرەی ڕۆژنامەی میللییەت، زانا بە مەبەستی "ناوبژیوانیکردن لە نێوان پارتی و پەیەدە" سەردانی بارزانی کردووە.



هەفتەی ڕابردوو وەفدی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئەنقەرە کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا باسی گەڕان بەدوای نەوت لە هەرێمی کوردستان و هێڵی گواستنەوەی نەوتی کوردستان کرا، بەڵام ئەو ڕێککەوتنەی وا چاوەڕوان دەکرا لە نێوان هەردوولادا واژوو بکرێت، نەکرا، ئەویش بەهۆی نارازیبوونی حکومەتی عێراق. هەر دوای ئەوە تانەر یڵدز بە سەردانێک گەیشتە بەغدا، بەڵام بەر لەو سەردانە (ڕووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**کەمال ئافچی**
**ڕووداو – ئەنقەرە**

**واژووکردنی ڕێککەوتننامە گرنگ نییە، بەردەوامبوونی پرۆسەکە گرنگە**

## تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا بۆ (ڕووداو)

# پێموایە هەڵوێستی ئەمریکاش لە ڕێککەوتنی ئێمەو هەولێر ئەرێنی دەبێت

**ڕووداو: لەسەر دۆزینەوەی نەوت و بۆرییە نەوتییەکان، واژووکردنی ڕێککەوتنامەیەک لە ڕۆژەڤدایە، ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە چی تێدایە؟**

**تانەر یڵدز:** پێش هەموو شتێک سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زۆر باش و ئەرێنی تێپەڕی، تا ئێستا زۆر ڕێککەوتنمان کردووە، بە تایبەتیش ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق، یان ئەو گرێبەستانەی کە ئێمە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردوومانن، ئێمە هەموو ئەمانە بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانین بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی عێراق، ئەو ڕێککەوتنانەش بەردەوام دەبن و کۆتاییان نەهاتووە، هەروەها چاوپێکەوتن و دیداری دیکەشمان دەبێت. هەوڵەکانمان لە هەر شوێنێکی عێراق جا لە باکووری ئەو وڵاتە بێت یان باشوور، مەبەستمان گەیاندنی نەوت و غازی سروشتی عێراقە بە بازاڕەکانی جیهان.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ براکانمان لە عێراق، هەروەها ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ هەرێم واژوو دەکرێن، نرخدارن، پێشبینیمان ئەمەیە کە هەندێک کەس بڵێن ئەمە زۆرباشە یانیش خراپە، بەڵام ئەمە زۆر ئاساییە. من بە ئاشکرا دەڵێم کە تورکیا دەستەوستان ناوەستێ لە بەرامبەر ئەو سەرچاوانەی نزیکن لێی، عێراق سوود لە سەقامگیری سیاسی کە لە تورکیا بەردەوامە دەبینێ، ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە، شتێکی پێچەوانەی ئەمە نابێت بە خەیاڵی کەسدا بێت. تورکیا یەکێکە لە دەروازە هەرە ئارامەکان بە ڕووی جیهاندا، ئێمەش چاوەڕێین کە لە ڕێگای هێڵە نەوتییەکانی کەرکووک و یومورتالیگ، کە دەروازەی نەوتی خامی تورکیایە و نزیکەی یەک ملیۆن و 500 هەزار بەرمیلە پڕ بکرێت، ئێوە دەزانن ئەو ڕێککەوتنە بۆ 15 ساڵە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە لە هەر شوێنێکی عێراق پەترۆڵ هەبێت دەبێت بخرێتە نێو ئەو هێڵە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم کارە بە شەفافی بکرێت، من لەو بڕوایەدام کە ئێمە چەندە بەڕاستی ئەم مەسەلەیە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵێین ئەمەریکاش ئەوەندە ڕاستییەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، یانیش ئەگەر وڵاتێکی دیکەش بێت من بێگومانم کە لێی تێدەگات، ئەم بابەتەش

**ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و عێراق بۆ 15 ساڵە**

**دەبێ تورکیا ڕێز لە بڕیاری هاوبەشی عێراق و هەرێمی کوردستان بگرێت**

**دەبێ هێڵی گواستنەوەی کەرکووک – یومورتالیگ بە نەوتی کوردستان پڕبکرێتەوە**

زۆر بەڕاست و دروست دەزانێت. بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەش هەوڵەکانمان بۆ بەرژەوەندی ئەو دوو وڵاتە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا زیاتر بەرچاو ڕوونی تێدا بەدی دەکرێت.

**ڕووداو: حکومەتی ناوەندیی عێراق ئەو ڕێککەوتنانە چۆن دەبینێت؟**

**تانەر یڵدز:** ئێمە لە نیازی حکومەتی عێراق تێدەگەین، تاپ (ترانس ئەدریاتیک پایپ لاین- هێڵی جێگرەوەی نابوکۆ کە غازی سروشتی لە ناوچەی دەریای قەزوینەوە بەناو یۆناندا دەگەیەنێتە ئیتالیا) و بە تایبەتیش پێش ئەم تاپە و تۆمارکردنی گرێبەستەکان دەبێ خاوەنی داخوازی بن، کە ئەمیش مافێکی سروشتی خۆیانە لەبەر ئەوەی ئەو داهاتەی کە ئێمە باسی دەکەین مافی هەموو عێراقە، براکانمان لە عێراق هەروەک لە دەستووری ئەو وڵاتەدا هاتووە لەسەر بابەتێک ڕێککەوتوون و بڕیاری هاوبەشیان داوە، دەبێت تورکیا ئەمە قبوڵ بکات، هەر لەسەر ئەم میتۆدەش ڕەفتار بکات کە ئێمەش هەر بەو شێوەیە دەکەین، یانیش بەپێی ئەو بڕیارەی کە حکومەتی ناوەندی عێراق 83% و هەرێمیش 17% بەشیان لە داهاتی وڵاتدا هەیە، هەر بۆیەش خواستی حکومەتی ناوەندی لەسەر کارێکی وا کە لە دەستووری ئەو وڵاتەدا هاتووە ڕەوایە، ئێمە دەبێت ئەو بابەتە بەشێوەیەکی ئاشکرا و شەفاف لەبەرچاو بگرین، ئەگەر لەسەر هێڵی گواستنەوەی نەوتی کەرکووک —یومورتالیگ دەروازەیەکی ناتەواو هەبێت، یانیش دەروازەیەکی بەتاڵ هەبێت، گرنگ ئەوەیە کە ئەمە بەو نەوتەی کە لە هەرێمەکە دەردەهێنرێ پڕ بکرێتەوە، ئەم پەترۆڵە بەبێ پێوان، ئینشائەڵڵا ئێمەش ئەوە دەکەین.

**ڕووداو: سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی دێتە ئەنقەرە، ئەردۆغانیش دەڕواتە بەغدا، پاشان هەولێر. سەردانەکەشتان پەیوەندیدارە بەم مەسەلەیە، ئایا ئەم سەردانەتان کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو پرۆسەیە؟ ئەگەری ئەوە هەیە دوای ئەو سەردانە ڕێککەوتننامەکە واژوو بکرێت؟**

**تانەر یڵدز:** واژوو هیچ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت، ئەم مشتومڕەی کە لەسەر واژووکردن و نەکردنەکەی لە ئارادایە گرنگ نییە. سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ئەنقەرە، بەپێچەوانەشەوە سەردانەکەی بەڕێز ئەردۆغان بۆ بەغدا، پێش هەموو شتێک سەردانەکەی ئێمە و دانیشتنمان لەگەڵ بەڕێز شەهرستانی و مالیکی و کەریم لعێبی، سوودێکی زۆر بە پرۆسەکە دەگەیەنێت، هەروەهاش ئەو دیدار و وتوویژانەی کە لە هەولێر لەگەڵ بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و ئاشتی هەورامی هەر هەموویان گرنگییەکی زۆریان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان دەبێت، من بە تایبەتی دەمەوێت ئەمە بڵێم کە هاوڕێیەتی ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ گەشەی ئابووریی هەردوولامان، بە ویستی خوا ئێمە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەمە باشتر ئەنجام دەدەین.

**ڕووداو: بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە میدیاکان بڵاوبوونەتەوە، ئێوە داواتان کردووە کە داهاتی ئەو نەوتەی دەچێتە تورکیا لە بانکێکی تورکیا دابنرێ، ئایا ئەم هەواڵانە تا چەند ڕاستن؟**

**تانەر یڵدز:** بەڵێ ڕاستە، ئێمە دەمانەوێت چاودێرێکی حکومەتی ناوەندی کە لەلایەن ئەوانەوە دیاری بکرێت لە شوێنی کۆنترۆڵی ڕۆیشتنی نەوتەکە بێت، هەروەها بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش ئەمە بە باش دەزانن، ئەم نەوتەش کە لێرەوە تێدەپەڕێت بۆ نموونە کە چ ڕێژەیەک تێپەڕ بووە 100 بەرمیل بێت، بایی هەزار دۆلار بێت، با بۆ ئەو هەزار دۆلارە لە بانکێکدا حیسابێکی فەرمی بکرێتەوە، پاشان پارەکە لێرەوە بڵاوبکرێتەوە، ڕۆژانە ئەو پارەیە بۆ حکومەتی عێراق دەردەکەوێت بە دروستی. ئێمە دەبێت لەو بابەتە زۆر شەفاف بین.

**ڕووداو: واشنتن چۆن لەو پرۆسەیە دەڕوانێت؟**

**بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێیانباشە داهاتی ئەو نەوتە لە بانکێکی تورکیا دابنرێت**

**تانەر یڵدز:** بێگومان ئەویش دەیەوێت ڕەوشی عێراق زۆر ئاسایی بێت، لەبەر ئەوەی داهاتی عێراق هەرچەندە زیاد بکات عێراقیش بەرەو ئاساییبوونەوە دەڕوات، ئێستا ڕۆژانە عێراق 2 ملیۆن و 700 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، ئەگەر ئەو بڕە بگاتە 7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هەموو عێراق بەرەو ئارامی و خۆشگوزەرانی دەڕوات. من پێموایە کە واشنتنیش هەڵوێستی لەوبارەیەوە ئەرێنی دەبێت، جار جاریش ئاگاداری و لێدوانی جیاجیا لەمبارەیەوە بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئێمە دەبێت سەیری کارەکانی خۆمان بکەین، ئەگەر لە عێراق نەوت و غازی سروشتی بەرهەم بهێندرێت، دەبێت ئەمەش ڕابگەیەنرێت و بڵاوبکرێتەوە. هەروەها بۆ بازاڕەکانی جیهانیش بهێندرێت، تورکیاش دەبێ سوود لەو سەقامگیرییە سیاسییەی خۆی وەربگرێت، نەک تەنیا بۆ وڵات، بەڵکو بۆ ناوچەکەش باشە. ئێستا هەندێک دەوڵەت هەن نەوت دەردێنن، بەڵام ناتوانن بیگەیەننە ئەو وڵاتەی دەیخوازن. چ لەبەر سیاسەتی نێونەتەوەیی خۆیان، چ لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافیان. ئێمە دەبێت لە عێراق ئەمە بکەین، ئەگەر داهاتی بەسرا زیاد ببێت، دەبێ دڵخۆش بین، نەک غەمگین بین، داهاتی عێراق هەرچەند زیاتر بێت، عێراق زووتر ڕەوشەکەی ئاسایی دەبێتەوە، ئەو دەروازانەی لەبەسرا کراونەتەوە بەڕووی جیهاندا زۆر کەمن، ئەگەر ئەمڕۆ توانای ئەو زیاد ببێت دەبێ ئەوە بێتە ڕاگەیاندن.



**هێڵی تاپ شوێنی هێڵی نابوکۆ دەگرێتەوە**

**ڕووداو: تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوە ڕێککەوتنێکی کاتییە، ئایا دەتوانن باسی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی بکەن؟**

**تانەر یلدز:** ئێستا ڕەوشەکە بەو جۆرە نییە کە بڵێین ئەمڕۆ وا دەکەین و بەیانیش شتێکی دیکە دەکەین، هەم لەڕووی سیاسی هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هەمیش لە ڕووی ئابووری، دەبێ چاوی ئێمە لەسەر بەردەوامبوون بێت، ئەوە بۆ داهاتووی ئێمەو منداڵەکانی ئێمەیە، ئێمە دەمانەوێت تێکەڵاویمان لەگەڵ عێراق و لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە گەرمی بەڕێبکەین.

**ڕووداو: نێجیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕۆڵێکی هەیە؟**

**تانەر یڵدز:** هەڵبەت ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری هەیە، لەم بابەتانەدا ئەو بەردەوام هەڵوێستی باش و کاریگەری هەیە، ئەویش کار بۆ ئەوە دەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری گەشەسەندن هەبێت.

**ڕووداو: هەندێ شرۆڤەکار باسی ئەوە دەکەن کە پرۆژەی نابوکۆ مردووە، ئێوە دەڵێن چی؟**

**تانەر یڵدز:** ئێستا بۆ ئێمە کێشە نییە ناوی نابوکۆ بێ یان ناوێکی دیکەی هەبێ، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە هێڵێکی وا بە تورکیادا تێپەڕێ و ئێستا لە پلانی ئێمەدا هەیە هێڵێکی وا بە تورکیادا تێپەڕێت، کە ناوی تاپە. ئەوەی کە دەڵێن هێڵی نابوکۆ مردووە، دەبێ ئەو پرسیارە لە نەمسا بکەن نەک لە تورکیا، چونکە ئێستا تورکیا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دەیخواست.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2

## چالاکوانێکی کورد سەفەرکردنی لێ قەدەخە دەکرێت



**ڕووداو- بۆکان**

ڕەزا شەریفی، چالاکوانی سیاسیی کوردی خەڵکی بۆکان چوونە دەرەوەی وڵاتی لێ قەدەغە کرا. بەپێی ئاژانسی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو چالاکوانە دوای سێ ساڵ زیندانیکردن سێ مانگ پێش ئێستا لە زیندان ئازاد کراوە، پاش ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا سەردانی ئیدارەی گوزەرنامە (پاسپۆرت)ی کردووە، پێی ڕاگەیەندراوە کە بە بڕیاری ئیتلاعاتی ئێران مافی چوونە دەرەوەی لە وڵات لێ قەدەخەکراوە. بەپێی زانیارییەکان ناوبراو نامەیەکی نارەزایی لەو بارەیەوە ئاراستەی حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران کردووە.

### محەممەد گول، گوتەبێژی کۆمیتەی "هەوڵدان بۆ پارتێکی کوردستانی":

# پارتێکی لیبراڵ و سۆسیالیست یان ئیسلامی دانامەزرێنین



**سەیدخان کوریژ**
**ڕووداو- ئامەد**

ماوەیەکە کۆنە ئەندامانی کۆمەڵەی کوردی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (DDKD) خەریکی کارکردنن بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی. مانگی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکیان لە شاری ئامەد سازکرد و لیژنەیەکی 11 کەسییان هەڵبژارد بۆ دامەزراندنی پارتێکی کوردستانی. محەممەد گول، گوتەبێژی کۆمیتەی "هەوڵدان بۆ پارتێکی کوردستانی" باسی دامەزراندنی ئەو پارتە بۆ (ڕووداو) دەکات.

**ڕووداو: ماوەیەک لەمەوبەر بەناوی "هەوڵدان بۆ پارتێکی کوردستانی" ڕاتانگەیاند کە کار بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەکەن، دامەزراندنی ئەو پارتە لە چ قۆناغێکدایە؟**

**محەممەد گول:** هەوڵەکان بە بانگەوازی ئەو 11 کەسە دەستیپێکرد کە لە پەیڕەوانی ڕێبازی (DDKD) بوون. لە کۆبوونەوە فراوانەکەی ئامەد "کۆمیتەی دانوستاندن بۆ پرۆژەیەکی نوێی سیاسی" دروستکرا. ئەوەبوو لە 19 و 20ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، کۆبوونەوەیەکی دیکە سازکرا، لەوێ "هەوڵدان بۆ پارتێکی کوردستانی" دەستیپێکرد. بەڵام چونکە کارەکە لەسەر پێشنیازی کادیرەکانی (DDKD) بوو، بۆیە لەنێو ڕای گشتیدا بەوشێوەیە بڵاوکرایەوە. بەڵام ئێستا ئەو پێناسەیە کۆتایی هاتووە، ئێستا کارەکە وەکو هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پارتێکی کوردی و کوردستانی ناودەبرێت.

**ڕووداو: لە باکووری کوردستان 4 پارت و چەندین ڕێکخراو هەن. بۆچی پارتێکی نوێ، جیاوازی ئێوە و ئەوانی دیکە چییە؟**

**محەممەد گول:** بەڵێ زۆر پارتی دیکە هەن، بەڵام دیسان تاوەکو ئێستا بە ملیۆنان خەڵکی ئێمە دەنگ بە پارتە تورکییەکان دەدەن. هەروەها بە دەیان هەزار کورد هەن کە دەیانەوێ کاری سیاسی بکەن، بەڵام جێگایان لەنێو ئەو پارتانەدا نابێتەوە. لەم دۆخەدا پرسیاری "بۆچی پارتێکی نوێ" مانای نییە. چونکە پێویستییەکی ماددی و مەعنەوی بە پارتێک هەیە کە بتوانێ ئەم خەڵکە لە ئامێز بگرێت و بانگەشەی ئەوە بکات. ئێمە نامانەوێ ببینە پارتی کەسێک، چینێک، ئاینێک یانیش مەزهەبێک. ئێمە دەبینە پارتێکی نەتەوەیی، دیموکراتی، کوردستانی و جەماوەری.

> دەبینە پارتێکی نەتەوەیی، دیموکراتی، کوردستانی و جەماوەری

> ئێستا بە ملیۆنان خەڵکی ئێمە دەنگ بە پارتە تورکییەکان دەدەن

**ڕووداو: دوای کۆبوونەوەکەی ئەم دواییەی ئامەد، ئێوە خۆتان بە "هەوڵدان بۆ پارتێکی کوردستانی" ناوبرد. مەبەستتان چییە لە "پارتی کوردستانی"؟**

**محەممەد گول:** مەبەستمان لە "پارتی کوردستانی" بەردەوامیدانە بە ڕێبازی یەک سەدەی بزووتنەوەی کوردی. کورد ماوەی 100 ساڵە ڕێکخراوی نەتەوەیی دروست دەکەن، واتە ڕێکخراوی جیاجیا دروست دەکەن. ئێمە بوونی وڵاتێک بەناوی کوردستان وەکو بنچینە دادەنێین و دەمانەوێ هەموو نەتەوە، ئاین و کۆمەڵانی خەڵک بەشێوەیەکی یەکسان، ئازاد و ئاشتیانە بەیەکەوە لەسەر ئەم خاکە بژین.

**ڕووداو: ئێوە چۆن سەیری کێشەی کوردستان دەکەن و چیتان هەیە بۆ چارەسەرکردنی؟**

**محەممەد گول:** دوو وڵاتی جیاواز هەن بەناوی باکووری کوردستان و تورکیا. چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا جیاوازە لە کێشەی باکووری کوردستان. چارەسەری دەبێ لەسەر بنچینەی بوونی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان سەیربکرێت. کورد دەبێ بتوانێ لەسەر خاکی خۆی بە ئازادی خۆی بەڕێوەببات. ئێمە فیدراڵییەکی وەکو باشووری کوردستان و دەوڵەتێکی سەربەخۆش وەکو مافێکی ڕەوای کورد دەبینین.

**ڕووداو: بنچینەی فیکریی پارتەکەتان چی دەبێت؟**

**محەممەد گول:** پارتێکی کوردستانی دەبێت، نەک پارتێکی لیبراڵ، سۆسیالیست یانیش ئیسلامی. واتە پارتێکی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت نابێت، بەڵکو پارتێک دەبێت کە ببێتە ئاوێنەی هەموو ئاین، مەزهەب، چینەکانی کۆمەڵگا و گەلانی دیکەی کوردستان. پارتێکی نەتەوەیی- دیموکراتی و جەماوەریی کوردی و کوردستانی.

**ڕووداو: لەماوەی ڕابردوودا کێشە لەنێوان PKK، BDP و PYD و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستبوونە، بۆچوونتان چییە لەبارەی ئەو کێشانە؟**

**محەممەد گول:** ئێمە هەموو ئەو شتانە ڕەتدەکەینەوە کە زیان لە پرۆسەی دیالۆگ، پێکەوەکارکردن و هاریکاریی نێوان کوردان دەدەن. ئێمە لە باکووری کوردستان دەبینین کە دوژمنایەتی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان کارێکی هەڵەیە. ئێمە دروستبوونی هەرێمێکی فیدراڵی لە کوردستان وەکو دەستکەوتێکی مێژوویی سەیردەکەین. هەموو هەوڵێکیش ڕەتدەکەینەوە کە زیان لەو قەوارەیە بدات. هەروەها دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەبێ لەسەر بنچینەی یەکێتی نەتەوەیی بپارێزرێن و پەرەیان پێبدرێت.

**ڕووداو: مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە ئامەد. لەسەر هاتنی بارزانی زۆر بیروڕای جیاواز، زۆر قسەوباس هەبووە. ئێوە چۆن سەیری ئەو سەردانە دەکەن؟**

**محەممەد گول:** ئێمە پێش هاتنی بەڕێز بارزانی بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە و داوامان لە خەڵکی خۆمان کرد کە بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازی لە بەڕێز بارزانی بکەن، ئێمە هەموو ئەو قسەوباسانە ڕەتدەکەینەوە کە سەردانەکەی بەڕێز بارزانی بە نەرێنی هەڵدەسەنگێنن و جەنابی بارزانیش بە هاوکاری ئەردۆغان پیشاندەدەن. بەڕێز بارزانی خاوەن ئەزموونێکی قووڵە، هیچ هەنگاوێک نانێت کە زیان بە گەلی کورد بگەیەنێت. کاتەکە بۆ کورد زۆر هەستیارە. لەسەر ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارتەکان تێکەڵ دەبنەوە، واتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دیزاین دەکرێتەوە. هەر لایەنێکیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی ڕەفتار دەکات. هەرێمی فیدراڵی کوردستانیش لەو هەلومەرجەدا ناتوانێ دەستەوەستان بێت. بەڕێز بارزانی بەهۆی ئەو سەردانەی هەوڵدەدات دەرفەتی نوێ بدۆزێتەوە و هەموو ئەگەرە نەخوازراوەکان کەمبکاتەوە. بۆیە ئەردۆغان و حکومەتەکەی نایانەوێ کێشەی کوردستان لەسەر بنچینەی یەکسانی چارەسەربکەن، دەیانەوێ کات بقۆزنەوە و دووبارە مەرجەکانیان بەسەر کورددا بسەپێنن.

بەڵام کوردی ئێستاش وەکو پێشتر نییە. پەیوەندییەکانی بەڕێز بارزانی و ئەردۆغان پەیوەندی دیپلۆماسین و دەبێ ئێمەش بەوشێوەیە سەیری بکەین.



### سەندیکای پارێزەرانی ئامەد:

## پرۆسەی ئاشتی هیچی لە بارودۆخی زیندانیان نەگۆڕیوە

# هێشتا لە تورکیا زیندان دۆزەخە



**ئۆزەی بوڵوت**
**ڕووداو- ئەنقەرە**

سەندیکای پارێزەرانی ئامەد دەڵێت زیندانیانی پارێزگاکانی وان و مووش ئەشکەنجە دەدرێن و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەو سەندیکایە هەروەها دەڵێت کە دانیشتنەکانی دادگایی زیندانییەکان بۆ شارە دوورەکان دەگوازرێنەوە بۆ ئەوەی ئەوان نەتوانن پشتگیری یاساییان بۆ دابین بکەن.

کۆمیسیۆنی زیندانیانی سەر بە سەندیکاکە دەڵێت سەرەڕای پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئەنقەرە و پارتی کرێکارانی کوردستان، تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر بارودۆخی زیندانیانی کورددا نەهاتووە.

کۆمیسیۆنی زیندانیان لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت "لە 2013/10/28 پێداویستییە کەسییەکانی زیندانیان (کتێب، دەفتەری یادەوەری، وێنە) بە زۆر لە زیندانیانی پارێزگای مووش وەرگیراونەتەوە".

لە هەمانکاتدا زیندانییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی، هەڕەشە و دەستدرێژی بوونەتەوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت "هەندێک لە زیندانییە ئافرەتەکان لە ئەنجامی لێدان و ئەشکەنجەوە تووشی خوێنبەربوون هاتوون".

دەگوترێت هەندێک لە زیندانییە ئافرەتەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی زیندانەکەوە بەسەر زەویدا ڕاکێشراون و یەکێک لە زیندانییەکان لە پەیژەکانەوە فڕێ دراوەتەوە خوارەوە. حەوت زیندانی لە یەکێک لە هەوا دەرکێشەکاندا بۆ چەندین کاژێر حەپسکراون و هەندێکی دیکە لە زیندانیان ڕووبەڕووی لێدان و ئەشکەنجە بوونەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، سەرەڕای ئەوەی کە داکۆکیکاری زیندانییەکان لەوێ ئامادە بووە، بەڵام هیچی نەکردووە بۆ ئەوەی توندوتیژییەکە ڕابگرێت. هەروەها لە مانگی ڕابردوودا کاتێک کە زیندانییەکان ئاگرێکیان کردەوە وەکو پرۆتستۆیەک، بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە بە ئەنقەست کوژاندنەوەی ئاگرەکەیان دواخست، دواتریش ڕێگەیان نەدا تیمی تەندروستی ڕاپۆرتی تەندروستیی زیندانییەکان پێشکەش بکەن.

کۆمیسیۆنەکە ئاماژە بە حاڵەتێکی دیکەی ئەشکەنجە دەکات لە گرتووخانەی وان. لەو زیندانەدا هەندێک لە زیندانییەکان کە لە زیندانێکی دیکە هەڵاتبوون و دواتر هێنرابوون بۆ زیندانی وان، لەوێ ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە. هەروەها لە دادگاش ڕێگەیان پێنەدراوە داکۆکی لە خۆیان بکەن.

ئۆیوک چاکماک، یەکێک لە پارێزەرانی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە سەرەڕای پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر بارودۆخی زیندانیانی کورددا نەهاتووە. گوتیشی "نزیکەی هەموو زیندانییە کوردەکان ڕەوانەی زیندانی جۆری F (تاکە کەسی) کراون لە شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا".

ئەو هەروەها گوتی "هێشتا هیچ زیندانییەک ئازاد نەکراوە وەکو بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو چەندین زیندانی هێشتا لە زیندانەکاندان، هەرچەندە حوکمەکانیان تەواو بووە. ئەمە مانای ئەوەیە کە حکومەتی تورکیا تەنانەت یاساکانی خۆیشی جێبەجێ ناکات".

کاربەدەستانی هەردوو زیندانە بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند کە ئەوان تەنیا فەرمانی وەزارەتی داد جێبەجێ دەکەن و گواستنەوەی زیندانییەکانیش بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵخییە.

زەینەب تەکەر، سەرۆکی فیدراسیۆنی هاوخەمی لەگەڵ کەسوکاری زیندانیان بە (ڕووداو)ی گوت، ئەگەر دەخوازن پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت، حکومەت پێویستە زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکات.

زەینەب دەڵێت "ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان یەکێکە لە مەرجەکانی بزووتنەوەی سیاسی کورد بۆ ئەوەی ئاشتی سەربگرێت. بەڵام حکومەت جگە لە حەوت زیندانیی نەخۆش، هیچ زیندانییەکی سیاسی ئازاد نەکردووە".

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ماردینیش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە دەیان زیندانی سیاسی لە زیندانی ماردینەوە گوازراونەتەوە بۆ زیندانی تەکیرداخ. بەپێی بەیاننامەکە، زیندانییە نەخۆشەکانی بەشی E کە دەبرێن بۆ بینینی دکتۆر، بە کەلەپچەوە لە ژوورێک دادەنرێن بۆ ئەوەی چاوەڕێی دکتۆر بکەن. کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ماردین ئەمە وەکو "ئەشکەنجە و خراپ مامەڵەکردن" لێکدەداتەوە.


سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە وتەیەکیدا هیوای بۆ لێبووردنی گشتی نەهێشتەوە، کاتێک گوتی "لێبووردنی گشتی دەرناچێت. من ئەمەم چەندین جار گوتووە".

ئەردۆغان بەم دواییە و لە وتەیەکیدا لە ئامەد گوتی کە "زیندانەکان چۆڵ دەکرێن و ئەوانەش کە لە شاخەکانن- وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان-، دێنە خوارەوە و دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان.

### بە بەڵگەوە:

# سەعیدی کوردی بەهۆی پشتیوانیی لە شێخ سەعید نەفیکرا

## دەوڵەت بە سەعیدی کوردی ناوی بردووە نەک سەعید نەورسی



**ماشاڵڵا دەکاک**
**ڕووداو- ئامەد**

بەپێی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی تورکیا، سەعید نەورسی (سەعیدی کوردی) یان بەدیعولزەمان پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانی کردووە و بەهۆیەوە لەلایەن دەوڵەتەوە نەفیکراوە. ئیمزای هەریەک لە مستەفا کەمال ئەتاتورک و عیسمەت ئینۆنووش لەسەر ئەو بەڵگەنامەیە هەیە.

پێڕەوانی مەزهەبی سوننی تورک و تورک- ئیسلام، هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە سەعیدی کوردی هەرگیز پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانی نەکردووە و لەدژی وەستاوە. هەروەها نووسەرانیشیان هەمیشە بەهۆی گوتار و پەرتووکەکانیانەوە باسی ئەوە دەکەن کە سەعیدی کوردی دژی شەڕی چەکداری بووە و تاکە داواکاریی ئەو ئیسلام بووە.

بەڵام لەنێو بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی تورکیادا ئەوە ئاشکرابووە کە سەعیدی کوردی بەرگری لە کورد و کوردستان کردووە، پشتگیری ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیشی کردووە و بەو هۆیەوە لەلایەن دەوڵەتەوە نەفیکراوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە ماڵپەڕی بیتلیسنامەدا بڵاوکراوەتەوە، سەعیدی کوردی ساڵی 1929 دوورخراوەتەوە بۆ ناوچەی سپارتا.

بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتەوە لە سپارتاوە دووردەخرێتەوە بۆ کاستامۆنو. لەو بەڵگەنامەیەدا نووسراوە کە سەعیدی کوردی بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ دوورخراوەتەوە.

### دەوڵەتیش به "سەعیدی کوردی" ناوی دەبات

دیارە هەمیشە مشتومڕ لەسەر ناوی "سەعیدی کوردی" هەبووە. زۆر نووسەری نزیک لە جەماعەتی باوەڕمەندان دەیانگوت سەعیدی کوردی هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە و ناوی سەعیدی نورسییە. بەڵام لەو بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کە دەوڵەتی تورکیاش بە "سەعیدی کوردی" ناوی بردووە. سەعیدی کوردی لەنێو پەیڕەوانیشیدا بە "بەدیعولزەمان" ناوی دەهێندرێت.

## مالیکی دەچێتە ئێران



**ڕووداو- بەغدا**

عەلی موسەوی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کۆتایی ئەم هەفتەیە نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات. موسەوی ئاماژەی بەوەدا کە لە سەردانەکەیدا بۆ ئێران، مالیکی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتەدا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و مەسەلەکانی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن سەرەڕای پێشکەشکردنی پیرۆزبایی بە حەسەن ڕوحانی، سەرۆکی ئێران بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەیدا.

## یەکێک لە داواکارییەکانی یەکگرتووی ئیسلامییە

# داوا دەکرێ حیزبە بچووکەکان لە حکومەت بەشدار نەکرێن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وادەردەکەوێ گفتوگۆی وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەت سەربکێشێ بۆ چەند داواکارییەکی دیکە کە چاوەڕوانکراو نەبوون لای ئەو حیزبانەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئەیلولی ڕابردوویان بەدڵ نییە و خۆشیان ئامادە کردووە بچنە نێو حکومەتەوە، چونکە یەکگرتووی ئیسلامی لەو گفتوگۆیانەدا داوای حکومەتێک دەکات کە تەنیا پێنج لایەنە سەرەکییەکە لەخۆبگرێ.

ئەم داخوازییە، نیگەرانیی لای هەریەک لە حیزبی شیوعی، سۆشیالیست و زەحمەتکێشان دروستکردووە لەوکاتەی زەحمەتکێشان و شیوعی چاوەڕوانی سەردانی نێچیرڤان بارزانی دەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و پرسی بەشداریکردنی ئەوان لە حکومەت باسبکەن. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان دەڵێت "پێویستە یەکگرتوو بەناوی ئێمەوە قسە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی نەکات".

بەهمەن حوسێن، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی دەڵێ بیستوویانە کە یەکگرتووی ئیسلامی ئەو داواکارییەی خستووەتە بەردەم نێچیرڤان بارزانی.

گوتیشی "ئەوە داوایەکی دروست نییە، یەکگرتوو ناتوانێ و مافی ئەوەی نییە بەناوی ئێمەوە قسە بکات لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ



لایەنی براوەی هەڵبژاردن، بەڵکو پێویستە تەنیا ئەو گفتوگۆیە بکات کە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە". دەگوترێ لەکاتی دانیشتنی محەممەد فەرەج، ئەمینداری یەکگرتوو لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، ئەوە یەکێک بووە لەو خاڵانەی کە پێشنیازی کردووە بۆ حکومەتی داهاتوو.

بەهمەن حوسێن گوتی جارێ ئەوان گفتوگۆیان لەگەڵ نەکراوە و ڕوون نییە ئاخۆ بەشداری لە حکومەت دەکەن یاخود نا، "پێدەچێ یەکگرتوو هەر لەئێستاوە هەڵپەی ئەوەی بێ هێزەکانی دیکە بەشدار نەکرێن، نابێ پەلە لەو جۆرە داواکارییانە بکەن".

پرۆسەی دانوستاندنی پێکهێنانی کابینەی نوێ هێشتا قۆناغی لەدەرگادانی لایەنە براوەکانی تێنەپەڕاندووە، بەڵام هەرزوو لێدوانەکانی بەرپرسانی پارتی و یەکێتی، پەیکەری داهاتووی حکومەتیان ئاشکراکرد کە نیازی پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان لە ئارادایە.

ئارەزووی یەکێتی لەوبارەیەوە لە زمانی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لەتیف شێخ عومەر دەرکەوت کە گوتی "دەمانەوێ حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانی پێکبهێنرێ و هەموو لایەنەکان بەپێی قەبارە و سەنگی خۆیان بەشدارییان پێبکرێ". هەرچی کۆمەڵی ئیسلامیشە، هەمان بۆچوونی یەکێتی هەیە و ڕەتیدەکەنەوە کە داوایان کردبێ حیزبە بچووک و یەک کورسییەکان بخەنە دەرەوەی پرۆسەکە

"ئێمە داوای لەو جۆرەمان نەبووە و داواشی ناکەین، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ حکومەتەکە هەمووانی تێدا بن، بەڵام بەپێی قورسایی خۆیان". عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی وایگوت.

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ، مادام داواکاریی لەسەر ئەوەبێ کە بەپێی سیستمی خاڵبەندی حکومەتەکە پێکبهێنرێ، ئەوا هەر لایەنێک دەتوانێ لەناو حکومەت بێ، بەڵام بەپێی قورسایی و دەنگەکانی خۆی "دەکرێ وەزیریان پێنەدرێ، بەڵام هەندێک دەستە هەیە کە لە ئاستی وەزیردان و گرنگن، بۆیە ئاساییە بەو دەستانە بەشدارییان پێبکرێ لە حکومەتدا".

ئەو لایەنانەی کە یەکگرتووی ئیسلامی داوای کردووە نەهێنرێنە نێو حکومەت، پێشتر خۆیان ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر وەزارەتیشیان پێنەدرێ بەشداریی لە حکومەت دەکەن. کەمال سابیر، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان گوتی "بەشداری لە حکومەت دەکەین و وەزارەتیشمان نەدەنێ هەر دەچینە حکومەتەوە، بەڵام دەزانین کە پارتی وەزارەتمان دەداتێ و هەر وەزارەتی کارەبامان پێدەدرێتەوە".

لە سێ کابینەی ڕابردوودا، سۆشیالیست و شیوعی و زەحمەتکێشان بەشداریی حکومەتیان کردووە و بەبێ ڕەچاوکردنی دەنگ و کورسییەکانیان لە هەڵبژاردندا، پۆستی وەزارەتیان پێدراوە.

یەکگرتوو لە کاتێکدا ئەو بەربەستە لەبەردەم چوونە ناو حکومەتی ئەوان دادەنێ کە 4 ساڵ لەمەوبەر و لە هەڵبژاردنی 2009دا لەگەڵ سۆشیالیست و زەحمەتکێشان هاوپەیمانییەکی پێکهێنا و لیستی چاکسازی و خزمەتگوزارییان دروستکرد.

بزووتنەوەی ئیسلامی یەکێکە لەو حیزبە بچووکانەی کە 20 هەزار دەنگی هێناوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە ڕەتیدەکاتەوە کە یەکگرتوو لەو پەیامە مەبەستی ئەوان بووبێت و دەڵێ "لەگەڵ یەکگرتوو ڕێککەوتووین باسی ئێمە نەکەن، ئەوەندە بێ ئینساف نین داواکاری وا لەدژی ئێمە بەرز بکەنەوە".

ئەنوەر عەنەبی، هەروەها گوتی "ئێمە دەزانین ئەوە داواکاری بزووتنەوەی گۆڕانە نەک یەکگرتوو، ئێمە ئامادەین بۆ چوونە ناو حکومەت و لەو بڕوایەداین ئەمجارە زیاتریشمان پێدەدرێ، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف وەرناگرینەوە و وەزارەتی دیکە داوا دەکەین".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی نایشارێتەوە کە داواکاری لەو جۆرەیان هەبووە و دەشڵێت ئەوە لە پێناوی ئەوە بووە کە "مۆدێلێکی نوێ بۆ حکومەتەکە بێتە پێشەوە و جیاواز بێ لە کابینەکانی پێشوو".

د. موسەننا ئەمین گوتیشی لە پێشوودا هەر لایەنێک نزیک بووبێ لە لایەنەکانی دەسەڵات وەزارەتی پێدراوە بەبێ ڕەچاوکردنی قورساییەکەی "داوا دەکەین ئەوە نەمێنێ و بەگوێرەی قورسایی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ". د. موسەننا ئەمین، پێشیوایە ئەگەر هەر سوور بن لەسەر ئەوەی بەشدارییان پێبکرێ "با لە خوار وەزارەتەکانەوە بەشدارییان پێبکرێ".

## محەممەد حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان:

# تاوەکو ئێستاش نازانین دەنگەکانمان لەو هەڵبژاردنە چەند بوو



### ئامادەین شەڕ لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوت بکەین

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لە ماڵەکەی خۆی، کە قەراخی خانووەکەی بەرەنگی شینی تۆخ لە هەموو خانووەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، لە یەکێک لە ژوورەکانی پێشوازیدا ستایلێکی تەواو ڕۆژهەڵاتیانەی هەیە و بە ئایپادەکەیەوە سەرقاڵە. محەممەدی حاجی مەحموود، تەواو پێچەوانەی ئەو وێنەیەی لەزەینی خەڵکیدا هەیە، کاتەکانی حەوانەوەی بە لاپتۆپ و نووسین و خوێندنەوەی کتێبەوە بەسەردەبات. ڕووخساری ئەمجارەی جیاواز بوو لەهەموو جارەکانی دیکە، بەڵام لە درێژەی وتووێژەکەدا دەرکەوت، هێشتا نیگەرانی ئەو دەنگە کەمەیە کە حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی ئەیلولی ئەمساڵدا بەدەستی هێنا.

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان کە بەشێک لە کادرەکانی خۆیشی ئەو ناوە بەکارناهێنن و هەر دەڵێن (حسک)، پێیوایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەگەڵ مێژوو و خەباتی ئەواندا یەکناگرێتەوە، هەر ئەوەش وای لێکردووە لیژنەیەکی بەخۆداچوونەوە پێکبهێنێ و خۆی سەرپەرشتی بکات و دەڵێ ئەو ئەنجامانەی لیژنەکە بەدەستیانهێناوە، دەریدەخات لەبەر چەند هۆیەک ئاستمان دابەزیوە "نەمانتوانی بانگەشە بکەین و تاوەکو پارەمان پەیداکرد 5 ڕۆژی مابوو بۆ هەڵبژاردن، ئیمکاناتمان نییە و ماوەی ساڵێکە 1000 کادرمان مووچەیان وەرنەگرتووە، ململانێکانی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان، کاریگەریی لەسەر ئێمەش دروستکردووە".

ناوبراو دەڵێ "تاوەکو ئێستا خۆشمان نازانین دەنگەکانمان چەند بوو لەو هەڵبژاردنە"، هۆیەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی "کۆمسیۆن هەر ڕۆژە و ژمارەیەکمان پێدەڵێن، داوامانکردووە پێمان بڵێن، کەچی ڕاپۆرتێکیان پێداوین 50 لاپەڕە دەبێ هەر لێی تێناگەین".

بەبڕوای محەممەدی حاجی مەحموود، هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمان گۆڕانێکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو دروست نەکردووە و تەنیا گۆڕانێک لە زیاد و کەمبوونی دەنگەکانی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕاندا بووە "ئەو دەنگانەی یەکێتی هەیبوو چووە بۆ گۆڕان، واتە جێگۆڕکێی دەنگەکانە و هیچی تر". هەروەها دەڵێ "لەساڵی 1992 شدا لەنێوان یەکێتی و پارتی یەک کورسی جیاوازی هەبوو، ئێستاش هەروایە و جەماوەر و دەنگدەری یەکێتی و گۆڕان یەک جەماوەرن. لەساڵی 1992یش ئێمە هەر کورسییەکمان پێنەهات".

محەممەدی حاجی مەحموود قسە لەبارەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت دەکات و پێیوانییە پرسێکی ئەوەندە ئاڵۆز بێت "لەوانەیە لە کۆتاییدا کەس نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئۆپۆزسیۆن، هەمووی حەزی لێیە لەناو حکومەت بێ". محەممەدی حاجی مەحموود، ترسی پارتی لە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت کەمدەکاتەوە و پێیوایە ناکشێنەوە تاوەکو ئەوکاتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیک دەبێتەوە "ئەوکاتە دەنگە تووڕەکەیان بەرز دەکەنەوە و لە حکومەت دەکشێنەوە، چونکە ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردندا دەیکاتە هاواری نارەزایەتی، بەبۆچوونی من ساڵێک پێش کۆتایی هاتنی تەمەنی حکومەت گۆڕان دەکشێتەوە".

چەند سیناریۆیەک لەبەر چاون بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو کە دیارترینیان حکومەتی بنکە فراوانە بە بەشداریی هەموو لایەنەکان. سکرتێری حیزبی سۆشیالیست وای دەبینێ کە پارتی دواجار حکومەتەکە بەشێوەیەک پێکبهێنێ "ئەگەر گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵیش لەناکاو بڕیاری کشانەوە بدەن، کێشەیەی یاسایی بۆ دروست نەبێت و بەردەوام بێ".

هێشتا نێچیرڤان بارزانی، سەردانی سۆشیالیست و زەحمەتکێشانی نەکردووە، بەڵام سەردانی تورکیا و پرسی واژووکردنی گرێبەستە نوێیەکەی نەوت هاتە بەردەمی. قسەکردن لەسەر نەوت تەوەرێکی دیکەی ئەو وتووێژەیە لەگەڵ محەممەدی حاجی مەحموود کە پێیوایە ناردنە دەرەوەی نەوت لەرێگەی بۆرییەوە "کارێکی زۆر پیرۆزە و دەبێ هەموو لایەنەکان پشتیوانی لێبکەن، چونکە ئەوە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی قۆناغی سەربەخۆیی دەستپێبکات". گوتیشی "ئێستا ئێمە نزیک دەبینەوە لە سەربەخۆیی".

بەبڕوای ئەو، ناردنە دەرەوەی نەوت لەو شانازییە گەورەترە کە سەددام حوسێن بە خۆماڵیکردنی نەوتەوە دەیکرد و دەڵێ "ئەمە زۆر گەورەترە، چونکە ئێمە دەوڵەتمان نییە، ئاڵای دانپێدانراومان نییە، جگە لەوەش، کۆمپانیاکانی ئەوکات پارەیەکی کەمیان دەدایە عێراق و بۆخۆیان دەیانبرد، بەڵام ئەمە جیاوازە"، هەربۆیە دەڵێ "ئێمە بە هەنگاوێکی گەورە و ئازایانەی دەزانین و نەک پشتگیری لێدەکەین، بەڵکو ئامادەین شەڕیشی لەسەر بکەین و پیرۆزبایی لە سەرۆکی حکومەت و خەڵکی کوردستان دەکەین". گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە کە تورکیا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ، زیاتر بە هاتنە سەرکاری حیزبەکەی ئەردۆغان دەستیانپێکرد، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دەڵێ، چەند ساڵێک لەوەوبەر ئەو یەکێک بووە لەوانەی داود ئۆغلوی وەزیری دەرەوەی تورکیای بینیوە و پێیگوتوون "لە بەرنامەی داهاتووی ئەواندا، سوپا هەژموونی نامێنێ و قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات". پێش ئەوەی پەیوەندی بە حیزبی سۆشیالیستەوە بکات، محەممەدی حاجی مەحموود، یەکێک بووە لە فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی نیشتمانی، لەو ساڵانەی دواییشدا یەکێک بووە لە دۆستە نزیکەکانی تاڵەبانی. ئێستا کە قسە لەسەر بارودۆخی یەکێتی دەکات پێیوایە "بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە یەکێتی باجێکی زۆری داوە و دەبوو ئەوەی نەکردایە". پێشیوایە هەم پارتی بەدوای جێگرەوەی یەکێتیدا دەگەڕێ و هەم یەکێتیش بەدوای چارەسەرێکی گونجاودا دەگەڕێ بۆ دۆخی ئێستای نێوخۆیی.

ناوبراو دەپرسێ، کاتێک پارتی گۆڕان دەکاتە جێگرەوەی یەکێتی، ئایا یەکێتی دەچێتە پێشەوە بۆ ئەوەی دەوروتەسلیمی پۆستەکانی سلێمانی لەگەڵ بکات؟ ئەو دەڵێت "باوەڕ بەوە ناکەم". ئینجا دەڵێ، جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان، پۆستی یەکێتین و پارتیش هەرزوو گوتوویەتی مامەڵەی کورسی لەگەڵ یەکێتی ناکەین "بەڵام من پێموایە دواجار گۆڕان هەر لەسەر حسابی یەکێتی پۆست لە حکومەت و پەرلەمان وەردەگرێ نەک لەسەر حسابی پارتی، بە هیچ بارێکدا پارتی زەرەر ناکات، ڕەنگە لە بەشی خۆی بریکاری وەزیرێک بداتە یەکێتی، بەڵام ئەوە موجامەلەی پارتییە بۆ یەکێتی".

## سەرۆکە نوێیەکەی چاوەڕێی پەرلەمانە بۆ سوێندخواردن

# نەزاهە و چاودێریی دارایی کارا دەکرێن

**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکە نوێیەکەی دیوانی چاودێری دارایی کە هێشتا دەستبەکار نەبووە و سوێندی یاسایی نەخواردووە، دەزانێ کە خەڵک پێیانوایە دیوانی چاودێری دارایی وەک پێویست ڕۆڵی خۆی نەبینیوە، بۆیە دەڵێ "لە بەرنامەمدایە ئەو دیوانە زیندوو بکەمەوە". سەرۆکی دیوانەکەش لە سلێمانی دەڵێ "خەڵک لە ڕاپۆرتەکانی ئێمە تێنەگەیشتوون، مەرج نییە هەموو ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەبێ".

ڕۆژی 2013/6/18 لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا، خالید هادی چاوشلی، وەک سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان کرا، بەڵام وەک خۆی باسیکرد، بەهۆی پشووی هاوینەی پەرلەمان و دواتریش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە فریای سوێندخواردن نەکەوتووە.

خالید چاوشلی دەڵێ "لە دانیشتنی سێیەمی پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخۆم و بەرنامەم هەیە دیوان زیندوو بکەمەوە". گوتیشی کە ئەوان فەلسەفەی تایبەت بە خۆیان دەبێ بۆ بێلایەنی و کارکردن بەشێوەیەکی جددی و بەڕێوەبردنی دیوانی چاودێری دارایی "بەڵێنم داوە هەرچیم پێبکرێت لەو پێناوەدا دەیکەم".

زیاتر لە ساڵ و نیوێکە کارمەندانی دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە بێکارن و نازانن کاریان چییە. نازەنین ئەحمەد، سەرۆکی دەستەی پێشکەوتوو لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی کە ماوەی چەند ساڵێک سەرپەرشتی دەستەکانی پشکنینی کردووە، دەڵێ "لەوەتەی ئێمە کارناکەین و وەستاوین، کاری گەندەڵی و نایاسایی دووقات بووە".

زۆر فەرمانبەری دیوانەکە ئاماژە بۆ دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پێشوو، جەلال سام ئاغا دەکەن کە بەبڕوای ئەوان هۆکارێکی سەرەکی پەراوێزخستنی دیوان بووە لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام خالید چاوشلی دەڵێ پەنا بەخوا دوای ئەوەی سوێندمان خوارد، دەستبەکار دەبین و بەدواداچوونەکانمان دەستپێدەکەین و بە هەموو ڕاپۆرتەکانی 2013دا دەچینەوە.

دوو هەزار و 720 ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لە پەرلەمانی کوردستانە، ژمارەیەک ڕاپۆرتیش لای سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانە لە هەولێر و 50 ڕاپۆرتی دیکەش هێشتا ئیمزای سەرۆکیان ماوە.

ئەحمەد ئەمین ڕەشید، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی کە ماوەی زیاتر لە 6 مانگە لە شوێنی جەلال سام ئاغا، دەستبەکار بووە، هۆی کەمبوونەوەی ئیشوکارەکانیان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتێکی کەمیان پێدراوە، بۆیە دەستەکانی پشکنین دەرناچن و ماوەی ساڵ و نیوێکە وەستاون.

کاتێک هادی ڕەحمانی، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە هەولێر دەستی لەکارکێشایەوە، دیوان لە سلێمانی سەرۆکی نەبوو ئیمزا لەسەر ڕاپۆرتەکانیان بکات. دواتر بە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی ڕەحمانی و وەستانی ئیشوکارەکانی دیوانەوە، ئەو ڕاپۆرتانە بە ئیمزا نەکراوی مانەوە.

ئەحمەد ئەمین، لە بارەی ئەو ڕاپۆرتە ئیمزا نەکراوانەوە، ئاماژە بۆ هادی ڕەحمانی، سەرۆکی پێشووی دیوان دەکات و دەڵێ "کاک هادی ئیمزاکانی بردبووە لای خۆی و دەسەڵاتی نەدابووە کەسی دیکە". هەروەها دەڵێ، خەڵک لە کاری ئێمە بەباشی تێنەگەیشتوون و وادەزانن هەموو ڕاپۆرتێکی ئێمە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەیە "نەخێر، لەوانەیە ئەو دوو هەزار و 700 ڕاپۆرتەی ئێمە تەنیا هەندێکیان پەیوەندییان بە گەندەڵییەوە هەبێ، تەنیا 84 دۆسیەی گەندەڵی لەو دوو هەزار و 700 ڕاپۆرتە چوونەتە دادگا، بەشێک لە ڕاپۆرتەکان لەسەر کێشەی هونەرییە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا نەک گەندەڵی".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لەسەرچاوەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنەوە دەستیکەوتوون، لایەنەکان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، گفتوگۆیان لەسەر کارنامەی حکومەتە نوێیەکە کردووە و ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کارنامەیەکی هاوبەش ئامادە بکەن کە زیندووکردنەوەی دیوانی چاودێریی دارایی و کاراکردنی دەستەی نەزاهەش لەخۆدەگرێ.

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەوبارەوە گوتی "بەدڵنیاییەوە ئێمە لەکارنامە هاوبەشەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دیوانی چاودێری دارایی و نەزاهە کارا بکرێن و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان ببینن".

دەستەی نەزاهەش کە ماوەی 6 مانگە سەرۆکی بۆ دیاریکراوە، لە کابینەی هەشتەمدا وەک دەستەیەکی سەربەخۆ دەستبەکاردەبێ و فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی وەزیر و بەرپرسانی دیکە دابەشدەکات.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نێچیرڤان بارزانی بەڵێنیداوە دیوانی چاودێری دارایی زیندوو بکاتەوە. کە ئەمە خواستی ئۆپۆزسیۆنیشە.

# مشعان جبووری هەوڵی یەکخستنی عەرەبەکانی کەرکووک دەدات



**ئاسۆ فیشەکی**
**رووداو- هەولێر**

عەرەبەکانی شاری کەرکووک خەریکی ئامادەکارین بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا زۆربەی کورسییەکانی ئەو شارە بۆ خۆیان ببەن، ئەویش لەڕێی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی عەرەبی کە ئێستا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا کاری بۆ دەکەن.

بەپێی زانیارییەکان، هەریەک لە مەشعان جبووری، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق و خەمیس خەنجەر، سەرمایەداری عێراقی هەوڵی یەکخستنی عەرەبەکانی کەرکووک دەدەن لە رێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەک کە هەموو عەرەبەکانی کەرکووک لەخۆبگرێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق کە بڕیارە لە 30ی نیسانی 2014 بەڕێوەبچێ.

بەپێی ئەو زانیارییانە، رۆژی یەکشەممە 2013/12/1 کۆنفرانسێک بۆ ئەو مەبەستە بە بەشداری دەیان کەسایەتی و سیاسەتمەداری عەرەبی کەرکووک لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەڕێوەچووە و لێژنەیەکی سێ کەسی بە ناوەکانی عەبدولڕەحمان مونشد عاسی، ئیسماعیل حەدیدی و تەلاڵ رەفعەت عوسمان گەشتی کەسایەتییە عەرەبەکانیان بە قافڵەیەکی تایبەت بۆ تورکیا رێکخستووە.

عەرەبەکانی شاری کەرکووک کە لە هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ چەند لایەنێکی تورکمانی بە یەک لیست دابەزین، توانییان 6 کورسی لە 12 کورسییەکەی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق بەدەستبهێنن.

## دوو لیستی عەرەبی لە کەرکووک

عومەر جبووری، پەرلەمانتاری عەرەبی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئەو کۆنگرەیەی دوێنێ (یەکشەممە) لە ئەنقەرە بەسترا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمە دووەم کۆنگرەی لەوجۆرەیە لە تورکیا کە بۆ هەمان مەبەست بە بەشداری چەندین کەسایەتی و سیاسەتمەداری عەرەبی کەرکووک دەبەسترێ، هیوادارم ئەم کۆنگرەیە بتوانێ رێگە خۆشبکات بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لە کەرکووک بۆ راگەیاندنی لیستێک بۆ عەرەبی کەرکووک کە جێی رەزامەندی هەموو لایەنە عەرەبییەکانی کەرکووک بێ".

عومەر جبووری بەدووری زانی ئەوانەی ئێستا لە تورکیان بتوانن لەوێ لیستێکی یەکگرتوو لە عەرەبی کەرکووک پێکبهێنن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو "چونکە دروستتر وایە ئەو لیستە لە کەرکووک رابگەیەندرێ نەک لە وڵاتێکی بیانی، هەرچەندە دوای هاتنەوەی بەشداربووانی کۆنگرەی ئەنقەرە کە ژمارەیان نزیکەی 150 کەسایەتییە، بڕیارە لەگەڵ ئەو لایەنانە کۆببنەوە کە لەبەر چەند هۆکارێک بەشدارییان لەو کۆنگرەیە نەکردووە بۆ رێککەوتن لەسەر شێوە و سەرۆک و ئەندامانی ئەو لیستەی کە بڕیارە بۆ عەرەبی کەرکووک پێکبهێنرێ".

ئەو پەرلەمانتارە عەرەبەی کەرکووک زیاتر گوتی "بەهۆی سیستمی (سانت لیگۆی هەموارکراو)ی هەڵبژاردنەوە کە زیاتر لە بەرژەوەندی لیستی بچووک و مامناوەندە، پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو لە عەرەبی کەرکووک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن هەڵەیە، بۆیە پێشبینی دەکەم عەرەبی کەرکووک بەدوو لیست بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق بکەن".

بەپێی زانیارییەکان، چەندین کەسایەتی سیاسی دیاری شاری کەرووک رەتیانکردووەتەوە بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکەن کە بڕیارە ماوەی سێ رۆژ بخایەنێت، لەوانەش شێخ ئەنوەر عاسی، شێخ ئیبراهیم مهێری و شێخ عەلی حەمدانی، هەروەها سەرجەم پەرلەمانتارە عەرەبەکانی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و زۆرینەی سەرۆک هۆز و عەشیرەتە کاریگەرەکانی ئەو پارێزگایە.

## عاسی: لەسەر سەرۆکی لیستەکە رێکنەکەوتوون

لای خۆیەوە بورهان موزهیر عاسی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە گردبوونەوەی کۆماری عەرەبی بە (رووداو)ی راگەیاند "هەرچەندە پێشتر داوەتی کۆنگرەی ئەنقەرە کرام، بەڵام بەشداریم نەکرد، چونکە دیاریکردنی ئەنقەرە بۆ سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە بە گونجاو نازانم، ئەگەر هۆکارەکە ئەوەبێ کە خەمیس خەنجەر ناتوانێ بێت بۆ عێراق، خۆ دەکرا کۆبوونەوەکە لە هەرێمی کوردستان بکرێ، لەکاتێکدا خەمیس خەنجەر دەتوانێ سەردانی هەرێمی کوردستان بکات".

عاسی گوتیشی "عەرەبی کەرکووک هێشتا رێکنەکەوتوون چ کەسایەتییەک سەرۆکایەتی لیستی یەکگرتووی عەرەبی بکات بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو".

ئەمە لەکاتێکدایە مشعان جبووری، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق کە نیشتەجێی سووریایە و خاوەن کەناڵێکی ئاسمانییە لەو وڵاتەوە پەخش دەکات، پێشتر بە (رووداو)ی راگەیاند "لەبەر بەبازاڕیکردنی هەڵبژاردن و پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی لە عێراق، بڕیارمدا سەرۆکایەتی هیچ لیستێک نەکەم و خۆم لیستێکی گەورە لەلایەنە عەرەبییەکانی کەرکووک پێکبهێنم بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق".

گوتیشی کە "ئەو لیستە نابێتە هاوپەیمان لەگەڵ هاوپەیمانییەکەی ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، چونکە نوجێفی هاوپەیمان و هاوبەشی هاوپەیمانی کوردستانییە و جێی متمانەی ئێمە نییە".

جبووری کە پێشتر بەتۆمەتی گەندەڵی و بەبڕیاری دادگا ئەندامێتی پەرلەمانی لێسەندرایەوە، پێش ئەوەی ئەو بڕیارە پووچەڵ بکرێتەوە، گوتیشی "لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراقدا ئاشکرا دەبێت کێ لە لایەنە عەرەبییەکان سیخوڕی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکانە و کێ نیشتمانپەروەرە".



**عەبدولڕەحمان سدیق ***

asidiq1962@yahoo.com

# ئەی رەقیب و ئیمان

سروودی نیشتمانی پارچە مۆسیقایەکی نیشتمانیی دانپێدانراوە کە بە وشەکانی خەباتی گەل و کەلتووری کۆمەڵگەو مێژووی وڵاتێک بەرز رادەگرێت و حەماسەت بەگیانی نیشتمانپەروەری و خۆشویستنی نیشتمان دەدات.

سروودی نیشتمانی یان لە برگەیەکی دەستووری وڵاتدا یان بە یاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانەوە، یان لەڕێگەی عورف و نەریتی کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێت. سروودی نیشتمانی یان بەزمانی فەرمیی وڵات دەبێت، وەک زۆربەی وڵاتان. یان بەزمانێکی دیکە دەبێت وەک سروودی نیشتمانیی هیندستان (جانا گانا مانا) کە بەزمانی سەنسکریتی بەنگالییە. یان بەگشت زمانەکانی وڵاتەکە دەبێت وەک سروودی نیشتمانیی سویسرا. یاخود وەک سروودی نیشتمانیی کەنەدا دەبێت کە وشەکانی بە زمانە فەرمییەکانی (ئینگلیزی) و (فەرەنسی)یە.

**جیاوازیی نێوان سروودی نیشتمانی و گۆرانیی نیشتمانی:**

**یەکەم:** لەڕووی (کات)ەوە سروودی نیشتمانیی هەر وڵات و هەرێمێک، هاوکاتە لەگەڵ رووداوێکی سەرەکیی گرنگدا وەک راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵات و گوزارشت لەو سەردەمە دەکات، بەڵام گۆرانی نیشتمانی زادەی رووداوە لاوەکییەکانە و هی سەردەمەکانی دوای ئەو رووداوە سەرەکییەیە و دواتر دێتە ئاراوە.

**دووەم:** لەڕووی (گوتن)ەوە، سروودی نیشتمانی هەمیشە بەکۆراڵ دەگوترێتەوە، بەڵام گۆرانیی نیشتمانی دەکرێت بەتەنیا کەسێک یان بەکەسێک و کۆرس یان بە کۆراڵ بگوترێ.

**سێیەم:** لەڕووی (ناوەڕۆک)ەوە، سروودی نیشتمانی پڕ لەشکۆ و حەماسەت و هاندان و زیادەڕەوییە لە خۆشەویستی بۆ نەتەوەو نیشتمان، بەڵام گۆرانیی نیشتمانی باس لە جوانی و بەهاو لایەنە ناسکەکانی نیشتمان دەکات.

**چوارەم:** لەڕووی (ئاواز)ەوە، سروودی نیشتمانی ریتمێکی سەربازیانەی هەیە، بەڵام گۆرانیی نیشتمانی ئاوازێکی میلۆدیی هەیە.

پێنجەم: لەڕووی بەراوردکردنەوە، هەموو سروودێکی نیشتمانی گۆرانییەکی نیشتمانییە، بەڵام هیچ گۆرانییەکی نیشتمانی نابێتە سروودی نیشتمانی.

## سروودی ئەی رەقیب:

**یەکەم:** ئەی رەقیب واتە ئەی ناحەز ئەی رکابەر، نەک رەقیب بەمانای ناوی (الرقیب)ی پیرۆزی خودا!! بۆیە بەردەوام لەئەدەبیاتی کوردیدا شاعیرانی کوردی موسڵمان کە زۆربەیان شێخ و مەلا و حاجی بوون وشەی رەقیبیان بەو مانایە بەکارهێناوە، ئەوەتا (ئەحمەد موختار بەگی جاف) دەڵێت:

**رەقیبی سەگ هەتا چاوم کەلا کرد**
**منی دووچاری سەد دەرد و بەڵا کرد**
**(نالی) دەڵێت :**
**رەقیب و مودەعیی فیتنە و عیلاجی چاوی جادووتن**
**لەگۆشی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن**

**یەکەم:** دەستەواژەی دانەری تۆپی زەمان مەبەست لێی تۆپی ئەو سەردەمە بووە کە دژی کورد بۆ کوردقڕان بەکاردەهێنرا، بۆیە نابێت مەبەستی شاعیر لەدانەری تۆپی زەمان خودا بێت!!

**دووەم:** دەستەواژەی (دینمانە ئاینمانە هەر نیشتمان) گوزارشتە لە (گشت)ێک بە (بەش)ێک لێی، وەک دەستەواژەی (الحج عرفە)، دیارە کە (عەرەفە) بەشێکە لەحەج نەک هەموو حەج عەرەفە بێت، بەڵام لەبەر گرنگیی (عەرەفە) هەموو حەجی پێ پێناسە دەکرێت. هەروەها وەک (الدین النصیحە) یان (الدین المعاملە)، بۆیە شاعیر دەیەوێت بڵێت نیشتمان و خۆشەویستیی نیشتمان بەشێکی گرنگ و سەرەکییە لەدین و ئاین، نەک نیشتمان بەتەنیا یەکسان بێت بە دین و ئاین!!

**چی بکەین بۆ ئەوەی سروودی ئەی رەقیب تەبا بێت لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئایندا؟**

**یەکەم:** لەدێڕی (دینمانە ئاینمانە هەر نیشتمان) دەتوانین پێشگری (لە) بخەینە پێش وشەی (دینمانە) و، پیتی (و)یش بخەینە پاشی و بڵێین (لەدینمان و ئاینمانە هەر نیشتمان)، بەمەش ماناکەی راست دەبێتەوە.

**دووەم:** بۆ زیاتر دڵنیابوونی ئەوانەی پێویستیان بەدڵنیاییە، بڕواننە سروودی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەڵێت:

(سر زد از افق، مهر خاوران
فروغ دیدەی حق باوران
بهمن فر ایمان ماست)

**واتە : (بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە).**


شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە 22ی مانگی (بەهمەن)ی ساڵی 1357ی ئێرانیدا سەرکەوت.

لەبەر ئەمەیە ناوی (بەهمەن)یان خستە نێو سروودی نیشتمانیی ئێرانەوە و لەسروودەکەدا هاتووە کە:

(بهمن فر ایمانی ماست) واتە: بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە. کەچی هەموو موسڵمانانی ئێران و جیهانیش لەبەردەم ئەم سروودەدا هەڵدەستنەوە و کەسیش ناڵێت (بهمن فر ایمانی ماست) کوفرە، چونکە دەزانن ئەمە شیعرەو بەمانای ئەوە دێت کە سەرکەوتن لەم مانگەدا ئیمانی بۆ گێڕاینەوە، نەک بەمانای ئەوە بێت کە بەهمەن ئیمانی ئێمەیە.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخاندنی رژێمی سەدام.



ئیبراهیم شێخەڵڵا، قایمقامی قەزای مەخموور:

# قەزای مەخموور لە چوار لاوە بودجە وەردەگرێت

**سیروان عەباس**
**رووداو- هەولێر**

قایمقامی قەزای مەخموور رایگەیاند لە چوار سەرچاوەوە بودجە وەردەگرن کە سێیان لەلایەن هەرێمی کوردستانە و بودجەیەکیشیان لە حکومەتی عێراق لە رێگەی پارێزگای مووسڵەوە بۆ دێت، بەڵام گوتی ئەو بودجەیەی لە هەرێمی کوردستان وەریدەگرن زۆر زیاترە لەو بودجەیەی لە حکومەتی عێراق وەریدەگرن، لە کاتێکدا قەزاکە لە رووی ئیدارییەوە سەر بە حکومەتی عێراقە.

مەخموور (67 کیلۆمەتر لە خۆرئاوای هەولێر) یەکێکە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بە پێچەوانەی زۆربەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە کە حکومەتی عێراق تێیدا باڵادەستە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوێ باڵادەستە. هەرچەندە لەسەر تابلۆی سەرجەم فەرمانگەکانی ئەو شارۆچکەیە ناوی پارێزگای مووسڵ هەیە و خەڵکەکەی بەشداری ئەو هەڵبژاردنانە ناکات کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن، بەڵام زۆربەی کارە ئیدارییەکانی ئەو شارە لە هەولێر دەکرێن، بە تایبەتیش دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی.

ئیبراهیم شێخەڵڵا، قایمقامی قەزای مەخموور بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا بە فەرمی لە پارێزگای مووسڵەوە بودجە وەردەگرین، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر جدی هاوکاریمان دەکات لە بودجەی پارێزگای هەولێر، بودجەی وەزارەتەکان و بودجەی ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم". هەروەها گوتی "دابینکردنی ئەو هەموو بودجەیە جووڵەیەکی زۆر باشی خستووەتە نێو بواری ئاوەدانکردنەوە و ئابووری لە سنووری قەزای مەخموور، ئێستا خەڵکێکی زۆر پەیتا پەیتا دەگەڕێنەوە و گوندەکانیان ئاوەدان دەکەنەوە، ئەمەش بەهۆی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پێدانی پێشینەی خانووبەرە بە هاووڵاتیان".

مەخموور لە ساڵی 1924 بووەتە ناحیە و لەساڵی 1927یش بووەتە قەزا، ئەو قەزایە تاوەکو ساڵی 1996 لە رووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێر بوو، بەڵام ئەوکات رژێمی بەعس کە دەسەڵاتی بەسەر قەزاکەدا هەبوو، ئیدارەی قەزاکەی خستە سەر پارێزگای مووسڵ کە 120 کیلۆمەتر لە قەزاکەوە دوورە، زۆربەی گوندەکانیشی تەعریب کرد بە تایبەتی لە هەردوو ناحیەی قەراج و گوێڕ.

مەڵبەندی قەزای مەخموور بەدووریی67 کم دەکەوێتە خۆرئاوای پارێزگای هەولێر، لە باکوورییەوە قەزای دەشتی هەولێر و خەباتە، لە باشوورییەوە رووباری دیجلەیە، خۆرهەڵاتی زێی بچووکە و خۆرئاوای زێی گەورەیە. لەگەڵ پارێزگاکانی (مووسڵ- کەرکووک- تکریت) هاوسنوورە.

قەزای مەخموور لە 3 ناحیە (قەراج، گوێر، دیبەگە) پێکهاتووە، هەروەها 210 گوند لەخۆدەگرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەی 38 هەزار و 486 کەسە.

رووبەری قەزاکەش 352 هەزار دۆنمە و رێژەی 8%ی کۆی گشتی رووبەری پارێزگای هەولێر پێکدێنێت.

ئیبراهیم شێخەڵڵا دەڵێت بەو بودجەیەی کە لە چوار سەرچاوەوە وەریدەگرن توانیویانە چەندین پرۆژە بۆ ناوچەکە ئەنجام بدەن. بەڵام گلەیی لە حکومەتی عێراق کرد کە وەکو پێویست هاوکارییان ناکات لە کاتێکدا لە رووی ئیدارییەوە ئەوان سەر بە پارێزگای مووسڵن.

ناوبراو گوتی "ئەو بودجەیەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریدەگرین زۆر زیاترە لە بودجەکەی حکومەتی عێراق، ئەوەی لە پارێزگای مووسڵەوە وەریدەگرین مافی خۆمانە، بەڵام بودجەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هاوکارییەکە بۆ دانیشتووانی سنووری قەزاکەمان".

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین پرۆژەی لە ناوچەکە ئەنجامداوە و ئێستاش لە پلانیدایە لەرێگەی پارێزگای هەولێر و رێکخراوەکانەوە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاو بۆ مەخموور و ناحیەکانی گوێڕ و دیبەگە دروستبکرێت لەسەر زێی گەورە.

زۆربەی دانیشتووانی قەزای مەخموور کوردن، چارەنووسی ئەو قەزایەش کە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان یەکجاری بخرێتە سەر پارێزگەی مووسڵ، بەندە بە جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق.

سەبارەت بە گرنگی لکاندنی قەزای مەخموور بە پارێزگای مووسڵەوە، ئیبراهیم شێخەڵڵا گوتی "جگە لە زیادبوونی رێژەی دەنگی کورد لە پارێزگای مووسڵ هیچ سوودێکی دیکەی نییە، زۆربەی دانیشتووانی قەزای مەخموور حەز دەکەن قەزاکەیان بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی پارێزگای هەولێر".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2




## ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەرز بووەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "عێراق مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو 2 ملیۆن و 381 هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، بە بەراورد لەگەڵ هەناردەکردنی 2 ملیۆن و 253 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو". گوتیشی "هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی ڕابردوو بۆ تەواوبوونی کاری چاکسازی لە کەرتی نەوتی عێراق دەگەڕێتەوە".

### ئەگەر ژیانیان پارێزراو بێت

# وەبەرهێنەرانی کورد بایی 4 ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری دەبەنە باشووری عێراق


(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێت لەلایەن پارێزگارەکانی نەجەف و کەربەلا و چەند شارێکی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە داواکارییەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەر و سەرمایەدارانی کورد کاری سەرمایەگوزاری ببەنە ناوچەکانیان. هەروەها ئاشکرای کرد "ئاستی سەرمایەگوزاریی وەبەرهێنەرانی کورد لەو ناوچانە بۆ 16% بەرز بووەتەوە".

یاسین مەحموود ڕەشید، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بۆ هەریەکە لە ڕۆژنامەکانی (نیویۆرک تایمز) و (شرق الاوسط) لەبارەی کەرتی وەبەرهێنانەوە لە هەرێمی کوردستان قسەی کردبوو، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داواکارییەکی زۆرمان لەسەرە لەلایەن بەرپرسانی ئیداریی نەجەف و کەربەلاوە، بۆ ئەوەی لەوێ وەبەرهێنان بکەین".

بەڵام وەک ئەو باسیکرد، ئەو داواکارییانە لە کاتێکدایە کە ئێستا وەبەرهێنەرانی عەرەب لەو ناوچانەوە زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە هەلی کار و ئارامیی لە هەرێمی کوردستان باشترە. سەرباری ئەمانە، هەندێک وەبەرهێنی کورد هێشتا لە نەجەف و کەربەلا و دیوانیە و ناسریە و ڕوومادی کاری وەبەرهێنان دەکەن، ئەگەرچی یەکێک لەو وەبەرهێنە کوردانە بە (ڕووداو)ی گوت "سەرکێشییەکی گەورە بە سەرمایەکەمانەوە دەکەین".

ئەو وەبەرهێنە بۆ پاراستنی سەلامەتیی خۆی داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بەهۆی "نەبوونی گەرەنتی سەلامەتی و بوونی دەیان گرووپی چەتە و کوشتن و ڕفاندن بۆ پارە". ئینجا چیرۆکی پڕ لە دڵەڕاوکێی کارکردنی خۆی گێڕایەوە "تۆ لە شارێکدا کاردەکەیت کە دەوڵەت ناتوانێ خۆیشی بپارێزێ، من خاوەنی چەند گرێبەستێکی گەورەم لە بواری نیشتەجێکردن و پرۆژەی دیکە، ڕاستە کار زۆرە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە".

بەپێی قسەی سەرمایەدارە کوردەکانی هەولێر و سلێمانی، دەسەڵاتدارانی بەغدا سەرسامن بەو پرۆژە خزمەتگوزاری و ئاواکارییانەی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، تەنانەت ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی نووسیویەتی "هەولێر پێش ڕیاز و مەسقەت کەوتووە لە بواری وەبەرهێناندا". هەرئەمەش وایکرد کە بەرپرسانی باڵای وەبەرهێنان لە بەغدا، یاسای وەبەرهێنان هەموار بکەنەوە بەو هیوایەی زەمینەیەکی گونجاوتر بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بڕەخسێنن.

هێرش موحەڕەم، کە هەفتەی ڕابردوو دەست لەکارکێشانەوەی لە سەرۆکایەتی دەستەی گشتی وەبەرهێنان پەسەند کرا، دەڵێت لەو ماوەیەی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بووە چەند جارێک لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە پێیانگوتراوە کە ئەوان ئامادەن پێشوازی لە وەبەرهێنەرانی کورد بکەن". تەنانەت "کۆنفرانسەکانی ئابووری و تایبەت بە وەبەرهێنانی خۆشیان دێننە هەولێر، بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی وەبەرهێنەرانی بیانی و کورد ڕابکێشن". بەڵام نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، عێراقی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی کردووەتە ناوچەیەکی نالەبار بۆ وەبەرهێنان. بازرگان و سەرمایەداران و کۆمپانیاکان وەک موجازەفەیەکی گەورە لەو بازارە دەڕوانن.

ناوەڕاستی ئابی ساڵی ڕابردوو، بازرگانێکی شاری سلێمانی بەناوی شێخ حوسێن لەناو هوتێلێکی بەغدا ڕفێنرا و دواتریش کوژرا. سەرباری ئەو ڕاستیانەش، یەکێک لە سەرمایەدارەکانی شاری سلێمانی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە تا ژیانی نەکەوێتە مەترسییەوە، بە بڕی 4 ملیۆن دۆلار کاری سەرمایەگوزاری لە شارێکی باشووری عێراق هەیە و دەشڵێت "زیاتر لەو ژمارانەی بڵاودەکرێنەوە، بازرگانانی کورد ڕووبەڕووی هەڕەشە و کوشتن و ڕفاندن دەبنەوە".

بەپێی ئامارە نافەرمییەکانی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، تاوەکو نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر، 12%ی بەڵێندەرانی کورد ڕوویانکردووەتە ناوەڕاست و باشووری عێراق. یاسین مەحموود دەڵێ "پێدەچێ ئێستا ڕێژەکە بۆ 16% بەرز بووبێتەوە و نزیکەی 20 وەبەرهێنەری گەورەی کورد لەوێن". هەروەها باسی ئەگەری هاتنی وەفدێکی گەورە لە وەبەرهێنەرانی نەجەف و کەربەلا دەکات بۆ هەولێر کە مەبەستیان جەختکردنەوەیە لە داواکارییەکانی پێشوویان "لەوانەیە کۆنفرانسێکی هاوبەش ببەسترێ و ئەوان دەیانەوێ ئێمە سەرمایەکەمان ببەینە ئەوێ".

گوتیشی "بەڵام ئێمە داوای گەرەنتی و پاراستنی گیانی خۆمان کردووە، ئەگەر ئەوان بتوانن گەرەنتی پاراستنمان بدەن، ئەوا وەبەرهێنەرانی کورد بایی 4 ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری دەبەنە نەجەف و کەربەلا".

لە ساڵی 2006وە، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، بایی 35 ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە کە بەقسەی یاسین مەحموود، 70%ی ئەو پرۆژانە لەلایەن کۆمپانیای نێوخۆییەوە ئەنجامدراون. هەر بۆیە ئێستا حکومەتی بەغدا پێویستی بە چوونی وەبەرهێنی هەرێمی کوردستانە تاوەکو هاوکاری پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی عێراق بکەن.

محەممەد تاهیر، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان پێیوایە بەهۆی ئەوەی بەڵێندەرانی کورد ناتوانن ژیانێکی ئارام و کاری باشیان بەیەکەوە دەستبکەوێ، ناچارن خۆیان ئاشکرا نەکەن لەبەر دۆخی ئەمنی.

# بازرگانانی کورد ڕوو لە بەریتانیا دەکەن

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی کەرتی بازرگانی لە عێراق، دەیانەوێ بەو بودجە زەبەلاحەی لەبەردەستیانە، ئەو کۆمپانیا بەریتانیانە ڕاوبکەن کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

ئەوەش لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان وەک هاوبەشێکی خوازراو سەیری کۆمپانیا بەریتانییەکان دەکات.

هەفتەی ڕابردوو، ئەنجوومەنی بازرگانی بەریتانی- عێراقی و ژووری بازرگانیی هەولێر کۆنفرانسێکیان بۆ نوێنەری 50 کۆمپانیای بەریتانی لە بوارەکانی بیناسازی، نەوت و غاز، تەندروستی و خزمەتگوزاری، لەگەڵ نوێنەری 13 زانکۆی ئەو وڵاتە ڕێکخست.

فەلاح مستەفا، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە وتەیەک کۆنفرانسەکەی کردەوە و ڕایگەیاند "حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک هاوبەشێکی خوازراو تەماشای بەریتانیا دەکات".

فەلاح مستەفا ئاماژەی بە پەیوەندییە سیاسی و کەلتووری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا کرد و باسی لەوەکرد کە هەندێک لەو بەریتانیانەی لە پاش ساڵی 1991وە دەستیان هەبووە لە بنیاتنانەوەی هەرێمی کوردستاندا ئێستا لە پۆستی باڵای ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن.

بەپێی قسەی هیو ئیڤانز، کونسوڵی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان، ئێستا 112 کۆمپانیای بەریتانی لە کوردستان کار دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەیان لە زیادبووندایە.

ئیڤانز کە لە کۆنفرانسەکەدا وتەیەکی پێشکەش کرد، ئاماژەی بە ئاسانکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ کۆمپانیا بەریتانییەکان، بۆ ئەوەش باسی دیدارێکی خۆی و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد کە پێیگوتووە "مەگەر تەنیا ئاسمان هەلی کارکردن بۆ بازرگانە بەریتانییەکان لە هەرێمی کوردستان سنووردار بکات".

### بازرگانانی کورد ڕوو لە بەریتانیا دەکەن

ئێستا ژمارەی ئەو کۆمپانیا بەریتانیانەی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن بە پلەی دووەم دێن لە پاش کۆمپانیا تورکییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانانی کورد دەستیان کردووە بە جموجوڵی بازرگانی لەو وڵاتە. فەلاح مستەفا داوای لە ئەنجومەنی بازرگانیی عێراقی بەریتانی کرد لۆبی بۆ کردنەوەی هێڵی ڕاستەوخۆی فڕین لە نێوان هەولێر و لەندەن بکات تا بازرگان و وەبەرهێنەران بە ئاسانترین و خێراترین شێوە بتوانن گەشت بکەن.

ئەندامانی گرووپەکە لەکاتی سەردانەکەیان چاویان بە ژمارەیەک لێپرسراوی حکومی و بازرگانانی کورد کەوت، ئەمە جگە لە دیداریان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەران کە لە مووسڵەوە هاتبوون بە ئامانجی وەبەرهێنان لە بنیاتنانی فڕۆکەخانەیەکی نوێ و پاڵاوگەیەکی نەوت و وێستگەیەکی کارەبا لە بەشە ئارامەکەی ئەو شارە کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

عەلی ئەلعەلی، جێگری سەرۆکی یەکێتی بازرگانانی عێراقی لە موسڵ باسی لە گرنگیی ئامادەیی کۆمپانیا بیانییەکان کرد لە پلاندانان و کارکردن لەو شارە. گوتیشی حکومەتی مەرکەزی بودجەی پێویست دەنێرێت بۆ شاری موسڵ بۆیە ئەوانیش پێویستیان بە یارمەتی کۆمپانیا بیانییەکانە. بەهۆی بارودۆخی ئەمنیی شاری موسڵەوە، هیچ کۆمپانیایەکی بیانی ڕوو لەو شارە ناکات. عەلی بانگهێشتی کۆمپانیا بیانییەکانی کرد بۆ وتووێژکردن لە هەولێر یان لە بەشە ئارامەکەی پارێزگای موسڵ کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

بە تایبەت ڕووی دەمی کردە ئەو گرووپە بەریتانییە بەهۆی ڕۆڵی بەریتانیا لەو شارە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە.

هەرچەندە ئاکامەکانی ئەم دەستپێشخەرییە هێشتا نادیارە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆنفرانسەکە ڕۆڵێکی ئیجابی هەبوو بە وتەی ئەنجوومەنی بازرگانی عێراقی بەریتانی کە ئەمە یەکەمین کۆنفرانسی لەو جۆرە بوو ڕێکیبخات بۆ حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

گوتەبێژی گرووپەکە بەناوی ڕیچارد کرۆ ئاماژەی بە کاریگەری دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ هەردوو سەرۆک وەزیرانی عێراق نووری مالیکی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کرد لەسەر دەستکەوتەکانی کۆنفرانسەکە.

### خوێندکارانی بەریتانیا دێنە زانکۆکانی کوردستان

ئەنجوومەنی بازرگانی عێراقی بەریتانی پێشبینی دەکات ئەنجامی بەڵێن و پەیوەندییەکانی ئەو پێنج ڕۆژەی کۆنفرانسەکە وەبەرهێنانی سەدان هەزار دۆلار بێت لەلایەن بازرگانە بەریتانییەکانەوە.

هەروەها ئامادەبوونی نوێنەری زیاتر لە 13 زانکۆی بەریتانی ببێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو خوێندکارە کوردانەی دەڕۆنە ئەو وڵاتە بۆ خوێندن کە ئێستا بە 2 هەزار خوێندکار هەژمار دەکرێن. بەپێی پێشبینییەکانی ئەنجوومەنی بازرگانی عێراقی بەریتانی، هەندێک لە زانکۆ بەریتانییەکان دروستکردنی پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆکانی کوردستاندا تاوتوێ کردووە. ئەگەر گرێبەستەکان زیاتر بەرەو پێشەوە بچن، ڕەنگە خوێندکارانی بەریتانیش بێنە کوردستان بۆ خوێندن.

# ئێران بە (گاران) سیروان وشک دەکات



**سالار ڕەزا**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەریوان، کۆمپانیا ئێرانییەکان بە چڕی سەرقاڵی کارکردنن لە پڕۆژەیەکی زەبەلاحدا. هەرچەندە پڕۆژەکە لە کۆتایی نزیک ببێتەوە، مەترسییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن، چونکە پڕۆژەکە لە چوارچێوەی سیاسەتی (شەڕی ئاو) دێت. بەڕێوەبەری بەنداوێکی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ "کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئاوی دەربەندیخان".

ئێران لە پێش وڵاتانی دیکە، شەڕی ئاوی دەستپێکردووە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی بەنداوی گارانە کە درێژییەکەی 15 کیلۆمەترە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری مەریوان.

بەرزیی بەنداوەکە 65 مەترە و ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو ئاوانە دروستکراوە کە دەڕژێنە ناو ڕووباری سیروانەوە. بەوتەی شارەزایانی بواری ئاو لە هەرێمی کوردستان، دروستکردنی ئەو بەنداوە کارەساتی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان دروستدەکات. (ڕووداو) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نزیکەوە کارکردنی ئێرانییەکانی بینی لە دروستکردنی بەنداوەکەدا، بەڵام ئەوە تاکە بەنداو نییە کە ئێران دروستی دەکات بۆ گلدانەوەی ئەو ئاوەی دێتە هەرێمی کوردستان. ئەو بەنداوە لەسەر ڕووباری سیروان دروست دەکرێت و دەکەوێتە نێوان ناوچەکانی (نوتشە) و (نەوسود) و چەندین ناوچەی وەک (کۆسەی هەجیج) بەو هۆیەوە ژێر ئاو دەکەون، ئەمە جگە لە دروستکردنی چەندین تونێل کە ڕێڕەوی ئاوەکان لەودیوی بەنداوەکەوە دەگۆڕن و لە ناوخاکی ئێراندا دەمێننەوە. ڕەحمان خانی، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان دەڵێت ئەو پرۆژانەی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستدەکرێن لەسەر ڕووباری سیروان، یان ئەو چەمانەی دەڕژێنە ڕووبارەکەوە، کاریگەری زۆریان دەبێت لەئایندەدا لەسەر بڕی ئاوی دەربەندیخان، چونکە 70%ی سەرچاوەی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان لە ئێرانەوە دێت "لەوێش چەندین پرۆژە لە بواری جێبەجێکردندان و بەشێکیشیان تەواو بوون، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئاستی ئاوی دەربەندیخان دروست دەکات، تەنانەت کاریگەری دەبێت لەسەر ناوچەکانی خوارووی دەربەندیخانیش، بەتایبەتی ناوچەکانی بەنداوی حەمرین کە سەرچاوە سەرەکییەکەی بەنداوی دەربەندیخانە".

مەترسی ئەو پرۆژانە لەوەدایە کە ژمارەیەک تونێلیش دروستدەکرێن و دەبنە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکەو ئەو ئاوانەی لە بەنداوەکەدا کۆدەکرێنەوە دەخرێنەوە سنووری ئێران، ئەوەش لە ئایندەدا زیانێکی زۆر بە سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان دەڵێت حکومەتی عێراق دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەپێی دەستوور بەدواداچوون بۆ ئاوە نێودەوڵەتییەکان بکات کە هاوبەشن لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران "ئەوەی ئاگاداربین حکومەت و پەرلەمانی عێراق هەندێک هەوڵیانداوە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبوون و نەتوانراوە فشار دروستبکرێت، تەنانەت نەتوانراوە زانیاری پێویستیش لەسەر پرۆژەکان وەربگیرێن".

بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو لەم کاتانەدا، ئاوی دەربەندیخان 3 مەتر دابەزیوە و بەپێی قسەی بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی بەنداوەکە، بەشێکی پەیوەندی بە ئاوی خواردنەوەی هەڵەبجە و سەیدسادقەوە هەیە.


بەتەواوبوونی بەنداوەکانی ناو ئێران، بەنداوەکە وشکیش نەکات کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئاوی دەریاچەکە و ناتوانرێت ئەو ناوچە فراوانەی کەوتوونەتە سەر دەربەندیخان ئاوی پێویستیان پێبگات "ڕەنگە نەتوانن 100% ئاوەکە گلبدەنەوە، بەڵام لە وەرزی گلدانەوەی ئاودا کارەساتێکی ژینگەیی گەورە لە ناوچەکە دروستدەکات". ڕەحمان خانی هەروەها دەڵێ بەهۆی ئەوەی داتاو زانیاری تەواومان لانییە لەسەر ئەو بەنداوانەی لە سنووری ئێراندا دروستدەکرێن "ناتوانین کاریگەرییەکانی بەتەواوی باس بکەین".

بەپێی قسەکانی ئەکرەم محەممەد ئەنوەر، بەڕێوەبەری بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان "ئێران گوێ بەهیچ شتێک نادات و دەبێت لە ڕێگەی دیبلۆماسیەوە پرۆژەکانی پێڕابگیرێ".

گوتیشی "دوو ساڵ پێش ئێستە وەفدێک بە سەرۆکایەتی وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق سەردانی ئێرانی کرد، بەڵام دیارە سەردانەکە ئەنجامی نەبوو". وەک ئەکرەم باسی کرد، ئێرانییەکان گوێ لە تێبینییەکانی ئەوان ناگرن "زۆرجار بە شاندە عێراقییەکانیان گوتووە، عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی کەمئاوییان نییە، بەڵکو کێشەی ئیدارەدانی ئاویان هەیە".

## سەڵاح رەشید، بەرپرسی پێشووی ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان:

# گۆڕان بەبێ یەکێتی ناتوانێ سلێمانی بەڕێوەببات


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ئەو پەتایەی حیزبەکان گرتوویانە بزووتنەوەی گۆڕانیشی گرتووەتەوە**

**کێشەم هەبوو لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردن و کارکردن و بڕیاردان لەناو گۆڕاندا**

یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و دواتر دەستی لەکار کێشایەوە، پێیوایە کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بۆ خودی نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە. دەشڵێت لە بزووتنەوەی گۆڕاندا وەک هەر حیزبێکی دیکە "قسەی کۆتایی لای نەوشیروان مستەفایە". سەڵاح رەشید کە ماوەی چەند ساڵێکیش وەزیر بووە، لەبارەی کێشەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی بڕوای وایە کە دوایین رێگا وتووێژە و "دەبێ گۆڕانیش لەوە تێبگات کە بەبێ یەکێتی ناتوانێ سلێمانی بەڕێوەببات".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

## لەناو گۆڕان دەستکراوە نەبووم

**رووداو: تۆ بەرپرسی ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان بوویت، بەپێی ئەزموونی کارکردنت، جیاوازی چییە لە نێوان رێکخستنەکانی گۆڕان و حیزبەکانی دیکە؟**
**سەڵاح رەشید:** بزووتنەوەی گۆڕان مۆدێلێکی داهێنا کە جیاوازە لە حیزبەکانی دیکە، گۆڕان لەسەر ژمارەی ئەندام کاری نەدەکرد، بەڵکو لەسەر دەنگدەر کاری دەکرد، هەوڵی دەدا تێکەڵییەک دروستبکات لە نێوان دەنگدەر و ئەندامدا کە پێیدەگوترێ گۆڕانخواز. ژمارەی گۆڕانخواز زۆر گرنگ و سەنگی مەحەک نییە و ئەوان خۆبەخشانە کار بۆ بزووتنەوەکە دەکەن. هیچ کاتێکیش لێپرسینەوە لە رێکخستنی قەزایەک یان شارێک نەکراوە لەسەر ئەوەی چەند ئەندامیان هەیە.
**رووداو: بەڵام پارتی و یەکێتی کە کار لەسەر رێکخستن دەکەن، بەرچاویان روونە و دەزانن ئاستی جەماوەرییان بەرزبووەتەوە یان دابەزیوە، گۆڕان کە کار لەسەر ئەوە ناکات چۆن دەزانێ جەماوەری هەڵکشاوە یان داکشاوە؟**
**سەڵاح رەشید:** بێگومان گۆڕان رێکخستنی هەیە و لەسەر دوو بنەما: یەکێکیان ناوچەییە کە رێکخستنی قەزا و ناحیەکانە و لە بازنەدا رێکخراون، ئەوی دیکەیان پیشەییە کە پێیدەگوترێ رایەڵە، ئەمانە مانگ بە مانگ و وەرز بە وەرز چالاکییان هەیە و دەزانن جەماوەر کەمبووە یان زیادی کردووە. راپۆرتی مانگانە بەرز دەکەنەوە، ئەگەر کەم ببنەوە یان زیادیان کردبێت، ئەوا دیارە و دەزانرێت، بەڵام لەلایەن گۆڕانەوە لێپرسینەوە لەسەر ژمارەی گۆڕانخواز ناکرێ، بۆ ئەوەی چەندایەتی نەبێت بە قوربانی چۆنایەتی.
لەم خاڵەدا بزووتنەوەی گۆڕان جیاوازی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە هەیە، سەردەمێک یەکێتی باسی نیو ملیۆن ئەندامی دەکرد، کەچی لە هەڵبژاردنەکاندا دەرکەوت لە هەندێ ناوچە ژمارەی دەنگەکانیان کەمتربوون لە ژمارەی ئەندامەکانیان.
**رووداو: لە زۆربەی دانیشتنەکاندا نەوشیروان مستەفا، پەسنی تۆی دەدا، کەوایە بۆ وازت هێنا لە گۆڕان؟**
**سەڵاح رەشید:** کاک نەوشیروان لوتفی هەبووە و وازهێنانی من بۆ پەیوەندی شەخسی لەگەڵ کاک نەوشیروان ناگەڕێتەوە، بەڵکو زەمینەی کارکردنی بەندە لەو پۆستەدا گونجاو نەبوو، هەر لەبەر ئەوە ویستم راستگۆبم لەگەڵ خۆم و هاوڕێکانیشمدا.
**رووداو: واتە دەستکراوە نەبووی لەوەی دەتویست بیکەی؟**
**سەڵاح رەشید:** بەڵێ.
**رووداو: رێگرییەکان زیاتر لەبارەی چی بوون؟**
**سەڵاح رەشید:** هەر لە نامەی وازهێنانەکەم لەو پۆستە، باسی ئەوەم کردووە کە کێشەم هەیە لە سیستەمی بەڕێوەبردن و کارکردن و بڕیاردان لەناو گۆڕاندا، یان بەگشتی بە دامەزراوەکردنی راستەقینەی بزووتنەوەی گۆڕان.
**رووداو: ئێوە 4 ساڵ رەخنەتان لەپارتی و یەکێتی گرت و گوتتان ناتوانن کۆنگرە ببەستن و شەفاف نین، ئێستا ئەو پەتایە بزووتنەوەی گۆڕانیشی گرتووە؟**
**سەڵاح رەشید:** بزووتنەوەی گۆڕان هێزێک نییە لە ئاسمانەوە هاتبێ، بزووتنەوە و هەموو ئەو کاکانەی لەناو بزووتنەوەکەن لە منداڵدانی ئەو کۆمەڵگایەوە هاتوون. ئەو پەتایەی حیزبەکان گرتوویانە، کەمتر و زیاتر، بەجۆرێک لە جۆرەکان بزووتنەوەی گۆڕانیشی گرتووەتەوە.
**رووداو: بەڵام وەک خۆتان باستان دەکرد کاری ئێوە ئەوە بوو ئەو پەتایە نەمێنێ؟**
**سەڵاح رەشید:** ئەوە هۆیەک بوو لەو هۆیانەی کە بەندە وازی لەو پۆستە هێنا.

**هیوادارم ئەوەی بەسەر یەکێتی هاتووە بەسەر گۆڕان نەیەت**

**ناکرێت گۆڕان باس لە ئاشتبوونەوەی گشتی بکات، بەڵام برادەرەکانی دوێنێی زویر بکات**

**رووداو: ماوەیەکە لەماڵەوەیت و باشتر دەرفەتت هەیە بیریکەیتەوە، ئێستا دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان چۆن تێدەگەی؟**
**سەڵاح رەشید:** من ئێستا کەمێک سەربەستانەتر کێشەکان دەبینم و دەخوێنمەوە، دۆخەکە ئاڵۆزە و دەبێ هەنگاو بنرێ بۆ رەوینەوەی ئەو دۆخە. جگە لە دۆخی عێراق، تەمومژ هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان حیزبەکان و دواکەوتنی دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بارودۆخی سلێمانی لەلایەک خراپە و ئایندەی ئەم شارەش زۆر روون نییە.
**رووداو: بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) گۆڕان لە سەرەتاوە گلۆپی سەوزی بۆ دەستبەکاربوونی بەهرۆز قەشانی، پارێزگاری ئێستای سلێمانی هەڵکردبوو، بۆچی ئێستا ئەوەندە هێرش دەکرێتە سەری؟**
**سەڵاح رەشید:** من ئەو گرژییە لەوەوە نابینم کە کاک بەهرۆز شەرعییە یان شەرعی نییە، بەڵام من وای دەبینم چی بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکان لە سلێمانی لە رەگەوە چارەسەر بکرێن. من مۆدێلی فەرەنسا بەباش دەزانم بۆ کێشەکانی سلێمانی. لە فەرەنسا سیستەمی سەرۆکایەتییە و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر رۆڵی نییە، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پیران لە 1986 پارتەکەی سەرۆک کۆمار، فرنسوا میتەران نەیبردەوە و پارێزگاران بردیانەوە، فرانسۆ میتەرانی سەرۆک کۆمار لەژێر فشاری شەقامدا ناچار بوو جاک شیراکی سەر بە حیزبی پارێزگاران وەک سەرۆک وەزیران قبوڵ بکات و دەسەڵاتی لەگەڵدا دابەش بکات، ئەم سیستەمە پێیدەگوترێ کۆهابیتاتسیۆن، واتا بەیەکەوە کارکردن. لە سلێمانیش واقیعێک هەیە و یەکێتی نیشتمانی هێزی سێیەمی کوردستان و دووەمی سلێمانییە، 20 ساڵ حاکمی موتڵەقی سلێمانی و کۆیە بووە، ئێستا ئەو قۆناغە بەسەر چوو. دەبێ یەکێتی دان بەو راستییەدا بنێ کە ئەو هێزەی جارانی نەماوە. دەبێ بزووتنەوەی گۆڕانیش بڕوا بەوە بهێنێ کە بەبێ یەکێتی ناتوانێ بە ئاسانی سلێمانی بەڕێوەببات و دەبێ لەگەڵ یەکێتی بگونجێ و سیستمێک دروست بکەن بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی.
**رووداو: تۆ ئەو پێکەوە هەڵکردنە ئاسان دەبینی؟**
**سەڵاح رەشید:** ئەی چار نییە رەنگە لە سەرەتادا زۆر ئاسان نەبێت، بەڵام هیچ رێگایەکی دیکە نییە.
**رووداو: تۆ ئەو دادپەروەرییە چۆن دروست دەکەی؟**
**سەڵاح رەشید:** بابەتەکە ئەوە نییە پارێزگار بەدەست کێوە بێ، دەبێ لە ئەنجامی دانیشتن و یەکدی قبوڵکردن بارودۆخێک بێتە کایەوە کە بە سوود بۆ ئەم ناوچەیە بگەڕێتەوە.
**رووداو: واتە ئاسانە یەکێتی پۆستەکان رادەستی گۆڕان بکات؟**
**سەڵاح رەشید:** سبەینێ ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێ، هەر دەبێ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لەسەر مێزێک دابنیشن و پۆستەکانی ناو پارێزگای سلێمانی و قەزاکان دابەش بکەن، وەک چۆن ئێستا بۆ پێکهێنانی حکومەت دادەنیشن.

**ئایندەی سلێمانی زۆر روون نییە**



**مۆدێلی فەرەنسا بەباش دەزانم بۆ کێشەکانی سلێمانی**


**رووداو: تۆ یەکێک بووی لەوانەی کە دوای ئەوەی چوویتە ناو بزووتنەوەی گۆڕانیش، هەر میانگیریت دەکرد لە نێوان یەکێتی و گۆڕان، هەوڵەکانی ئێوە ئەنجامی نەبوو؟**
**سەڵاح رەشید:** من کوردستان و شارەکەی خۆم خۆشدەوێ. وایدەبینم کە دەبێ ئەم دوو هێزە لەیەک نزیک ببنەوە، پێموایە گۆڕان و یەکێتی پێویستیان بە نێوەندگیر نییە، تەلەفۆنی یەکتریان لایە و زۆرجار شەوانە بەرپرسانی یەکێتی و گۆڕان پێکەوە دادەنیشن و برادەری یەکدین و دەعوەتی یەکتر دەکەن، لەبەر ئەوە کارکردنی سیاسی و ئیداریش ئەوەندە زەحمەت نییە. بەندە ماوەیەکە دوورم لە کاری لەو جۆرە، کاتی خۆی کە مام جەلال لەم پرۆسەیەدا بوو، هەمیشە هەوڵی جدیمان داوە بۆ نزیکخستنەوەی کاکەکان، بە تایبەتیش لە نێوان جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروان.
**رووداو: بە دانیشتنی نێوان نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی، دەتوانی بڵێی قۆناغێکی نوێ هاتووەتە کایەوە؟**
**سەڵاح رەشید:** بەستەڵەکی نێوان گۆڕان و پارتی توایەوە، هەنگاوێکی باشە و ئایندەی هەرێمی کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. نابێ گۆڕان ببەسترێتەوە بەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان بەشدار دەبێ لە حکومەت یان نا. خۆی وەک دەگوترێ شەیتان لە وردەکاری گفتوگۆکاندایە و لە رووی بەرنامەی سیاسیشەوە رەنگە 50 وشەی جیاواز لەبەرنامەی حیزبەکاندا نەبێت، بەڵام کێشە لەسەر وردەکارییەکانە.
**رووداو: ئۆپۆزسیۆن 4 ساڵە قسەی خۆش بۆ خەڵک دەکەن، ئێستا بەشداریکردنی گۆڕان هەروا ئاسانە لە حکومەت؟**
**سەڵاح رەشید:** بەشەو و رۆژێک بەرنامە جێبەجێ ناکرێ، دەبێ یەکێ هەنگاوێک بچنە دواوە بۆ ئەوەی پێکبێن، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بەشداربێ لە حکومەت، هیچ نەبێ هێمنییەک دروستدەبێ لەناو بزووتنەوەکەدا و ئەو فشارە نامێنێ کە بەهۆی نانبڕین و گرژیی سیاسیەوە دروست ببوو.
**رووداو: تۆ سروشتی گۆڕان باش دەناسی، بەلاتەوە ئاسانە گۆڕان و پارتی لەناو حکومەتێکدا بن؟**
**سەڵاح رەشید:** بێگومان دەبێ پارتیش بیرکردنەوەی خۆی بەرامبەر گۆڕان بگۆڕێ، خۆ پارتی دەیتوانی بەبێ گۆڕانیش ئەو حکومەتە دروست بکات لەگەڵ لایەنێکی دیکە، بەڵام دیارە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی پێکەوە حکومەتی هاوبەش بۆ ئەو قۆناغە دروست بکەن.
**رووداو: یەکێتی دەتوانێ ببێتە ئۆپۆزسیۆن؟**
**سەڵاح رەشید:** لەم قۆناغەدا ناتوانێ، چونکە 20 ساڵە لە دەسەڵاتدایە و خەرجییەکی بێشوومارییان هەیە، زۆر لەو مەسروفاتانەیان بە نایاسایی بە شێوەی جیاواز بەرەورووی حکومەت کردووەتەوە، لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا بەرگەی ئەوە ناگرێ کتوپڕ ئەو پارەیەی لێببڕێ، لانیکەم دەبێ خۆی لەسەر ئەوە رابهێنێ بەپارەیەکی کەم بژی، ئەوەش خۆئامادەکردنی دەوێ.
**رووداو: ئێستا یەکێتی خۆی بۆ کۆنگرە ئامادە دەکات، گرفتاری ئامادەنەبوونی تاڵەبانی و دەستێوەردانەکانی گۆڕانیشە، ئەو کۆنگرەیە چی بۆ یەکێتی بەرهەمدێنێ؟**
**سەڵاح رەشید:** کۆنگرە عەسای سیحری نابێ بۆ یەکێتی، بە بۆچوونی بەندە کێشەکانی ئێستای یەکێتی گەورەترن لەوەی بە کۆنگرەیەک چارەسەر بکرێن. یەکێتی دەبێ وەک هەموو هێزەکانی دیکە یەک سەرکردایەتی هەبێ. لەناو پارتی کاک مەسعود هەیە و لەناو گۆڕان کاک نەوشیروان هەیە، بەڵام لەناو یەکێتی چوار پێنج گرووپ هەن. باشترین بەڵگە دوایین دانیشتنی کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم بوو، کە دەنگی ناڕەزایەتی بەرزبووەوە لەلایەن مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لەسەر ئەو دانیشتنە، تۆ نازانی کاتێک بتەوێ لەگەڵ یەکێتی دابنیشی لەگەڵ کام گرووپ کۆببیتەوە. هەتا یەکێتی یەک دەنگ و یەک رەنگ نەبێ، یان هەر هیچ نەبێ بۆ گفتوگۆ سەرکردایەتی کاتی دیاری نەکەن، ناتوانن هیچ بکەن.
**رووداو: کۆنگرەی داهاتوو ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات؟**
**سەڵاح رەشید:** زۆر گەشبین نیم، بەڵام ژمارەیەک کادری گەنجی یەکێتی پەیدا بوون کە بە نووسین و داواکاری داوای گۆڕانکاری زۆر دەکەن و لەوانەیە ئەوانە بتوانن شتێک بکەن.
بەنیسبەت ئەوەی کە گۆڕان کاریگەری لەسەر کۆنگرەی یەکێتی هەبێت، بێگومان گۆڕان و یەکێتی هەردووکیان لە سلێمانین و بنکەی کارکردن و جەماوەرەکەیان نزیکە لەیەکەوە، بۆیە ئاساییە کە هەریەکە کاریگەری لەسەر ئەوەی دیکە هەبێت.
**رووداو: ئەی گۆڕان بۆ ئەوەندە کۆنگرەی دواخست، مادام مۆدێلێکی نوێی حیزبایەتی هێناوە؟**
**سەڵاح رەشید:** هەوڵ دەدرا لە کاتی خۆیدا کۆنگرە ببەسترێ و ئیش و کارەکانی خوارەوە ئامادە کرابوون، بەڵام دواتر برادەرانی سەرکردایەتی و کاک نەوشیروان نەیانکرد، نازانم بۆچی. بڕیاریانداوە کۆتایی ئەمساڵ کۆنگرە ببەستن.

**بەستەڵەکی نێوان گۆڕان و پارتی توایەوە**

**دەبێ پارتیش بیرکردنەوەی خۆی بەرامبەر گۆڕان بگۆڕێ**

**رووداو: لەبەرئەوەیە کە کۆنگرە ئاسان نییە بۆ گۆڕانیش؟**
**سەڵاح رەشید:** هیوادارم زەمینەی دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەناو گۆڕان مابێت، ئەگەر وانەبێ گۆڕانیش وەک هێزەکانی دیکەی بەسەردێ. خۆی لەناو هەموو هێزەکانی کوردستان موئەساساتی دروستکراو هەیە، بەڵام قسەی یەکەم لەناو یەکێتی جەنابی مام جەلال بووە و لەناو پارتی کاک مەسعودە و لەناو گۆڕانیش کاک نەوشیروانە، ئیتر ئەمە پێکهاتەی حیزبی رۆژهەڵاتییە.
**رووداو: ئێوە و سەرکردەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی گۆڕان کە هاتنە دەرەوە، بۆچی تاوەکو ئێستا دیار نییە چی دەکەن؟**
**سەڵاح رەشید:** هەموو ئەو برادەرانە لە کات و شوێنی خۆیدا هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە کە بۆچی دانیشتوون و هەتاوەکو ئەم ساتەش خۆیان بە گۆڕانخواز دەزانن. هیوادارم سەرکردەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان بیر لە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەو برادەرانە بکەنەوە، ناکرێت گۆڕان باس لە ئاشتبوونەوەی گشتی بکات، بەڵام برادەرەکانی دوێنێی زویر بکات. ئێمە ناتوانین لەگەڵ پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە ئاشت و نزیک ببینەوە، بەڵام هاوڕێیانمان کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە و بەردی بناغەی ئەم بزووتنەوەیەن و رۆڵی دیار و ئاشکرایان هەبووە لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا، پشتگوێیان بخەی.
**رووداو: هەندێک بۆچوونیان وایە ئەگەر مێشکی نەوشیروان مستەفا لە گۆڕان داببڕی، بزووتنەوەکە بچووک دەبێتەوە.**
**سەڵاح رەشید:** راستە، زۆریش بچووک دەبێتەوە، بەشێکی زۆری گەورەیی بزووتنەوەکە بۆ کاریگەری نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە.
**رووداو: کەوایە نەوشیروان مستەفاش مرۆڤە و رەنگە سبەی بەهەر هۆیەک بێ لەو بزووتنەوەیە دوور بکەوێتەوە، چارەنووسی بزووتنەوەکە چی بەسەردێ؟**
**سەڵاح رەشید:** ئەوە چارەنووسی حیزبە رۆژهەڵاتییەکانە و هیوای تەمەندرێژی بۆ کاک نەوشیروان دەخوازم، بەڵام هیوادارم ئەوەی بەسەر یەکێتی هاتووە بەسەر گۆڕان نەیەت.
**رووداو: کەی دەگەڕێنەوە ناو گۆڕان؟**
**سەڵاح رەشید:** جارێ لەماڵەوە دانیشتووین، هەر خۆمان بە گۆڕان دەزانین، بەڵام بەچاوێکی کراوەتر.

## یادی ئوستادی سیاچەمانە دەکرێتەوە



**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

رۆژی 2013/12/3 لە شاری هەڵەبجە ساڵیادی هونەرمەندی کۆچکردووی ناوچەی هەورامان سەباح هەورامی دەکرێتەوە.
سەنتەری رۆشنبیریی هەڵەبجە کە ئەو ساڵیادە دەکاتەوە، زۆر لە هونەرمەندانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بانگهێشت دەکات.
ساڵێک لەمەوبەر هونەرمەند سەباح هەورامی بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوای کرد کە یەکێک بوو لە ئوستادەکانی سیاچەمانە و گۆرانی هەورامی و خاوەنی دەیان بەرهەمە. دوایین بەرهەمی هونەرمەندی کۆچکردوو گۆرانییەک بوو کە چەند مانگێک پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات کلیپی بۆ کرا.

رووداو
هونەری
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2



### خەڵک دەیانگوت زوبێر قورئانی کردووەتە گۆرانی

### زوبێر ساڵح بۆ (رووداو):

# مەلای جزیریم لە حوجرەی مزگەوتەکان هێنایە دەرەوە



**هونەرمەند زوبێر ساڵح، لەساڵی 1965 لە شاری حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. تەمەنی 7 ساڵان بووە کە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە، بەو پێیەی باوکی یەکێک بووە لە دەنگبێژە بەناوبانگەکانی ناوچەکەیان. ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو. زوبێر ساڵح لە ساڵی 1979 یەکەم بەرهەمی خۆی تۆمار کردووە کە گۆرانییەک بوو لەسەر کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی. تاوەکو ئێستا خاوەنی 18 بەرهەمە، جگە لەو کاسێتانەی لە بۆنەکاندا تۆمار کراون و ئێستاش لە تۆمارگاکانی رۆژئاوای کوردستان دەفرۆشرێن. زوبێر ساڵح دوای کلیپکردنی گۆرانی "سەباحولخەیر خانا من"، کە تێکستەکەی شیعرێکی مەلای جزیرییە، زیاتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ناسرا، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان. زوبێر دەڵێت "ئەو گۆرانییە ناسنامەی منە"، هەروەها دەڵێت "ئەو گۆرانییە وایکرد خەڵک مەلای جزیری بناسن". زوبێر ساڵح لە ساڵی 2000ەوە رۆژئاوای کوردستانی جێهێشتووە و ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە.**

**ئاوازدانان بۆ شیعری مەلای جزیری زۆر زەحمەتە**

**گۆرانی "سەباحولخەیر" ناسنامەی منە**

**ساڵح قادر**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: تێکستی سەرجەم گۆرانییەکانی دوایین بەرهەمت شیعری مەلای جزیرین، زۆر سەرسامی بە مەلای جزیری؟**

**زوبێر ساڵح:** من لە ساڵی 1988 ئاشنای شیعرەکانی مەلای جزیری بووم، برادەرێکم شەرحی دیوانەکەی مەلای جزیری بۆ هێنام بەناوی "العقد الجوهری". شیعرەکان زۆر قورس بوون، مەلا ئەحمەدی زڤەنگی کە موفتی قامیشلۆ بوو، لێکدانەوەی بۆ شیعرەکان کردووە. کاتێک مانای شیعرەکانم خوێندنەوە، ئیدی نەمتوانی لێی داببڕێم.

هەموو کەسێک ناتوانێ خۆی لە قەرەی شیعرەکانی مەلای جزیری بدات، من بڕیارمدا شیعری "سەباحولخەیری خانا من" بکەمە گۆرانی و ساڵی 1988 تۆمارم کرد، زۆر خەڵک تێینەدەگەیشتن، دەیانگوت ئەوە بە چ زمانێک گۆرانی دەڵێت، تەنانەت هەندێکیان دەیانگوت زوبێر ئاوازی بۆ قورئان داناوە و ئایەتی قورئانی کردووەتە گۆرانی، بەڵام فەقێ و مەلاکان بە حوکمی ئەوەی زۆربەیان شیعرەکانی مەلای جزیرییان خوێندبوووەوە تێیدەگەیشتن. دوای ماوەیەک خەڵکەکە راهات و شیعرەکانی مەلای جزیریان دەخوێندەوە.

**رووداو: پێتوایە تۆ هۆکارێک بووی بۆ ئەوەی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان مەلای جزیری بناسن؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، دەتوانم بڵێم هەتا ئەو گۆرانییەم نەگوت بەشێکی زۆری میللەتی کورد مەلای جزیریان نەدەناسی. تەنیا ئەوانەی لە حوجرە و مزگەوتەکان بوون دەیانناسی، من مەلای جزیریم لە حوجرەکانەوە هێنایە نێو خەڵک.

**رووداو: واتە مەلای جزیریش تۆی ناساند؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ، دەتوانم بڵێم گۆرانی "سەباحولخەیری خانا من" ناسنامەی منە، زۆر کەس هەن ناوی من نازانن، بەڵام گۆرانییەکەم دەزانن.

**رووداو: لە ساڵی 1988 ئەو گۆرانییەت گوتووە، بەڵام بۆچی تا ئەم دواییە خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاشنای ئەو گۆرانییە نەبوون؟**

**زوبێر ساڵح:** چونکە ئەوکات هۆکارەکانی گەیاندن وەکو ئێستا بەرفراوان نەبوون، دواتریش گۆرانییەکە بە ئامێری زۆر سادە تۆمار کراوە، لە ساڵی 2004 کلیپم بۆ ئەو گۆرانییە کرد و خەڵک زیاتر پێی ئاشنا بوون و پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکرا.

**رووداو: پێتوایە بتوانی بەرهەمێکی دیکە لە ئاستی "سەباحولخەیر" دروستبکەی؟**

**زوبێر ساڵح:** لەو باوەڕەدام دروستی بکەم، چونکە من هەم و هەڵبەستەکانی جزیریش هەن. دوایین بەرهەمم کە 9 تراکە، هەشتیان تێکستەکانیان شیعری مەلای جزیرین. شتی سەرنجڕاکێشی تێدایە کە لە ئاستی ئەو گۆرانییەدایە. چونکە تەکنیکی موزیکی زۆر بەرزی تێدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە گۆرانی سەباحولخەیر تەنیا بە ئامێری بزق تۆمار کراوە.

**رووداو: لێرە کەم هونەرمەند هەیە خۆی لە قەرەی شیعرەکانی شاعیرانی کلاسیکی وەک نالی یان مەحوی بدات و بیانکات بە گۆرانی، بۆ شیعرەکانی مەلای جەزیریش هەر وایە؟**

**زوبێر ساڵح:** بۆشیعرەکانی مەلای جزیری خراپتریشە، هەموو کەسێک ناتوانێت شیعرەکانی بکات بە گۆرانی، زۆر کەس پێمدەڵێن تۆ زۆر بە جورئەتی کە توانیت شیعری مەلای جزیری بکەی بە گۆرانی. ئاوازدانان بۆ شیعرەکانی مەلای جزیری زۆر زەحمەتە. هەستی جزیری وەکو هەستی جگەرخوێن و تیرێژ نییە. بۆ نموونە تیرێژ زۆر لە شیعرەکانی بۆ گۆرانی هەڵبەڕکێ نووسیوە، بەڵام مەلای جزیری زیاتر شیعرەکانی تەسەوفن. جگە لە دەنگبێژەکان کە شیعرەکانی مەلای جزیرییان کردووەتە گۆرانی، تەنیا یەک هونەرمەند بە ناوی رەشید سۆفی چەند شیعرێکی جزیری کردووەتە گۆرانی.

**رووداو: سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرسامە بە مەلای جزیری، لەو باوەڕەدای ئەو گوێ لە گۆرانییەکانت بگرێت، بە تایبەتی گۆرانی سەباحولخەیر؟**

**زوبێر ساڵح:** ئەوە پرسیاری منیشە، چونکە منیش بیستوومە بنەماڵەی بارزانی بە گشتی سەرسامن بە مەلای جزیری، بیستووشمە کە مەلا مستەفا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردووە، قورئانێک و دیوانێکی مەلای جزیری لە جانتاکەیدا بووە.

**رووداو: سەرەتای ناسینی تۆ لە رێگەی ئاهەنگی ماڵان و بووکگواستنەوە بوو، بەڵام دواتر برایەکت بە دەستی رژێمی بەعسی سووریا کوژرا، گۆرانکارییەکی زۆر بەسەر کارە هونەرییەکانتدا هات، ئەمە چۆن بوو؟**

**زوبێر ساڵح:** راستە، ئەو برایەم زۆر کاریگەری لەسەر من هەبوو. دوو ساڵ لە من بچووکتر بوو، ساڵی 1988 لە کاتی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە گۆرانییەکم لەسەر هەڵەبجە گوت، لە هەموو بۆنەکاندا ئەو گۆرانییەم دەگوت و خەڵک دەگریان، ئەوەش رژێمی سووریای تووڕە کردبوو، جارێکیان هاتن لە دەرگاياندا پێیانگوتم تۆ بەو گۆرانییە هەستی خەڵک دەورووژێنی، وا بە ئاسانی لەسەرت ناچێت، دواتر براکەم شەهید کرا، لە راستیدا ئەوان مەبەستیان کوشتنی من بوو، بەڵام براکەم بەرکەوت. شەهیدکردنی ئەو برایەم زۆر کاریگەری لەسەر من هەبوو، هەستێکی خەمناک باڵی کێشا بەسەر گۆرانییەکانمدا. دواتر وازم لە کاری هونەری هێنا، بەڵام رۆشنبیران و ئەدیبان هاتنە لام و گوتیان تازە تۆ بوویتە موڵکی هەموو میللەت، نابێت واز لە گۆرانیگوتن بهێنی.

**رووداو: گۆرانییەکت لەسەر مستەفا بارزانی گوتووە، ئامادەی گۆرانی لەسەر سەرکردەیەکی دیکەی کورد، بۆ نموونە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بڵێیت؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ راستە من گۆرانییەکم لەسەر مەلا مستەفای رەحمەتی گوتووە، بۆ زانیاری خوێنەرانیش ئەو گۆرانییە یەکەم گۆرانیم بوو کە لەساڵی 1979 تۆمارم کردووە، گۆرانییەکە یەک کاسێتی تەواوە، واتە یەک کاژێرە، گۆرانییەکە لە هۆنراوەکەی سەیدایێ تەیریە. من لەسەر مرۆڤی زیندوو گۆرانی ناڵێم، چونکە رەنگە ئەو مرۆڤە بگۆرێت ئەوکات گۆرانییەکەی منیش قیمەتی نامێنێ.

**رووداو: بەنیاز نیت بگەڕێیتەوە رۆژئاوای کوردستان؟**

**زوبێر ساڵح:** شەش مانگ لەمەوبەر لە رێگەی باکووری کوردستانەوە چوومە سەرێکانیێ، دوای 14 ساڵ کە بە زێدی خۆم شادبوومەوە لە خۆشیان گریام. کە خانووەکانی سەرێکانێیم بینی گوللەیان بەرکەوتبوو، وامدەزانی ئەو گوللانە بەر دڵی من کەوتوون. بەڵام لە ترسی رژێم نەمتوانی بچمەوە حەسەکە، چونکە رژێم هێڵی سووری لە ژێر ناوەکەم داوە.

**رووداو: ئێستا رۆژئاوای کوردستان لە قۆناخی شۆڕشدایە، هیچ سروودێکی شۆڕشگێڕیت بۆ رۆژئاوا تۆمار کردووە؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ دوو سروودم تۆمار کرد، یەکێکیان هەشت هونەرمەند پێکەوە دەیڵێین، بەڵام بەداخەوە لەبەر ململانێی حیزبی کەس ئامادە نەبوو ئەو بەرهەمە بڵاوبکاتەوە، چونکە لە بەرهەمەکەدا دیمەنی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان و گەریلا و رێپێوانەکانی ئەلپارتی و PKKەمان لە نێو کلیپەکە داناوە، بۆیە ناچار بووین کلیپەکە لە فەیسبووک و یوتیوب بڵاوبکەینەوە. هەروەها لە کلیپەکەی خۆمدا باسی چۆڵکردنی رۆژئاوای کوردستانم کردووە، داوا لە خەڵک دەکەم زێدی خۆیان جێنەهێڵن، بۆ نموونە شاری حەسەکە پێشتر 70%ی کورد بوو، ئێستا 70%ی بووەتە عەرەب و تەنیا 30%ی کوردی تێدا ماوە. پێشتر دوژمن کوردستانی تەعریب دەکرد، ئێستا ئێمە بە دەستی خۆمان تەعریبی دەکەین.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان چۆنە؟**

**زوبێر ساڵح:** چەند جارێک سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە، تەنیا جارێک کە لە زاخۆ بووم، هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و بەناوی هونەرمەندانی زاخۆ بەخێرهاتنی کردم.

**رووداو: گۆرانیت بۆ زۆر رووداوی ناخۆش گوتووە وەکو هەڵەبجە، مردنی مەلا مستەفا بارزانی، تیرۆرکردنی شێخ مەعشوق خەزنەوی، رووداوی 12ی ئادار لە قامیشلۆ، تەقینەوە گەورەکەی شنگال، بەڵام گۆرانیت بۆ قوربانیانی رووداوی رۆبۆسکێ نەگوتووە، بۆچی؟**

**زوبێر ساڵح:** راستە ئەویش رووداوێکی گەورەبوو، لەسەر ئەوە رەخنە لە خۆم دەگرم، پێویست بوو گۆرانییەک بۆ ئەو رووداوە بڵێم، بەڵام خۆشم نازانم بۆچی نەمگوت.


**رووداو: چۆن سەیری تۆڕی میدیایی رووداو دەکەی؟**

**زوبێر ساڵح:** رۆژانە دووجار سەیری هەواڵەکانی تایبەت بە رۆژئاوای کوردستان دەکەم، دەتوانم بڵێم لەوەتەی (رووداو) کراوەتەوە، پێویستم بە جەزیرە و عەرەبییە نەماوە. ئاگادارم زۆربەی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان چاوەڕێی ئەو بولتنە دەکەن، چونکە ئەوەی لەماوەی 24 کاژێر لە رۆژئاوای کوردستان روودەدات لەو کاژێرەدا باس دەکرێت.

**برایەکم بووە قوربانی ئەو گۆرانییەی بۆ هەڵەبجەم گوت**

### حەمە رەئوف کەرکووکی:

# کێشەی گۆرانیبێژی کورد ئەوەیە ئاواز بۆ خۆیان دادەنێن



**ئەگەر خەجێی خەجان یەکەم بەرهەمم نەبووایە لەوانەبوو بەردەوام نەبم**

**هەولێر کاریگەری تورک و سلێمانیش کاریگەری ئێرانی لەسەرە**

**سیدی گەنجێک لە سیدییەکانی من زیاتر دەفرۆشرێ**

جەمال ئەحمەد جەمیل
رووداو- سلێمانی

لە دایکبووی شاری کەرکووکە و پاشناوەکەشی هەر کەرکووکییە، بەڵام نزیکەی 22 ساڵە لە سلێمانی دەژیت. حەمە رەئوف کەرکووکی هەفتە نییە جارێک یان دووجار نەچێتەوە کەرکووک و دەڵێت تەنیا بە جەستە لە سلێمانییە. ئەو کە لە نەوەتەکانەوە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە رەخنەی لە گەنجانی ئێستا هەیە و دەڵێت "گەنجی زۆر دەنگخۆش هەن بە تایبەتی لە شاری هەولێر، بەڵام کۆپین و کاریگەری هونەری تورکییان لەسەرە".

**رووداو: بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ کەرکووک؟**

**محەممەد رەئوف:** من لە دوای راپەڕینەوە لە شاری سلێمانی دەژیم، ساڵی 1994 لە سلێمانی ژنم هێناوە، منداڵەکانم لێرە گەورە بوون و بەو دۆخەی سلێمانی راهاتوون، کەمێک قورسە بۆ ئەوان لەوێ بژین، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە دانەبڕاوم لەشاری کەرکووک، ئەگەر هەفتەی دووجار نەچم بۆ کەرکووک جارێک دەچم، وەک هونەریش جوانترین کۆنسێرتمان لەگەڵ ئاڤان جەمال لەشاری کەرکووک سازکرد، من تەنیا بەجەستە لەسلێمانیم، هەرچەندە سلێمانی ئەو شارە بوو کە خەڵکەکەی زۆر هاوکاری منیان کرد، سلێمانی بۆ من بووەتە شاری دووەمم.

**رووداو: خەجێی خەجان، محەممەد رەئوفی بە جەماوەرەکەی و سلێمانی ناساند؟**

**محەممەد رەئوف:** کە هاتمە شاری سلێمانی زۆربەی کات لەچایخانەی شەعب دادەنیشتم، لەوێ دلاوەر قەرەداخی و کارزان قەرەداخیم ناسین، رۆژێک بەدلاوەرم گوت من دەنگم بۆ گۆرانی خراپ نییە، بەس پێویستم بە شیعرە، سێ شیعری بۆ نووسیم (خەجێی خەجان، سڵاو ئەی خەمی ئاشنام، دەزگیرانە رەشپۆشەکە)، ئەو دەمە لەسەر مەرز کرێکاریم دەکرد، لەوێ ئاوازم بۆ یەکەم شیعر دانا کە خەجێی خەجان بوو، دوای ئەوەی تۆمارم کرد دلاوەرم بینی و گوێمان لێگرت، دلاوەر دەستێکی بەچاویدا هێنا و گوتی من وەکو هاوڕێیەک شیعرم پێدایت، نەمزانی ئەم دەنگە خۆشەت هەیە و ئەم کارە جوانەت بۆ کردووە، دواتر دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، لە چایخانەی شەعب دانیشتبووم دەیانگوت عەباسی کەمەندی گۆرانییەکی زۆر خۆشی تۆمار کردووە، منیش هیچ قسەم نەکرد کە ئەو گۆرانییە هی منە، دواتر لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ڤیدیۆ کلیپم بۆ کرد ئینجا هاوڕێکانم زانییان گۆرانی منە، دەتوانم بڵێم ئەگەر یەکەم بەرهەمم خەجێی خەجان نەبووایە رەنگە ئاوا بەردەوام نەبوومایە.

**رووداو: بەردەوام باس لە رەسەنایەتی گۆرانی کوردی دەکرێت؟ تۆ چۆن دەڕوانیتە رەسەنایەتی؟**

**محەممەد رەئوف:** شێوازی گۆرانیگوتنی جاران لە چاو ئەمڕۆ جیاواز بوو، گۆرانیبێژان لە رابردوودا هەمیشە هەوڵیانداوە رەسەنایەتی گۆرانی کوردی بپارێزن، من ناڵێم هەموو گۆرانیبێژان، چونکە هەندێ گۆرانیبێژ لەرادیۆی بەغدا گۆرانییان گوتووە تایپی عەرەبی پێوەدیارە، ئەو تایپەش وایکردووە سوود بە ئاواز و گۆرانی کوردی بگەیەنێت، دواتر توانیویانە شێوازێکی تایبەت بەگۆرانی و ئاوازی کوردی دابنێن، رەسەنایەتی گۆرانی کوردییان دەپاراست لەگەڵ ئەوەی کاریگەری دەوروبەریشیان لەسەر بووە.

لەگەڵ ئەوەدام دەبێت لەگەڵ سەردەمیشدا بڕۆین، ئێستا من سیدییەک بڵاوبکەمەوە لەگەڵ گەنجێکدا، خەڵک ئەوندەی سیدی گەنجەکە دەکڕن سیدییەکەی من ناکڕن، من زیاتر بایەخ بەرەسەنایەتی دەدەم، گەنجی ئێستا دەنگی زۆر باشیان تێدایە بەتایبەتی کۆمەڵێکیان دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن و خۆیان ژەنیارن، بەڵام بەداخەوە کۆپین، بەتایبەتی لە هەولێر کۆمەڵێک دەنگخۆشیان هەیە، بەڵام کاریگەری تورکیان لەسەرە، سلێمانیش کاریگەری ئێرانی لەسەرە، کاتی خۆیشی وابووە، بەڵام رەسەنایەتییان پاراستووە. گەنجەکانی ئێستا دەڵێن گرنگ ئەوەیە ئاوازەکە خۆش بێت و خەڵک گوێی لێبگرێت، بەڵام من بەباشی نازانم و حەز دەکەم ئەو گەنجانە بەخۆیاندا بچنەوە و گوێ لە گۆرانییە کۆنە کوردییەکان بگرن، چونکە لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام بن بەرەبەرە نامێنن.

**رووداو: هەندێک لە هونەرمەندان گلەییان هەیە لە ناوەندە هونەرییەکان و دەڵێن ئەو هونەرمەندانەی خەمی رەسەنایەتیان هەیە خراونەتە پەراوێزەوە؟**

**محەممەد رەئوف:** من بۆ سیدییە تازەکەم وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاری کردووم و رەنگە ئەگەر ئەوان نەبوونایە نەمتوانیبا سیدییەکەم تەواو بکەم، بەڵام هەندێک پێوەندی تایبەتی هەیە زۆر خراپە، هەندێک هونەرمەندی لاو هەن پێوەندییان لەگەڵ بەرپرسێکدا هەیە، بڕێک پارەی باش وەردەگرن و قەناعەت بەوە ناکەن بەرهەمەکەیان لەکوردستان تۆمار بکەن، ئەمە زۆر خراپە، ئێستا زۆر لەو دەنگە رەسەنانە هەن دەنگی زۆرباشن، بەرهەمی باشیان هەیە، بەڵام کە دەیاندوێنم دەڵێن لەبەر بێ پارەیی هیچمان بۆ ناکرێت.

**رووداو: سیدییە نوێیەکەت چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی رابردووت؟**

**محەممەد رەئوف:** کێشەی گۆرانیبێژی کورد ئەوەیە خۆیان ئاواز بۆ خۆیان دادەنێن، ئێمە ئاوازدارمان نییە، دوو بۆ سێ ئاوازدانەرمان هەن بەشی ئەو هەمووە ناکەن، لێرەدا کێشەیەک هەیە کە خۆت زۆر ئاوازت بۆ خۆت دانا، گۆرانییەکانت هەموو لەیەک دەچن.

لەو بەرهەمەمدا زۆر گرنگیم بە موزیک داوە، موزیکژەنەکان کارێکی باشیان بۆ کردووم، باوەڕ ناکەم گۆرانییەکی تێدا بێت موزیکەکەی خراپ بێت، دواتر پێوەندیم بە چەند ئاوازدانەرێکەوە کرد، بۆ ئەوەی جیاوازییەک لە شێوازی گۆرانییەکانی پێشووم دروستبکەم، بەخۆمەوە 5 ئاوازدانەر لە سیدییەکەمدا بەشداربوون و ئاوازی گۆرانییەکانیان داناوە، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک خەڵکی پێمدەڵێن حەزمان لەگۆرانییەکانی پێشووتە، بەڵام من لای خۆم هەستدەکەم ئەمە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ من. ئەگەر بتوانم لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام بم، رەنگە بتوانم زیاتر خزمەت بەهونەری کوردی بکەم.

## نەرویج 600 پەنابەر دیپۆرت دەکاتەوە



**روودلو — ئاژانسەکان**

حکومەتی نەرویج بەنیازە تا سەرەتای ساڵی داهاتوو (600 پەنابەر رەوانەی وڵاتەکانیان بکاتەوە، کە ژمارەیەکیان کوردن. دەشتی جەمال، سکرتێری فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، رایگەیاند ئەو زانیارییەیان لەلایەن پەنابەرانی نەرویجەوە پێگەشتووە و سەرجەم ئەو پەنابەرانە دەگرێتەوە کە لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە داوای مافی پەنابەریان رەتکراوەتەوە. گوتیشی "ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە گەڕان و پشکنین بەدوای پەنابەراندا دەستی پێکردوە و لەناویشیاندا ژمارەیەکیان کوردی باشوری کوردستانن".

## بەشی کوردی لە رادیۆی دەنگی رووسیا:

# بۆ هەواڵ و زانیاری سوود لە رووداو وەردەگرین

### "بەداخەوە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ میدیای باشووری کوردستان نییە"

**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو- مۆسکۆ**

یەکێکە لە 5 رادیۆ بەناوبانگەکەی جیهان، رادیۆی دەنگی رووسیا 84 ساڵ لەمەوبەر و لە 1929/10/29 لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیا بەناوی رادیۆی (مۆسکۆی نێونەتەوەیی) بەزمانی رووسی کەوتەکار. پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ رادیۆی دەنگی رووسیا و بەشەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی و ئینگلیزی کرانەوە. ئەمڕۆ ئەو رادیۆیە بە 40 زمانی بیانی بەرنامەکانی خۆی لەسەر شەپۆلی کورت و شەپۆلی FM پەخش دەکات کە زمانی کوردی یەکێکە لەوان و لەساڵی 2008ەوە پەخش دەکات.

کارمەندەکانی بەشی کوردیی ئەو رادیۆیە کە لە کوردی باکوور و رۆژئاوای کوردستان و ناوچەی قەفقاز پێکدێن سەرباری هەندێک کارمەندی رووس، ئەو رۆژەی (رووداو) سەردانیکردن، سەرقاڵی کاری وەرگێڕان و ئامادەکردنی بەرنامەکان بوون. لە تەنیشت کۆمپیوتەرەکانیان ئاڵای کوردستان لەتەک ئاڵای رووسیا دانرابوون و لەناو ستۆدیۆی رادیۆکەش ئاڵایەکی کوردستان هەڵواسرابوو. سەرپەرشتیار و کارمەندانی ئەم رادیۆیە هیچیان دەرچووی بەشی راگەیاندن نین، بەڵام خۆشەویستییان بۆ کارەکەیان و بۆ زمانی کوردی، وای لێکردوون ماندوونەناسانە کاربکەن.

جولیا سەعید، پسپۆڕی مێژوو، سەرپەرشتیاری بەشی کوردییە لە رادیۆی دەنگی رووسیا کە ئافرەتێکی رووسە، بەڵام هاوسەرەکەی کوردە، بۆیە بە کوردییەکی باش قسە دەکات و جار جاریش وشەی رووسی تێکەڵ دەکات.

جولیا گوتی کە ئەم رادیۆیە، رادیۆی فەرمیی حکومەتی رووسیایە، هەربۆیە سیاسەت و ئایدیای حکومەتی رووسیا پەخش و بڵاودەکاتەوە.

جولیا باسی بەشی زمانی کوردی کرد کە لە 2008/5/19 کەوتە کار و تائێستا رۆژانە تەنیا یەک کاژێر، لە 7 بۆ 8ی ئێوارە بەکاتی مۆسکۆ، بەرنامەکانی پەخش دەکات و بۆ رۆژی دواتریش لە کاژێر 11 بۆ 12ی پێش نیوەڕۆ دووبارە دەبنەوە.

بەڵام زۆربەی زمانەکانی دیکەش لەو رادیۆیە سەرەتا هەر ئاوا دەستیانپێکردووە، بەشی عەرەبی کە لەمانگی ئابی 1943 کەوتەکار، سەرەتا بە سێ کارمەندەوە تەنیا نیو کاژێر پەخشی هەبوو.

ئەمڕۆ ئەو رادیۆیە بەگشتی 450 بەرنامەی جۆراوجۆری سیاسی و فەرهەنگی و کەلتووری و مێژوویی و ئابووری پێشکەش دەکات.

بەشی کوردی کێشەیەکی زۆری هەیە لەڕووی پەیداکردنی کارمەند. جولیا دەڵێت "هەوڵ دەدەین پەیامنێرانمان زیاد بکەین". هەروەها گوتی "بەرنامەکانمان تەنیا بەشێوەزاری کرمانجی بڵاودەکرێنەوە، چونکە ئەوانەی لێرە کاردەکەن هەموویان هەڵگری رەگەزنامەی رووسین، تائێستا کەسمان دەستنەکەوتووە کە شێوەزارێکی دیکەی کوردی بزانێت و رەگەزنامەی رووسی هەبێت".

مستەفا سینۆ، بێژەر و وەرگێڕ لە بەشی کوردی رادیۆکە، باسی گرنگیی کردنەوەی بەشی کوردی کرد لەو رادیۆیە کە بەبڕوای ئەو "مانای وایە کورد فاکتەرێکی گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناڤین، ئەگەر جاران زیاتر کێشەی عەرەب بەرچاو بوو، ئەوە ئەمڕۆ پرسی کورد بووەتە پرسێکی گرنگ و جێی بایەخی وڵاتانی دەرەوە، رووسیاش وەک یەکێک لە وڵاتە باڵادەستەکانی جیهان رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد نەتەوەیەکی گەورەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رووسیاش بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاودەگرێت لە ئێستا و داهاتوودا، رۆڵ و پێگەی کوردیش دەبینێ لە ناوچەکەدا، بۆیە دەیەوێ بەزمانی کوردی موخاتەبەی گەلی کورد بکات".

ئەو بەشە وەک مستەفا سینۆ گوتی، بە هەوڵ و خەمخۆریی میخایل باریشۆڤ، بەرپرسیاری ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رادیۆکە و چەند کوردێکی رووسیا کرایەوە.

سەبارەت بەوانەی لە بەشی کوردی رادیۆکە کاردەکەن، مستەفا گوتی: "ئەو کارمەندانەی لەم بەشە کار دەکەن کوردی رۆژئاوا و باکووری کوردستان و هەروەها کوردی رووسیاشی تێدایە، تەنانەت رووسیشی تێدایە بەڵام زمانی کوردی دەزانێ".

دەربارەی کێشە و ئاستەنگەکانی بەشی کوردیش گوتی: "لەسەرەتای کردنەوەی بەشی کوردی کێشەی سەرەکیمان کەمی و نەبوونی خەڵکانی پسپۆڕو شارەزا بوو لە بواری میدیایی و زمانەوانیدا، بەڵام دوای 5 ساڵ کارکردن، ئەزموون و شارەزاییمان پەیدا کردووە و لە جاران باشترین".

بەشی کوردی لەو رادیۆیە دوو جۆر پرۆگرامی هەیە، یەکێکیان ناوەندییە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی رادیۆوە بە زمانی رووسی بۆ ئەوان رەوانە دەکرێت، جۆرەکەی دیکەش ئەوانەن کە خۆیان ئامادەیان دەکەن.

مستەفا سینۆ لەبارەی پەیوەندییان لەگەڵ میدیاکانی باشووری کوردستان دەڵێت: "مخابن تائێستا پەیوەندیمان نییە، چەند جارێک رۆژنامەنووسانی باشوور هاتوون ریپۆرتاژیان کردووە، لێ مخابن هیچ پەیوەندییەکی فەرمیمان لەگەڵ هیچ دەزگایەکی راگەیاندنی کوردی نییە، هەرچەندە زۆر پێویستە و دەخوازین لەمەودوا پەیوەندی دروست بێت لە نێوانمان، چونکە بوونی دەزگایەکی راگەیاندن بەزمانی کوردی لەدەرەوەی کوردستان زۆر گرنگە".

سینۆ داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ رادیۆی دەنگی رووسیا ببەستێت بۆ پێشخستنی بەشی زمانی کوردی.

هەر لەوبارەوە کامیز شەدادی، وەرگێڕ و پێشکەشکار دەڵێت یەکێک لە کێماسییەکانیان کەمیی پەیامنێرەکانیانە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان "لە باشووری کوردستان تەنیا لە شاری سلێمانی پەیامنێرمان هەیە، لە باکووریش تەنیا لە ئامەد. کێماسییەکی دیکەمان ئەوەیە کە بەرنامەکانمان تەنیا بەشێوەزاری کرمانجی پێشکەش دەکرێن. ئینجا کێشەی سەرەکیمان لە وەرگێڕانە، چونکە زمانی کوردی تائێستا نەبووەتە زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوو، بۆیە هەر وەرگێڕێک لە روانگەی خۆیەوە لێکدانەوە دەکات".

کامیز سەبارەت بە راگرتنی پەخشی رادیۆکەیان لە رێی زاگرۆس تیڤی، گوتی: "رادیۆکەمان ئێستا لەسەر شەپۆلی کورت پەخش دەکات، چەند ساڵێک بوو لە هەرێمی کوردستان بە FM بڵاودەکرایەوە لەسەر زاگرۆس تیڤی، مخابن ئەوە دوو ساڵە ئەو گرێبەستەی لە نێوانماندا هەبوو، لەلایەن زاگرۆس تیڤییەوە درێژ نەکرایەوە".

کارینا فەتیسهانی، کوردی جۆرجیا کە لە مۆسکۆ نیشتەجێیە، یەکێکی دیکەیە لە کارمەندانی ئەو بەشە کە ماوەی 5 ساڵە وەک دەرهێنەر و پێشکەشکار کاردەکات.

کارینا کۆلێژی پزیشکی تەواوکردووە و پزیشکی منداڵانە، بەڵام وەک خۆی گوتی، لە تەمەنی لاوێتی و خوێندنی زانکۆ، لەپاڵ خوێندنەکەی سەرقاڵی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کاری راگەیاندن بووە. کارینا گوتی: "ئەو کێشە و ئاریشانەی دووچاری نەتەوەی کورد و ئافرەتی کورد بوونەتەوە، بوونە هاندەری سەرەکیم بۆئەوەی لە پاڵ خوێندنی پزیشکی، لەبواری میدیا و کاری رێکخراوەییدا چالاک بم، لەساڵی 2008یشەوە کاتێک بەشی کوردی کرایەوە، هاتمە ئێرە بۆئەوەی خزمەتێکی بچوک پێشکەشی گەلەکەم بکەم".

بایرام شەکەر، ئەندازیاری تەلارسازی و بێژەری رادیۆ کە خەڵکی باکووری کوردستانە و لە مۆسکۆ نیشتەجێیە، باسی کارەکەی خۆی کرد و گوتی: "من لێرە بەرنامەیەک ئامادە و پێشکەش دەکەم بەناوی ( پانۆرامای کوردی) کە لە هەفتەیەکدا 3 جار پێشکەش دەکرێت، لە بەرنامەکاندا هەر هەواڵ و بابەتێک لەسەر کورد و کوردستان لە رۆژنامە و گۆڤار و سایتە کوردی و بیانیەکان بڵاوکرابێتەوە، دەیگەیەنمە گوێگران".

بایرام گوتیشی: "رووداو یەکێکە لەو سەرچاوانەی لە زۆربەی بەرنامەکانمدا سوودی لێوەردەگرم بۆ هەواڵ و زانیاری".



کارمەندانی بەشی کوردی لە رادیۆ رووسیا

## بۆ دووەم جار لەسەریەک

# پزیشکێکی کورد لە پزیشکە هەرە باشەکانی ئەڵمانیایە




**زەکی ئۆزمەن**
**رووداو- ئەڵمانیا**

دەروونناسی کورد د.شەفیق تاگای لەلایەن گۆڤاری تەندروستی ئەڵمانی (Focus Gesundheit) بە یەکێک لە پزیشکە هەرە باشەکانی ئەڵمانیا هەڵبژێردرا. ئەویش بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکانی بواری تەندروستیدا بڵاویاندەکاتەوە.

ئەو پزیشکە کوردە لەگەڵ 14 پزیشکی دیکەی دەروونی لە نەخۆشخانەی زانکۆی دویسبۆرگ — ئێسنی ئەڵمانیا کار دەکات. ساڵی رابردووش لەلایەن هەمان گۆڤارەوە بە یەکێک لە پزیشکە باش و زیرەکەکانی ئەڵمانیا هەڵبژێردرابوو.

ئەو گۆڤارە ساڵانە شرۆڤەیەکی بەرفراوان لە بارەی کاری پزیشکانی ئەڵمانی دەکات و دواتریش باشترینەکانیان هەڵدەبژێرێت.

### ئەڵمانیا 450 هەزار پزیشکی هەیە

لە سەرتاسەری ئەڵمانیا نزیکەی 450 هەزار پزیشک هەن. گۆڤاری تەندروستی Focus Gesundheitساڵانە لەو 450 هەزار پزیشکە، 2500 پزیشک لە پسپۆڕیی جیا جیا وەک باشترین و زیرەکترین پزیشکەکانی ئەڵمانیا هەڵدەبژێرێت.

ئەمساڵیش لە 45 پسپۆڕیی جیاجیای بواری پزیشکی، ئەو پزیشکانەی هەڵبژارد کە دەروونناسی کورد د.شەفیق یەکێک بوو لەوان. د.شەفیق لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری باتمانی باکووری کوردستانە و 33 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژیت. لە ساڵی 1999 خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە.

ئەو لە جیاتی چارەسەرکردنی نەخۆش، لێکۆڵینەوەی تایبەت لەبارەی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات و ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە لە گۆڤارە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکاندا بڵاودەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی ئەو بەتایبەتی دەربارەی psîko-traumatolojy (سایکۆ-شۆک)ن، زۆربەی نەخۆشەکانی د.شەفیق ئەڵمانین کە زۆربەیان نەخۆشیی دەروونی لە جۆری خەمۆکی و شۆک و نەخواردنی خۆراکیان هەیە.

### مانگانە 5-6 کورد سەردانی دەکەن

د.شەفیق لە نووسینگەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی زانکۆی دویسبۆرگ — ئێسن، لەبارەی هەڵبژاردنی وەک یەکێک لە هەرە باشترین پزیشکەکان لەلایەن ئەو گۆڤارە تەندروستییەوە، قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "زۆر دڵخۆش بووم کە لە نێو لیستی باشترین و زیرەکترین پزیشکەکانی ئەڵمانیادا بووم، کاری من زۆر زۆرە، بەڵام ئێستا بەرهەمی کاری خۆم دەبینم، من سوپاسی خودا و مەلیکە تاوس دەکەم کە کارە باشەکانی من دەگەنە خەڵک".

د.شەفیق ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زیاتر سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون و زۆر بە کەمی نەخۆش چارەسەر دەکات "چونکە من لێکۆڵینەوەی تایبەتی زانستی دەکەم، زۆر بە کەمی بواری ئەوەم بۆ دەڕەخسێ نەخۆشەکانم چارەسەر بکەم". گوتیشی "زۆربەی نەخۆشەکانم ئەڵمانین، مانگانەش نزیکەی 5-6 نەخۆشی کورد لە سەرانسەری ئەڵمانیاوە دێنە لام، چونکە لە ئەڵمانیا پزیشکی دەروونیی کورد زۆر کەمن".

د.شەفیق باسی ژیانی خۆی کرد لە باکووری کوردستان و ئەورووپا و گوتی بە زەحمەتییەکی زۆر گەیشتووەتە ئەڵمانیا، لەوێش رووبەڕووی زەحمەتی زۆر بووەتەوە، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە. د.شەفیق کە دوو ساڵە لەسەر یەک ناوی خۆی لە لیستی پزیشکە زیرەک و باشەکانی ئەڵمانیادا دەبینێت، پێیوایە بە ئامانجی خۆی گەیشتووە.

د.شەفیق دەڵێت "ئێمە لە رەوشێکی زۆر ناخۆشدا لە تاراوگە گیرساینەوە، لێرەش پسپۆڕی و ناوبانگ پەیداکردن کارێکی زۆر زەحمەتە، لێرە هەر ئەڵمانەکان دەگەنە ئاستی باڵا، بۆ کوردێک کە لە نێو کێشەدا گەورە بووە و ئێستا ناوی کەوتووەتە نێو لیستێکی لەو شێوەیە، شتێکی کەم نییە". سەبارەت بە رای هاوکارانی نەخۆشخانەکەی، بە تایبەتی پزیشکە ئەڵمانەکان لەبارەی ئەو نازناوە، د.شەفیق گوتی "زۆر لەوان باوەڕ ناکەن کە پەنابەرێک هاتووەتە وڵاتەکەیان و ئێستا ناوی لە لیستی باشترین پزیشکەکانی ئەڵمانیادایە، چونکە لەسەرتاسەری ئەڵمانیا تەنیا 2%ی پزیشکان ناویان دەچێتە نێو ئەو لیستە، پەنابەران لە نێو ئەو لیستەدا زۆر کەم و دەگمەنن، بۆیە ئەڵمانەکان باوەڕ بەوە ناکەن، تەنانەت هەندێکیان ناڕەزایی دەردەبڕن".

# "بابۆ" لە ئەڵمانیا دەبێتە وشەی ساڵ



**رووداو- ئەڵمانیا**

وەشانخانەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانیا، وشەی "babo"ی کوردی وەکو وشەی باوی سەرزاری گەنجان بۆ ساڵی 2013 هەڵبژارد. بەڵام هەندێک لە میدیاکان بە وشەیەکی تورکی ناویان بردووە.

وشەی "بابۆ"ی کوردی لەلایەن وەشانخانەی فەرهەنگی ناوداری ئەڵمانیا Langenscheidt وەکو وشەیەکی باوی سەرزاری گەنجان بۆ ساڵی 2013 دەستنیشان کرد. ئەو وەشانخانەیە ساڵانە بەپێی پلە سێ وشە بە وشەی ساڵ هەڵدەبژێرێت.

ئەو وشەیە نەک تەنیا لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی وشەی ساڵ دەستنیشانکرا، بەڵکو لە ماڵپەری تایبەت بەووەشانخانەیەدا لەنێو ئەو پەیڤانەی بۆ کێبڕکێ دانرابوون، توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت بە کۆکردنەوەی 48%ی دەنگەکان.

وشەی "بابۆ" بەهۆی گۆرانی "Chabos wissen، wer der Babo ist- کوڕ دەزانن بابۆ کێیە؟" لە نێو گەنجاندا بڵاوبووەوە، ئەو گۆرانییە لەلایەن هیپ هۆپی کورد (Haftbefehl) گوتراوە. لەو رۆژەوەی ئەو گۆرانییە بڵاوبووەتەوە، ئەو وشەیە بووەتە وێردی سەرزاری گەنجانی بیانی و ئەڵمانی و بەردەوام لە کاتی قسەی جددی و گاڵتەکردندا ئەو وشەیە بەکاردێنن.

لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی پەیڤی ساڵ لە ئەڵمانیا سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو وشەیە دەڵێت "جێی سەرنجە کە فرەکەلتووری و فرەزمانی کاریگەری لەسەر شێوەزاری گەنجانی ئەڵمانیا دادەنێ".

هەر لەو کێبڕکێیەدا بۆ پەیڤی ساڵ، پەیڤی "fame" بە پلەی دووەم و "gedienen" بە پلەی سێیەم هەڵبژێردران، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو زۆر لە میدیاکانی ئەڵمانیا "babo"یان بە وشەیەکی تورکی ناوبرد لەکاتێکدا گۆرانیبێژەکەیان (Haftbefehl) بە گۆرانیبێژێکی کورد ناوبردووە.

A MEMBER OF Sardar GROUP
SAS ساز لخدمات المركبات AUTOMOTIVE SERVICES
TOYOTA

# گرووپی سەردار (ساز ئۆتۆمۆتڤ – SAS AUTOMOTIVE)

## هەڵدەستێت بە کردنەوەی نوێترین بنکەی خزمەتگوزاری تۆیۆتا لە شاری هەولێر

ســـاز ئۆتۆمۆتڤ (SAS AUTOMOTIVE)/ لقی هەولێر پەیمانتان پێدەدات بە پێشکەشـــکردنی باشترین خزمەتگوزاری دڵخۆشکەر بۆ کڕیارەکانی تۆیۆتای ژاپانی هەروەکو چۆن ئاماژەی پێکراوە لەلایەن سەرۆکی کۆمپانیا بەڕێز سەردار حوسێن حەسەن لە ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگا لە ڕۆژی 2013/11/28 و لە ژێر چاودێری پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی و بەرپرس و وەزیرە بەڕێز و کەسایەتییە ناودار و بەڕێزەکانی ئەم شارە.

تۆیۆتا مۆتۆرز کۆمپانیای ســـاز (SAS AUTOMOTIVE)ی داناوە کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی ســـەردار گروپ بە دامەزراندنی وێســـتگەی ڕێگەپێدراوی تۆیۆتای ژاپۆنی.

خزمەتگوزاری ساز ئۆتۆمۆتڤ (SAS AUTOMOTIVE) بریتییە لەکۆمپانیایەکی هاوبەش لە نێوان عێراق و ژاپان، بە هاوبەشی کومپانیای سۆمیتۆمۆی ژاپانی و گروپی سەردار .

ئێمە لە ڕێگای ئەو پرۆژە هاوبەشەوە بە تێروتەسەلی باوەڕ دەکەین کە بە تەکنەلۆژیای ژاپانی و شارەزایی نێودەوڵەتی لەگەڵ بازار و شارەزایی ساز ئۆتۆمۆتڤ (SAS AUTOMOTIVE) یارمەتی پێگەیشتن و بەرەو پێشبردنی ساز ئۆتۆمۆتڤ دەدەین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی خزمەتگوزارییەکانی .

خزمەتگوزاری ســـاز ئۆتۆمۆتڤ (SAS AUTOMOTIVE) لە پارســـاڵەوە دامەزراوە لە ڕێگای گروپی ســـەردار و سۆمیتۆمۆ کۆرپەرەیشنی کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بازرگانی و وەبەرهێنان لە وڵاتی ژاپان .

هەر وەکو چۆن کە بەڕێوەبەری گشـــتی ســـۆمیتۆمۆ لە عێراق بەڕێز (ئاشیکاوا) ڕوونی کردەوە لە کاتی قسەکانی کە کۆمپانیای سۆمیتۆمۆ ماوەی 400 ساڵە خەریکی بازرگانی کردنن و ئەوان لە ڕێگای بازرگانی مسەوە دەستیان پێکردوە و پاشان بازرگانیان فراوانتر کرد لە ڕیگای دیکەوە کە سەرتاپای جیهانی گرتەوەو بوونە خاوەنی 790 کۆمپانیای جۆراوجۆر لە هەموو جیهان.

سۆمیتۆمۆ کۆرپەرەیشن مێژوویەکی درێژی هەیە لە عێراق، ئەوان لە ساڵی 1966 یەکەم بنکەیان دانا لە عێراق لە شاری بەغدا و لە ساڵی 2011 ەش لە هەرێمی کوردستان .

ساز ئۆتۆمۆتڤ (SAS AUTOMOTIVE) پلانی هەیە ببێتە هاوبەشی هەمیشەیی ژیانت لە ڕێگای ناردنی باشترین خزمەتگوزاری جیهانی بۆ خاوەنەکانی تۆیۆتا لە ڕێگای پێشکەشکردنی (3) ساڵ یان 100 هەزار کیلۆمەتر گرەنتی و پارچەی یەدەگی ئەسڵی و خزمەتگوزاری پلەدار .

ســـازئۆتۆمۆتڤ (SAS AUTOMOTIVE) پلانی بەهێزی هەبوو لەساڵی 2013 بەکردنەوەی (5) بنکەی خزمەتگوزاری ڕێگەپێدراوی تۆیۆتا لەسەرتاسەری عێراق، بنکەی دهۆکیش یەکەم بنکە بوو کە لەمانگی (9) ی ئەمساڵ کرایەوە، ئەمڕۆش بنکەی سەرەکی لە هەولێرکرایەوەو پاشان لەسلێمانیش لە 2013/12/05 پێشانگاکەمان دەکرێتەوە و ئینجا لە بەغدا و بەسرە، لە ئایندەیەکی نزیکیش (2) بنکەی دیکە لەکەرکووک وموسڵ دەکەینەوە .










### لە پێناو خزمەتکردنی بەشداربوواندا

## ئاسیاسێڵ سیستمی ”کاراکردن بە کواڵیتی باش“ دەهێنێتە ئاراوە

لە پێناو بەرزڕاگرتنی ئەو ناوبانگە گەورەیەی لە بازاڕی پەیوەندیەکاندا هەیەتی و برەودان بە سەرکەوتنە یەک لەدوا یەکەکانی، کۆمپانیای ئاسیاسێڵ سیستمی خەڵاتکردنی ئەو بریکار و بنکانەی فرۆشتنی خستەکار کە بە کوالیتی بەرز خزمەتی بەشداربووان و هاوڵاتیان دەکەن و ئاستی بەرز لە فرۆشتن دا تۆمار دەکەن.

لە یەکەم هەنگاودا 85 کۆمپانیا و 8000 بنکەی فرۆشتن لە سەرتاسەری کوردستان و عێراقدا کە لە بەرواری 2013/8/18 وە تا 2013/9/30 بەشدارییان کردو لە پێشبڕکێیەکی بێ وێنەدا حەوت کۆمپانیا و بنکەی فرۆشتن بەم شێوەیەی لای خوارەوە خەڵاتەکانیان بردەوە کە سەرو ئۆتوموبێلی جۆری (فۆرد) ی مۆدێل 2013 یە :

براوەی یەکەم: کۆمپانیای ئاسیافۆن لە (سلێمانی)، براوەی دووەم: کۆمپانیای فرمێسک (بەغدا)، براوەی سێیەم: کۆمپانیای برکە الأجداد (سەلاحەددین) وبراوەی چوارەم: کۆمپانیای شانیک (دهۆک)، براوەی پێنجەم: نوسینگە حنین السید علی احمد (بەسرە)، براوەی شەشەم: سەنتەری ”المدینە المنورە“ی بەڕێز حەیدرە فەرحان زێدان (بەغدا)، براوەی حەوتەم: نوسینگەی (جلولاء سیل)ی فوئاد موتعەب ساڵح (دیالە).

شایانی باسە لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا لە سلێمانی، بەڕێوەبەری گشتی بەشی کۆمێرشیاڵی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ زرنگ فاروق خەڵاتەکانی رادەستی براوەکان کرد.

ڕووداو
ژنان
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2

## ئەمساڵ 33 ژن لە کەرکووک کوژراون



**ڕووداو-کەرکووک**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی کەرکووک، لە ماوەی 11 مانگی ڕابردوودا لە شاری کەرکووک 33 ژن کوژراون، ئەو ئامارە کە ئامارێکی فەرمییە و تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کەرکووک، تێیدا هاتووە لەو ماوەیەدا "33 ژن کوژراون 3 ژنی دیکەیش بە هەڵە کوژراون، 28 ژنیش تێوەگلاون بە کوشتن"، هەر بە پێی ئامارەکە "32 ژنیش ڕفێندراون، 168 ژنیش لێیاندراوە".

## سێ ژن نوێنەرایەتی کوردستان دەکەن لە ئەورووپا

# ژنە نوێنەرەکانی کورد لە ئەورووپا مۆدێلە باوەکەی ڕۆژهەڵات دەگۆڕن



کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی حکومەتی کوردستان لە دەرەوە

**ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ**
**ڕووداو- بەرشلۆنە**

بەپێچەوانەی زۆربـــەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کە تەنیا پیاو لە کونســـولخانە و باڵیۆزخانەکانیـــان دادەنێـــن، حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ لە نوێنەرایەتییەکانی خۆی لە وڵاتانی ئەورووپا داوەتە دەست ژنان. ئەورووپییەکان پێیانوایە ئەوە شکاندنی نەریتە باوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

بەیان ســـامی عەبدولڕەحمـــان کە چەند ســـاڵێکە نوێنـــەری حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانە لە لەنـــدەن، گوتی هەندێک لەو کەسانەی بۆ یەکەمجار دەیانناسێت سەرسام دەبن بەوەی ژنێـــک نوێنەرایەتی هەرێمێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت دەکات لە دەرەوەی وڵات "ئـــەوان ئەوە وەک شـــکاندنی نەریتی باوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینن".

بەیان یەکێکە لەو سێ ژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە کۆی 13 نوێنەرایەتـــی لە سەرتاســـەری جیهاندا. بەیـــان ســـامی، لەدایکبووی شـــارۆچکەی شـــەنگال بە (ڕووداو)ی گـــوت "بۆچی جێی سەرسامی بێت کە ژنێک نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بکات!".

هەرچەندە هەرێمی کوردســـتان بەشـــێکە لە عێـــراق، بەڵام نوێنەرایەتی جیاوازی خۆی هەیە لە وڵاتانی دەرەوە. هەروەها ژنی کورد لە هەندێک بواردا ئـــازادی زیاتریان هەیە بە بەراورد بە ژنانی عەرەب لە عێراق.

ڕێزان قادر، کە لەساڵی 2004ەوە نوێنەری حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتانە لە ئیتاڵیا، گوتی بەدرێژایی مێژوو ژنی کورد لە دەسەڵاتدا بەشدار بوون، بۆیە لەناو کۆمەڵگەدا ڕێزێکی جیاوازیان هەیە. ڕێزان کۆلێژی پزیشـــکی لە ئیتاڵیا تەواو کردووە، بەڵام پیشەی سیاسی هەڵبـــژاردووە و جگـــە لە ئیتالیـــا نوێنەری حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتانە لە هەرێمی بەڵقـــان و وڵاتانی ڤاتیکان و ماڵتاش. بەیان سامی عەبدولڕەحمان دەڵێت پێویستە پێگەی ژن لە حکومەتیشـــدا دیار بێت "پێویستە ژن ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە کابینەی حکومەتدا، بەڵام هەست دەکەم بەرەو دواوە چووین لەو بـــوارەدا". هەروەها گوتی کە بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە بە ســـەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاندووە.

تەنیا یەک ژنە وەزیر لە کابینەی ئێستای حکومەتدا هەیە کە ئەویش ئاسۆس نەجیب، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە. ئاسۆس پێشتر دادوەر بووە و ئەندامی داواکاری گشتی بووە. لە کۆی ئەو 111 کورسیەی پەرلەمانی کوردســـتان، بەپێی سیســـتمی کۆتا 30%ی بەدەســـت ژنانەوەن، ئەمەش وایکردووە کە حیزبەکان زیاتر ژن قبوڵ بکەن لە پرۆســـەی سیاســـیدا. بەیان دەڵێن ئەگەر ئەو سیستمە نەبووایە ئەوا حیزبە سیاســـیەکان ژنیان لە پرۆســـەی سیاســـیدا قبوڵ نەدەکرد "بەڵام ئێستا تەنانەت پارتە ئیسلامیەکانیش ناچار بوون پۆستی حیزبی بە ژن بدەن".

خەمان زرار، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا، پێیوایە قبوڵکردنێکی کۆمەڵایەتی زیاتر هەیە بۆ ژن لە سیاسەتدا. بەڵام گوتیشی هێشتا بەربەست زۆرن، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی موسڵمانن و چەند بەربەســـتێکی عەقڵی و دینی هەن. خەمان بـــە (ڕووداو)ی گوت "چەندین بەربەســـتی کەلتووری هەن و پێویستە ژنان توانای زیاتر نیشان بدەن تا قبوڵ بکرێن".

ئاستی خوێندەواری و حەزیان بۆ سیاسەت لە سەرەتاکانی تەمەندا، وایکردووە ئەم سێ ژنە برەو بە پیشەکەیان بدەن لە کەلتوورێکی پیاوسالاریدا. ڕێزان قادر گوتی کە هەمیشە کەســـێکی سەرسەخت بووە. هەر لەو کاتەی خوێندکار بووە لە کوردستان تا ئەوکاتەی لە تەمەنی 16 ســـاڵیدا هاتووەتە ئیتالیا. ڕێزان کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شـــاری ســـلێمانییە، گوتـــی بەهـــۆی ڕەگەزەکەی دەستنیشـــان نەکراوە بۆ ئەو پۆستە، بەڵکو بەهۆی توانا و باکگراوندییەوە بووە.

خەمانیـــش لـــە تەمەنـــی هەرزەکارییەوە دەســـتی بە کاری سیاســـی کردووە. خەمان گوتـــی "لە تەمەنی 17 ســـاڵییەوە دەســـتم داوەتـــە کاری سیاســـی لەگـــەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا و لە تەمەنی 30 ســـاڵیدا بوومەتـــە ئەندامی پەرلەمـــان. دواتر هاتمە پاریس بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم وڵاتە.

بەیانیش کـــە کۆلێـــژی ڕاگەیاندنی تەواو کـــردووە، 17 ســـاڵ کاری بـــۆ ڕۆژنامـــەی فاینانشیەڵ تایمزی بەریتانی کردووە.

ئـــەو پێیوایـــە چەند شـــتێک هەنگاوێکی ســـەرەکی پێویســـتە بۆ ســـەرکەوتنی ژن بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ وەک خوێندەواری، ڕاهێنانـــی بـــەردەوام، پشـــتگیری خێـــزان و دروســـتکردنی پەیوەنـــدی کار. بـــەڵام بەپێی وتـــەی ڕێکخـــراوە ناحکومیەکان، لە کوردستانێک کە هێشـــتا کەلتوور و نەریتی کـــۆن زاڵە، پیشـــە و توانای ئەم ســـێ ژنە زیاتر وەک شـــتێکی دەگمـــەن دەردەکەوێ. بەپێی ڕاپۆرتێکی ســـاڵی 2012ی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، هێشـــتا کوشتن بەبیانووی پاراســـتنی شەرەف لە کوردستان بەشـــێوەیەکی بەرفراوان هەیە و شـــێواندنی کۆئەندامـــی زاوزێی مێینە بەنـــاوی خەتەنە یەکێکی دیکەیە لە دیاردە بڵاوەکان. بەپێی ڕاپۆرتەکـــە، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەستیکردووە بە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە و بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی دژی ژنان. بەیان دەڵێت یەکێک لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی کوردســـتان ئەوەیە دان بـــەوەدا دەنێین کە گرفتمان هەیە و هەروەهـــا چالاکوانی مافی مرۆڤمان هەیە لەم بوارەدا.

هەرچەنـــدە ئەمـــە وادەکات ڕێـــژەی توندوتیژییەکان زیاتر دیاربن لە کوردســـتان بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە.

# بە ئاگاداریی کارمەندێکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لێیدەدرێ

**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئـــەوەی چەندینجـــار لێیداوە و توندوتیـــژی دژی بەکارهێنـــاوە، ژنێکـــی دانیشـــتووی شـــاری هەولێـــر مێردەکەی دەداتـــە دادگا، ئەو ژنە دەڵێت "مێردەکەم لەبەرچاوی دشەکەم لێیدام، کە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتـــی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی دژی ژنانـــە، بـــەڵام ئەو نەک ڕێگـــری نەکرد، بەڵکو یارمەتی براکەشـــی دەدا".

(ب.ل)، تەمـــەن 22 ســـاڵ، نزیکەی 6 مانگ لەمەوبەر بە ڕێکەوت ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هێشتا دەستگیراندار بووە کە لەلایەن مێردەکەیەوە لێیدراوە.

ئەو ژنـــە گوتی "دەســـتگیراندار بووم، لەگـــەڵ دایکـــم و براکەم چـــووم بۆ بازاڕ، بـــەڵام کە مێردەکەم زانـــی چوومەتە بازاڕ بەدوامدا هـــات، لەبەرچاوی خەڵک ئەڵقەی دەستگیرانداری فڕێدا و گوتی تۆم ناوێت". بەڵام دواتر خوشکی پیاوەکە کە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتـــی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژییە لە هەولێر، ئاشتیان دەکاتەوە و ژیانی هاوسەری پێکدێنن.

وەک (ب) باســـی کرد، دشەکەی ئاگای لە هەموو شـــەڕەکانی نێوانیان بووە، بەڵام قســـەی نەکـــردووە "هەتـــا دوایینجار کە مێردەکـــەم لێیدام، دشـــەکەم بەدیارمەوە وەســـتابوو، نەک هەر قسەی نەکرد، بەڵکو لەگەڵ براکەی هەرچـــی زێڕم هەبوو لێیان سەندم و گوتیان بڕۆ دەرەوە".

ئـــەو ژنـــە چەنـــد خەفـــەت بـــە هەڵســـوکەوتەکانی مێردەکـــەی دەخوات، دوو ئەوەندەش بە دشـــەکەی "چونکە ئەو کارمەنـــدی بەڕێوەبەرایەتییەکـــە کە گوایە بەرگری لە ژنان دەکات". گوتیشی "هەموو جارێ بە دشـــەکەم دەگـــوت براکەت بەو شـــێوەیە لەگەڵـــم خراپە، قســـەی لەگەڵ بکـــە بۆ ئەوەی بـــاش ببێت، بەڵام بە هیچ شـــێوەیەک قســـەی نەدەکرد و لە منیشی نەدەپرسییەوە".

ئـــەو دەڵێت لەو ماوەیـــەی کە خێزانی ئەو پیـــاوە بووە چەندین جار لێی دراوەوە هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام ئەو دانی بەخۆیدا گرتـــووە، بەوهیوایـــەی پیاوەکەی لەگەڵی باش ببێت، بەڵام بێسوود بووە.

وەک (ب) دەڵێت، یەکێک لە کێشەکانی مێردەکەی ئەوە بـــووە کە دڵی لێی پیس بووە "ئەگەر بچووینایە شـــوێنێک و یەکێک ســـەیری بکردمایە دوایی کـــە دەهاتینەوە دەیکرد بە شـــەڕ و دەیگوت ئەو کەسە بۆ سەیری دەکردی؟".

(ب) پێشتر کارمەند بووە لە ڕێکخراوێک، بەڵام مێردەکەی کارکردنیشـــی لێ قەدەغە کردووە "ڕۆژێک هاتە ڕێکخراوەکە لەبەرچاوی کارمەندەکانی ڕێکخراوەکە منی شکاندەوە و قســـەی پێگوتم، گوتیشـــی نابێ ئیدی ئیـــش بکەیت، لەو کاتـــەوە نەچوومەتەوە ســـەر کارەکـــەم". گوتیشـــی "هەموو ئەو ســـووکایەتیەم لـــێ قبوڵکـــرد، بەڵکو لێم تێبگات و وەک هاوســـەرێکی باش ڕەفتارم لەگەڵ بـــکات، چەندینجار دانیشـــتووم و قسەم لەگەڵ کردووە کە منیش وەک هەموو ئافرەتێکی دیکە دەمەوێت ژیانێکی خۆشم هەبێت، ئەویـــش داوای لێبووردنی دەکرد، بەڵام دواتر بیری دەچووەوە".

(ب) پێیوایـــە مێردەکەی نەخۆشـــیی دەروونی هەبێت و دەڵێت جاری وا هەبووە بەبێ هیچ هۆیەک شەڕی پێفرۆشتووە، جگە لەوەش پێیگوتووە نابێت قسە لەگەڵ دایک و ماڵەوەشیان بکات "تەنانەت نەیدەهێشت مۆبایلیشـــم پێببێـــت، ئەگەر مۆبایلیشـــم پێبـــووبـــێ هەفتەیەکی نەخایانـــدووە، یان شکاندوویەتی یان لێی سەندووم".

ئێســـتا (ب) لە ماڵی باوکیەتی، بەڵام هێشـــتا مێردەکەی وازی لێناهێنێت "نامەم بۆ دەنێرێت و قســـەی ناشیرین و هەڕەشە دەنووســـێت". (ب) هەرچەندە نایەوێت لە مێردەکـــەی جیا ببێتەوە، بـــەڵام لە دادگا ســـکاڵای لەســـەر تۆمار کردووە "هیوادارم بەو سکاڵایە مێردەکەم بە خۆیدا بچێتەوە و باش بێت لەگەڵم".



# ئەمساڵ ژنانی سلێمانی 1088 جار توندوتیژیان بەرامبەر کراوە

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە شـــاری سلێمانی، دەریدەخات کە هێشتا پایەختی ڕۆشنبیری بەهەشت نییە بۆ ژنان، بەڵام هەر ئەو ئامارانە دەڵێن توندوتیژییەکان بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کەمیان کردووە.

مـــاوەی هەفتەیەکـــە ژنانـــی هەرێمـــی کوردســـتان، دەرفەتیان لـــە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی وەرگرتووە و دەســـتیان داوەتە هەڵمەتێکی 16 ڕۆژی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، بەڵام هەر لە ســـەرەتای هەڵمەتەکەدا ژنە چالاکوانەکانی شاری سلێمانی ڕووبەڕووی توندتیژی بوونەوە کاتێـــک لە بەردەم بینای ســـلێمانی پالاس، بـــۆ ناڕەزایی دەربڕینێکـــی مۆڵەت پێنەدراو ویســـتیان بەدرێژایـــی شـــەقامەکە بـــڕۆن، بەڵام لەلایەن هێزەکانی پۆلیســـی چالاکییە مەدەنییەکان توندوتیژانە وەڵامدرانەوە.

ئـــەوە لـــە کاتێکدابوو کە لەنێـــو بینای بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، ئامارەکانی 10ی مانگی ئەمســـاڵ ڕادەگەیێنـــران و ژمارەکان بە بەراورد لەگەڵ 10 مانگی 2012 هیوایەکی باشتریان دەدایە ژنە ناڕازییـــەکان. تێکڕای ژمارەکان باس لە کەمبوونەوەی حاڵەتەکانـــی توندوتیژی دژ بەمێینە دەکەن لە سلێمانی.

هێمـــن عەبدولقادر، بەرپرســـی پلاندانان لـــە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیـــژی دژی ژنان دەڵێت، دەیانەوێت لـــەم ڕۆژەدا ئەوە بەبیر خەڵک بهێننـــەوە کە یادێک هەیە لەســـەر ئاســـتی جیهاندا دەکرێتـــەوە "ئێمەش زۆر لـــەو کار و چالاکیانـــەی کـــە نەماندراونەتە دەزگاکانـــی ڕاگەیاندن لەم ڕۆژەدا دەیخەینە ڕوو". هەروەها گوتی "جێگەی دڵخۆشـــییە کە دەبینیـــن ئامارەکانـــی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە چاو ســـاڵانی پێشـــتر ڕووی لە کەمی کردووە".

بـــەڵام بێریڤـــان عەبدولقـــادر، ئەندامی ئەنجوومەنـــی ڕێکخـــراوی ئازادیخـــوازی کوردستان، کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی خۆپێشـــاندانەکەی ژنان، گوتی "هێزەکانی پۆلیـــس بـــە گازی فرمێســـکڕێژ و لێدان و هەمـــوو شـــتێک بەرەوڕوومـــان بوونەوە". گوتیشی "ئەمە نیشانی دەدات کە لە هەرێمی کوردستان ئاســـتی مافەکانی ژن و ئاستی ئازادی و دیموکراسی لە کوێدایە".

(ژن، ژیان، ئازادی) دروشـــمی سەرەکی خۆپیشـــاندانە ناڕەزاییەکـــەی ڕێکخـــراوی ئازادیخوازانی ژنان بوو، لەســـەر هەندێک لە لافیتەکانی دیکە دروشمی دیکەی ناڕەزایەتی نووســـرابوون، ژنان دەڵێن ئەمەیان لە پێناو هێنانـــە دەرەوەی ئـــەو دروشـــمانە لە نێو هۆڵەکانەوە بۆ سەرجادە کردووە.

لـــە ســـێیەمین ڕۆژی هەفتـــەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـــژی دژی ژنان، جارێکی دیکە گرووپی ژیان، وەک پاڵپشتی دەربڕین بۆ ئەو ژنانەی لە خۆپیشـــاندانەکە لێیاندرا، گردبوونەوەیان ســـازکرد و داوایان کرد حکومەت لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوانە بکات کە ئازاری ژنانیان داوە.

ئـــەو گرووپە لـــە بەیاننامەیەکدا جەخت لـــەوە دەکاتەوە کـــە بارودۆخـــی ژنان لە هەرێمی کوردستان "گەیشتووەتە ئاستێکی مەترســـیدار و ســـەرجەم شـــێوازەکانی توندوتیژی و ناعەدالەتی لە ماف و ئازادی و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە دیاردە زەقەکانن".

بەپێـــی ئـــەو ئامـــارەی ڕاگەیێنـــرا، لە سەرەتای ئەمساڵەوە 3 حاڵەتی کوشتن، 2 حاڵەتی خۆکوشتن، 6 حاڵەتی خۆخنکاندن، 67 حاڵەتی خۆســـووتاندن و سووتان، 414 حاڵەتی لێدان، 228 هەڕەشە، 122 حاڵەتی سووکایەتی، 8 حاڵەتی ڕێگری لە شووکردن، 6 حاڵەتی ڕفاندن، 8 حاڵەتی هەوڵی کوشتن و خۆکوشـــتن، 44 حاڵەتی بەدڕەوشتی و 4 حاڵەتی لاقەکردن تۆمارکرابوون لەگەڵ چەند حاڵەتێکی دیکە کە کۆی گشـــتییان 1088 حاڵەتی توندوتیژی بوون.

بەڵام لـــە 10 مانگی ســـاڵی ڕابردوودا، حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان زیاتر بووە، وەک لە ئامارەکەدا هاتووە، 4 حاڵەتی کوشـــتن، 1 خنکانـــدن، 9 خۆخنکاندن، 1 خۆکوشتن، 21 سووتان، 20 خۆسووتاندن، 419 لێدان، 364 حاڵەتی هەڕەشە لێکردن، 70 کێشەی مۆبایل، 53 حاڵەتی جنێودان، 10 حاڵەتی ڕفاندن، 9 هەوڵی کوشـــتن، 3 هەوڵی خۆکوژی، 50 حاڵەتی بەدڕەوشتی، 8 حاڵەتی لاقەکـــردن و 7 حاڵەتی ناپاکیی هاوسەرگیری تۆمارکراون کە کۆی حاڵەتەکان و چەند حاڵەتێکی دیکەش گەیشـــتوونەتە 1225 حاڵەتی توندوتیژی.

بەهار مونزیر، چالاکوانـــی ژنان دەڵێت، نیگەران بووین لـــەوەی چالاکوانانی ژنان لـــە ڕۆژی جیهانیـــی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژیدا بە جۆرێک توندوتیژییان بەرامبەر کرا لەلایـــەن هێزە ئەمنییەکانەوە کە مایەی شەرمەزارییە "هێزە ئەمنییەکان نیشانیان دا کە لە کوردســـتان ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هیچ بەهایەکی نییە".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2

## سابیر لە لایەن ژنەکەیەوە کوژرا



**رووداو-هەولێر**

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، سابیر عەبدوڵڵا ئەحمەد، کە بەرەیانی رۆژی 2013/11/5 لەناو ماڵی خۆیدا کوژرا، ژنەکەی دەستی لە کوشتنەکەیدا هەیە. دوای کوشتنی ئەو پیاوە وا بڵاوکرایەوە، کە دوو عەرەب کوشتوویانە، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی "بکوژی سابیر لە ماوەیەکی کەم ئاشکرا بوو، کە خێزانی دووەمی کوژراوەکە بەناوی (ت.ج.خ) 32ساڵ و (د.ج.خ) 37 ساڵ بوون، کە ئەویش ئامۆزای ژنەکەیەتی، هەردووکیان ئێستا زیندانی کراون".

# دوو گەنجی زاخۆ پێکەوە خۆیان دەکوژن

## توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: مەترسی هەیە ئەو جۆرە خۆکوشتنە ببێتە دیاردە

**یوسف ئەحمەد**
**رووداو- دهۆک**

لە رووداوێکی دەگمەندا، دوو گەنجی خەڵکی شارۆچکەی زاخۆ کە هاوڕێی نزیکی یەکدی بوون، پێکەوە خۆیان دەکوژن. توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەڵێت مەترسی هەیە ئەو جۆرە خۆکوشتنە لە نێو گەنجاندا ببێتە دیاردە.

ئەو دوو گەنجە بەشیر شڤان و نەشوان عادل، هەردووکیان تەمەنیان 18 ساڵان بوو، خوێندکاری 12ی ئامادەیی بوون. بەپێی قسەی کەسوکاریان رۆژی 2013/11/23 پێکەوە لە ماڵ چوونەتە دەرەوە و نەگەڕاونەتەوە، دوای چوار رۆژ تەرمی هەردووکیان لە کەلاوە خانوویەکدا دۆزرانەوە.

بەپێی قسەی کەسوکار و هاوڕێکانیان، بەشیر و نەشوان هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکدی بوون و لە یەک گەڕەکیش گەورە بوون و زۆربەی کات پێکەوە بوون، هەر پێکەوەش ماڵئاواییان لە ژیان کرد.

ئێستا لە جاران زووتر هەواڵی خۆکوشتنی گەنجان دەبیسترێ، بەڵام ئەو جۆرە خۆکوشتنەی بەشیر و نەشوان دەگمەنە. ساڵی رابردووش حاڵەتێکی لەو شێوەیە لە گوندێکی ناوچەی سیدەکان روویدا، بەڵام ئەوان باوک و کوڕ بوون.

هاوڕێیەکی نزیکی نەشوان و بەشیر، زۆر پەسنی ئەو دوو گەنجەی دا و گوتی "ئەوانە دوو کوڕی زۆر چاک بوون، کێشەیان لەگەڵ کەس نەبوو". پێکەوە خۆکوشتنی ئەو دوو گەنجە وادیارە نهێنییەکی لە پشتەوەیە، چونکە بە قسەی کەسوکارو هاوڕێکانیان دوو کەسی بێ کێشە بوون.

هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵی دۆزینەوەی تەرمەکانیان، کەسوکاریان گەیشتنە شوێنی رووداوەکە، ژنێکی بەساڵاچوو کە پێدەچوو کەسێکی زۆر نزیکی ئەو دوو گەنجە بێت، لە نێو ئۆتۆمبێلێک دانیشتبوو لەبەر پۆلیسەکانی فریاکەوتن دەپاڕایەوە کە یەکێک لە تەرمەکانی پێشان بدەن و بۆ دواجار بیبینێ.

خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆببوونەوە، لەناکاو ئەفسەرێکی پۆلیس لە کەلاوە خانووەکە هاتە دەرەوە و گوتی "خۆیان کوشتووە". کەسوکاری ئەو دوو گەنجە دوای ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس کەوتن بۆ فەرمانگەی دادپزیشکی دهۆک، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی خۆیان کوشتووە یان کوژراون، دوای چوار کاژێر قسەی ئەفسەرەکەی پۆلیس پشتڕاست کرایەوە و دەرکەوت خۆیان کوشتووە.

نەقیب بریندار حەمید، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دهۆک، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند "پێش چەند رۆژێک ئاگادار کراینەوە کە دوو گەنج دیارنەماون، بەڵام ئەمرۆ زانیاریمان پێگەیشت کە دوو تەرم لەنێو کەلاوەیەکدا لە گەڕەکی (کەی ئارئۆ) دۆزراونەتەوە و هەمان ئەو دوو گەنجە بوون". گوتەبێژەکەی پۆلیس لێدوانەکەی بە "لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن" کۆتایی هێنا و گوتیشی "تا ئێستا هیچ گومانلێکراوێک دەستگیر نەکراوە"، چونکە "بەپێی لێکۆڵینەوەکانمان ئەوان خۆیان کوشتووە".

پۆلیس هیچ سیناریۆیەکی نەخستووەتە روو کە چۆن ئەوانە خۆیان کوشتووە، بەڵام خەڵکەکە باسی سێ سیناریۆ دەکەن کە زیاتر لە گریمانە دەچن. یەکەم: ئەوان کێشەیەکیان هەبووە کە خەڵکیش نازانێت، بۆیە رێککەوتوون یەک لە دوای یەک خۆیان بکوژن. دووەم: یەکێکیان ئەوی دیکەی کوشتووە و دواتر خۆیشی کوشتووە، ئەمە ئەو سیناریۆیەیە کە پۆلیس دەیگێڕێتەوە و کارەکەش بە یەک دەمانچەی جۆری (میکارۆڤ) ئەنجامدراوە. سێیەم: هەندێک دەڵێن بەدەستی کەسی سێیەم کوژراون و هۆکار و بکوژی کوشتنیان دیار نییە.

بەڵام توێژەرانی کۆمەڵایەتی قسەیەکی دیکەیان هەیە و دەڵێن بە هەر شێوەیەک خۆیان کوشتبێ، دیارە لە ژێر فشارێکی دەروونی زۆردا بوون، چونکە ئەگەر فشاری دەروونی نەبێت، کەس خۆی ناکوژێت. بەڵام لێدوانەکەی پۆلیس هەندێک کەسی تووشی شۆک کردووە، بەتایبەتی توێژەرانی کومەڵایەتی کە مەترسی ئەوەیان هەیە ئەو جۆرە خۆکوشتنە ببێتە دیاردە.

عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان، توێژەری کۆمەڵایەتی لە دهۆک دەڵێت "ئەمە مەترسییەکی زۆر گەورەیە ئەگەر ئەم حاڵەتانە چارەسەر نەکرێن ئەوا لە داوڕۆژدا دەبنە سێ کەس و دواتر چوار و پێنج و دەبێتە دیاردە، ئەم رووداوە شتێکی ئاسایی نییە و دەگمەنە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە سنووری پارێزگای دهۆک".



نەشوان عادل



بەشیر شڤان

تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de



# میدیای کوردی و ژن

میدیای کوردی نەیتوانیوە رۆڵێکی کاریگەری هەبێت و کار لەسەر گۆڕینی عەقڵی کۆمەڵگە بکات، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان بۆ دابین بکات و کار بۆ یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات. بەپێچەوانەوە زۆرجار بووەتە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی ئینتیما و پەرەپێدانی دووبەرەکی و جیاکاری لە نێوان چین و توێژەکان و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان. میدیای کوردی پێچەوانەی ئەرکی راستەقینەی خۆی کاری کردووە و کاردەکات، بۆیە نەیتوانیوە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات و دیالۆگی جددی لەنێوان گرووپە جیاوازەکان دروستبکات. میدیای کوردی لەبەر ئەوەی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆی نییە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کەسانەی پاڵپشتی دارایی ئەو کەناڵ و دەزگا میدیاییانە دەکەن. ئەوانیش بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن.

گرووپێک کە بڕوایان بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، پێیانوایە ئەم دابونەریتانە پیرۆزن و نابێ دەستکاری بکرێن و مایەی قسە لەسەرکردن نین، هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە دەبنە هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی جیاکاریی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و زیادکردنی توندوتیژی لە نێو خێزان و کۆمەڵگەدا. ئەم گرووپە ژن تەنها وەک جەستەیەکی وروژێنەر و بێ مێشک وێنا دەکەن و بە هۆکاری فیتنەی دەبینن لە نێو کۆمەڵگەدا، بۆیە بەردەوام ئەو وێنە نێگەتیڤەی ژن لە میدیای ئەم گرووپەدا خۆی نمایش دەکات و پەرە بە سیستەمی پەراوێزکردنی ژنان دەدات. لە باشترین حاڵەتدا وێنەی ژن لای ئەم گرووپە دایکێکی بێچارە و ژنێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ و رازی بەو چارەنووسەی کە لەلایەن کەسوکار و کۆمەڵگەوە بۆی دیاری کراوە.

گرووپەکەی دیکە کە خۆیان جیاواز لە گرووپی یەکەم دەناسێنن، ناویان لە خۆیان ناوە عەلمانی و ئازادیخواز و دەیانەوێ کار بۆ گۆڕانکاری بکەن لە کۆمەڵگەدا، بانگەشەی بەشداریی ژنان دەکەن لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. ئەم بانگەوازە تەنیا رێکلامێکی بێ ناوەڕۆکە، چونکە ئەم گرووپەش نەیانتوانیوە یەک حەلقەی ئەو زنجیرەیە بشکێنن کە لە قاچی هەموومان ئاڵاوە. ئەم گرووپە لە هەمان بازنەی گرووپی یەکەمدا دەخولێنەوە. خوێندنەوەیەکی راستیان نییە بۆ کار و پێکەوە ژیانی تاکەکان لە نێو خێزان و کۆمەڵگەدا. ئەگەر لە رووکەشدا جیاوازییەک هەبێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا جیاوازییان لەگەڵ گرووپی یەکەمدا نییە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چی بکرێت باشە، چۆن وێنەی ژن لە کەسێکی بەستەزمان و گوێڕایەڵەوە بگۆڕین بۆ کەسێکی ئاکتیڤ لە نێو کۆمەڵگەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ میدیاکاران و بەڕێوەبەرانی ئەم دەزگایانە ستراتیژیەتی کارکردنی خۆیان بگۆڕن. دەبێت ئەوە بزانن کە کاری میدیا بە هەموو بەشەکانییەوە دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە گۆڕینی عەقڵی تاکەکان، میدیاکان دەبێ وێنەیەکی راستەقینەی کۆمەڵگە پێشانی خەڵک بدەن و کار بۆ گۆڕین و باشترکردنی ئەو وێنەیە بدەن کە کۆمەڵگە دەقی پێوەگرتووە. کێشەی ژن لە کێشەی کۆمەڵگە جیانەکەنەوە، کێشەکانی ژن و کۆمەڵگە سەرەتای کاری رۆژانەیان بێت، نەک تەنها لە بۆنەکاندا بەبیریان بێتەوە کە کێشەک هەیە لەم وڵاتە ناوی کێشەی ژنە.

## دەڵێن بەهۆی کاریگەری مردنی براکەی بووە

# گەنجێک لە نێو گازینۆکەیدا خۆی دەکوژێت



ئەو گازینۆیەی عومەر بە دەمانچەیەکی بێدەنگ خۆی تێدا کوشت (فۆتۆ: رووداو)

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

گازینۆکەی عومەر تەنیا یەک تاک قەنەفە و کورسییەکی دار و مێزێکی بلیاردی تێدایە، گازینۆیەکی زۆر نارێکە، تەنانەت لایەکی دیوارەکەی بلۆکەکانی هەر بەدەرەوەن، ئەو گازینۆیە شەوان جمەی دەهات لەو گەنجانەی حەزیان لە یاری بلیاردە، بەڵام لەدوای مەرگی عومەرەوە کەس تەقەی لە تۆپەکانی سەر مێزی بلیاردەکەوە نەهێناوە.

شەوی 2013/11/26 گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان بەناوی عومەر حەمە عەلی کە خاوەنی گازینۆیەک بوو، هەر لە نێو گازینۆکەی خۆیدا بە دەمانچەیەکی بێدەنگ گوللەیەکی لە سەری خۆی دا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، کەسوکاری دەڵێن عومەر کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە و نازانن بۆچی خۆی کوشتووە.

ماڵی عومەر کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەڵەبجەن، بەهۆی شەڕی براکوژییەوە ئاوارەی هەولێر بوون و ماوەی چەند ساڵێکە لە ناحیەی کەسنەزان دادەنیشن.

زەبوون بەرزنجی کە دراوسێی گازینۆکەی عومەر بوو، باسی ئەو شەوەی کرد کە عومەر خۆی تێدا کوشت و گوتی "هەرچەندە خۆم لە شوێنی رووداوەکە نەبووم، بەڵام وەک دراوسێیەک ئەوەندەی ئاگاداربووم، ئەو شەوە عومەر و چەند هاوڕێیەکی لە گازینۆکە دەبن، هاوڕێکانی بلیارد دەکەن و هەر ئەوەندە دەزانن عومەر دەکەوێتە سەر زەوی و خوێن لە سەری دێت، ئەوانیش خێرا هەڵیدەگرنەوە و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پێش ئەوەی بیگەیەننە نەخۆشخانە لە رێگا گیان لەدەستدەدات".

عومەر سێیەم کوڕی خێزانەکەیانە و 5 برا و 2 خوشکی هەن، تاوەکو پۆلی سێیەمی بنەڕەتی خوێندبوو. وەک کەسوکاری باسی دەکەن، عومەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا نەخۆش دەکەوێت و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، لەوێ پزیشکەکان دەرزییەکی لێدەدەن و بەهۆی ئەو دەرزییەوە پێنج دەماری قاچی لە کار دەکەون و کەمئەندام دەبێت، بۆیە توانای کارکردنی نابێت و گازینۆیەک دادەنێت و خۆی پێوە خەریک دەکات.

خانەوادەی عومەر و هاوڕێکانیشی، هۆکاری خۆکوشتنەکەی بۆ مردنی براکەی دەگەڕێننەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆوە گیانی لە دەستداوە و عومەریش زۆر بە مەرگی براکەی نیگەران بووە و هەمیشە خەفەتی خواردووە.

هۆشمەند، برا گەورەی عومەر لە دووەم رۆژی پرسەی براکەیدا لە مزگەوتێکی نزیک ماڵەکەیان قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "عومەری برام کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو، لە ماڵەوەش هیچ کێشەی نەبوو، بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر برایەکمان بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەستدا کە لە عومەر بچووکتر بوو، ئەوان جگە لەوەی برا بوون، وەک دوو هاوڕێش وابوون، عومەر زۆر خەمی دەخوارد بە مەرگی براکەی، ئێمەش هەموومان خەمبار بووین بە لە دەستدانی ئەو برایەم، بەڵام عومەر لە هەمووومان زیاتر، بۆیە پێمانوایە هەر ئەوە هۆکارەکە بووە".

خۆکوشتن لە نێو گەنجاندا خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە و زۆربەی گەنجانیش بە تایبەتی کوڕان بە دەمانچە خۆیان دەکوژن، ئاسان دەستکەوتنی چەکیش زیاتر پەرەی بە خۆکوشتنی گەنجان داوە.

هاوڕێکانی عومەر قسەی کەسوکارەکەی پشتڕاستدەکەنەوە و دەڵێن عومەر دوای مردنی براکەی هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕاوە و زۆربەی کاک خۆی دوورەپەرێز گرتووە لە هاوڕێکانی. تەنانەت باسی ئەوەی کردووە کە خۆی دەکوژێت.

سوارە ئەرسەلان، هاوڕێی عومەر، باسی ئەوەی کرد کە عومەر دوای مردنی براکەی زۆر نەدەچووەوە ماڵەوە "زۆرجار دەیگوت خۆم دەکوژم". ئەرسەلان گوتیشی "عومەر کوڕێکی بێ کێشە بوو، تا ئێستاش هیچ شتێکی باس نەکردووە لای هاوڕێکانی تا بڵێین لەبەر ئەو هۆکارە خۆی کوشتووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دوای براکەی زۆر تێکچوو بوو".

خانەوادەکەی عومەر هیچ کەس تۆمەتبار ناکەن و کەسیش بە هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەیان نازانن و دەڵێن رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، دواجار عومەریش وەک زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، نهێنی خۆکوشتنەکەی لەگەڵ خۆی بردە ناو گۆڕ.

# سلێمانی بەرزترین تێکڕای تەمەنی هەیە لە عێراقدا

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی نوێترین ئامار کە لە وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە بڵاوکرایەوە، پارێزگای بەسرە پێش پارێزگای سلێمانی دایەوە لەڕووی ڕێژەی گەشەسەندنی دانیشتووانەوە. لە کاتێکدا ئامارەکان تاوەکو ساڵی 2012 لەو ڕووەوە لە بەرژەوەندی سلێمانی بوون. بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێت بیرکردنەوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی سلێمانی "لەڕووی پێکەوەنانی خێزان و خستنەوەی منداڵەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە".

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی ئاشکرای کرد تاوەکو چەند ساڵێک لەمەوبەریش، سلێمانی ڕێژەی گەشەسەندنی باشتر بووە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق، بەڵام ئەمساڵ وادەردەکەوێ کە پارێزگای بەسرە پێشیدابێتەوە. ئەو هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو پارێزگایە ئێستا دەرفەتی کار باشتر بووە و قەبارەی خێزانەکان زیاتر بووە لە 6 کەسەوە بۆ 7 و زیاتر بەشێوەیەکی گشتی "پارێزگای سلێمانی بچووکترین قەبارەی خێزانی هەیە کە 5 کەسە، هەولێر 6 کەسە، لە دهۆکیش تێکڕای ئەندامانی خێزان 7 کەسە". هەرچەندە ئامار و سەرژمێری، بەهۆی سیاسەتی پێشووی ڕژێمی عێراقەوە، یەکێک بووە لە کەرتە پشتگوێخراوەکان و بەوهۆیەوە تاوەکو ئێستاش باجی نەبوونی سەرژمێرییەکی نوێ و دروست دەدات، بەڵام ئاماری هەرێمی کوردستان داتاو ئامارەکانی لەسەر سەرژمێری 2009 بونیاد ناوە کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.



چەند بەساڵاچوویەکی شاری سلێمانی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان )

بەپێی ئامارێکی نوێ کە بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی باسیدەکات، ئێستا سلێمانی بەرزترین تێکڕای تەمەنی هەیە لە عێراقدا و بەشێوەیەکی گشتی بەرزترین تێکڕای تەمەن 71 ساڵە. بەو پێیەش دانیشتوانەکەی بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە زۆرترین تەمەنیان هەیە "چونکە هەم لەڕووی کەشوهەوا و هەم لەڕووی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئارامییەوە، شارێکی باشترە" مەحمود عوسمان وایگوت.

هەروەها باسی ڕێژەی گەشەسەندنی دانیشتووانی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت پارێزگای بەسرە لە پێش هەموویان بووە کە ڕێژەی گەشەسەندنەکەی 5.8% بووە، دواتر پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی 3.6% دێ و هەولێر بەسێیەمین پارێزگا دێ بە تۆمارکردنی 3.5%، لە شارەکانی دیکەی عێراقیش دیالە لە دوای هەموو پارێزگاکانی عێراقەوە دێت لەڕووی ڕێژەی گەشەسەندنی دانیشتووانەوە کە 1.7%ەو دوای ئەویش کوت و سەلاحەدین و کەرکووک دێن بە ڕێژەی 2.2% . سەرژمێری گشتی ساڵی 1997 دوا سەرژمێرییە لە عێراق ئەنجام درابێ، ئەویش بەبێ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک). تا ئێستاش سەرژمێری یەکێکە لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان کە هۆیەکە بۆ کەرکووک دەگەڕێتەوە. بەڵام بەرپرسانی ئامار لە هەرێمی کوردستان دەڵێن ئەوان پشت بە داتا و ئاماری ساڵانەی لەدایکبوون و کۆبوونی خۆراک دەبەستن بۆ ئامار و ڕێژەی دانیشتوان.

مەحموود عوسمان، دەڵێ بە پشتبەستن بە ئامار و سەرژمێرییەکانیان لە 2009 و 2010دا، ڕێژەی گەشەسەندنی دانیشتووانی سلێمانی 3.5% ەو هەر لەو ئاستەدا وەستاوە. هەروەها دەڵێت لەساڵی 2011 دا ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی 47 هەزار کەس زیادی کردووە، لە 2012دا 46 هەزار و 500 کەس و ئەمساڵیش پێدەچێ 50 هەزار زیاد بکات. هەروەها پێشبینی دەکرێت ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە ساڵی 2015دا بگاتە 2 ملیۆن و 146 هەزار و 320 کەس.

بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوولەی خۆراک لە سلێمانی، نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی وەک پێویست ناچن بەدەم تۆمارکردنی ناوی منداڵە تازە لەدایکبووەکانیانەوە لەسەر کۆبوونی خۆراک. بەیان محەممەد گوتیشی "ئەوە وادەکات هەمیشە ڕێژەی دانیشتووان و زیادکردنی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کەم دیار بێ".

پارێزگای سلێمانی، لە 16 قەزا و 45 ناحیە و 420 هەزار خێزان پێکدێت، بە بڕوای مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی ئەگەر دانیشتووانەکەی بەو شێوەیە بیر بکەنەوە لەڕووی خستنەوەی منداڵ و فراوانکردنی خێزانەوە، ژمارەی دانیشتووانەکەی بەشێوەیەکی لەسەرخۆ زیاد دەکات.

**زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان |
|---|---|
| 2009 | 1797508 |
| 2010 | 1851433 |
| 2011 | 1906976 |
| 2012 | 1964186 |
| 2013 | 2027000 |
| 2014 | 2083800 |
| 2015 | 2146320 |

دوو مانگە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە

# بکوژی ژنێک بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە دەستگیر دەکرێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- گەرمیان**

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر بڕیارەکەی دادگا کە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکردبوو، دەستگیر کرا. دادگا یەکلاییکردەوە کە ئەو گەنجە تاوانبارە و دەستی هەیە لە کوشتنی کچێک لە گەرمیان. هەربۆیە ڕەوانەی لای هاوڕێیەکی دیکەی دەکرێت کە پێشتر لەسەر هەمان دۆسیە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو.

دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارە، دوای ئەوە هات کە بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە منداڵێکی کوشت، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، دیسان ویستوویەتی خۆی دەرباز بکات، بەڵام "پۆلیسەکان ناسییانەوە و دەستگیریان کرد".

شۆخان نزیکەی دووساڵ لەمەوبەر لەلایەن دوو گەنجەوە کوژرا کە یەکێکیان تاوەکو 2013/11/23 دەستگیر نەکرابوو. دادگا سزای لەسێدارەدانی بۆ هەردووکیان دەرکردبوو.

دادگای تاوانەکانی کەرکووک- گەرمیان، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ هەردوو تاوانباری کەیسی کوشتنی شۆخان محەممەد ئەمین، بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی لە 2013/9/17 دەرکرد. تاوانباران ناویان (هەڵۆ. ل. ع) 25 ساڵ کە پۆلیسە، لەگەڵ (ڕێبوار. س) 32 ساڵ کە پێشمەرگەیە. پێشتریش لە 2013/6/17 سزای لە سێدارەدان و غەرامەکردن بە بڕی 20 ملیۆن دینار بەسەر (هەڵۆ) دا سەپێنرابوو، بەڵام دووبارە دادگا ئەو بڕیارەی لە دژی هەردووکیان دەرکردەوە.

مقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای چەند دانیشتنێکی دادگا، بە ئامادەبوونی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان و کەسوکاری کوژراو و تاوانبارەکان، بڕیاری لەسێدارەدان بۆ هەردوو تاوانبارەکە دەرکرا، بڕیاری دادگا دوای ئەوە هات کە (هەڵۆ) لەبەردەم دادوەردا دانی بە تاوانەکەیدا نا". شۆخان لەدایکبووی 1989 بوو، دانیشتووی شاری کەلار و کچی ماڵەوە بوو، لە ڕۆژی 2012/2/29 دیارنەما و دواتر ڕۆژی 2012/3/7 لە ناوچەی قەرەهەنجیری نزیک شاری کەرکووک تەرمەکەی دۆزرایەوە کە ئاسەواری چەند گوللەیەکی پێوەبوو.

(هەڵۆ) کە زیاتر لە ساڵێکە دەستگیر کراوە، دانیشتووی ناحیەی ڕزگاری سەر بە کەلارە، دوای دەستگیر کردنی دانی بە تاوانەکەیدا نا، هۆکاری کوشتنەکەیشی گەڕاندووەتەوە بۆ بردنی پارەی کچەکە، بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، ئەو تاوانە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئاشکرابووە "چەند کەسێک دەستگیر کران و ئازادکران، چونکە (هەڵۆ) دانی بە تاوانەکەیدا نا کە شۆخانیان بۆ 41 هەزار و 500 دۆلار کوشتووە".

دایک و باوکی شۆخان لە یەکدی جیابوونەتەوە، باوکی شۆخان ژنێکی دیکەی هێناوە و دایکیشی لە سلێمانی دەژیت، شۆخان ناوە ناوە سەردانی دایکی دەکرد، ئەوانەی فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ ماڵی شۆخاندا نییە. بەپێی زانیارییەکانی مقەدەم لەمیعە، ڕێبوار کە یەکێکە لە بکوژانی شۆخان، لە ناحیەی تەکیەی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە ئۆتۆمبێلەکەی لە منداڵێک دەدات و دەیکوژێت "هەوڵی دابوو لەگەڵ ماڵی قوربانییەکە پێکبێت، بەڵام نەیتوانیبوو، پۆلیسیش زانیبوویان ئەو کەسە هەمان ئەو تاوانبارەیە کە فەرمانی لە سێدارەدانی هەیە، بۆیە یەکسەر دەستگیریان کرد و ڕەوانەی کەلاریان کرد، هەرچەندە ئەو گەنجە لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت ئۆتۆمبێلەکە بە دەستی براکەمەوە بووە، بەڵام پۆلیس کە دەیناسنەوە دەستگیری دەکەن".

وەک مقەدەم لەمیعە دەڵێت، دادوەری دادگای گەرمیان بڕیاری داوە، ڕەوانەی زیندانی موعەسکەر سەلامی بکات لە سلێمانی "تاوانبارەکەی دیکەش لە زیندانی گەورانی سلێمانییە، بڕیارەکە یەکلایی بووەتەوە کە لەسێدارەدانە، ئەگەر تەمیزیشی بکاتەوە، بەڵگەکان هەن و ئێمە بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە دۆسیەکەی شۆخان دەکەین".

مقەدەم لەمیعە گوتیشی "لە هەموو شوێنێک شتی وا ڕوودەدات، کە تاوانبار هەیە هەڵدێت و زۆر بە وریاییەوە دەجوڵێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە دەستگیر کرا. کە ئەو هەواڵەم بیست، پێمخۆشبوو هەموو کەس بزانێت ئەو کەسە دەستگیرکراوە، ترسم لەوە هەبوو کە بەرگری لێبکرێت و هەوڵی بۆ بدرێت ئازاد بکرێت".



# ئاگادارییەک لە بنەماڵەی شێرکۆ بێکەسەوە

پاش کۆچی دوایی شاعیر شێرکۆ بێکەس، چەندین دەزگا و ئۆرگانی چاپەمەنی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات پەیوەندییان پێوە کردووین بۆ چاپکردنی شیعر و چاوپێکەوتن و پەخشان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکەی. ئێمە لە دڵسۆزی و خەمخۆری ئەو خۆشەویستانە تێدەگەین و سوپاسی ئەو هەستە بەرزەشیان دەکەین، بەڵام وەک بنەماڵەی شێرکۆ بێکەس ئەوە بەفەرمی ڕادەگەیەنین، کە پاش مردنی شاعیر، هیچ دەزگا و شوێنێکی چاپەمەنی بێ گەڕانەوە بۆ خێزانەکەی ناتوانێت بەرهەمەکانی جارێکی دیکە چاپ بکاتەوە، ئەگەر نا بە ناچاری بە پێی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2012ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە مافی نووسەر، ڕووبەڕووی یاسای دەکەینەوە، بۆیە دووبارەی دەکەینەوە بێگەڕانەوە بۆ ئەم ناونیشانە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت جارێکی دیکە بەرهەمەکانی شاعیر چاپ بکاتەوە.

**هەڵۆ شێرکۆ بێکەس**

لە بری بنەماڵەی شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس

**بۆ پەیوەندیکردن پێوەی لە ڕێگەی:**
+4796952867
bekassacco@yahoo.com

لەگوندی خوامراد

# بێ ئاوی دەرگای مزگەوت دادەخات

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژانە دوای تەواوبوونی وانەکانی قوتابخانە، منداڵانی گوندی خوامرادی ناوچەی هەمەوەند، بەدەم یاریکردنەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆن و دواتر بەدوای گۆیدرێژەکاندا بەشەڵتەیەکەوە ڕوو لەچەمە دوورە دەستەکەی گوند دەکەن بۆ هێنانی ئاو. وەک موختاری گوندەکە باسیدەکات، ئەمە پیشەی ڕۆژانەی منداڵان و ئافرەتانی گوندە، چونکە ئەم گوندە ئاوی ژێر زەوی نییە و حکومەتیش خەمسارده لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکە "ڕۆژانە هەر منداڵێک نزیکەی 40 بار ئاو بەگوێدرێژ دەهێنێت، ئافرەتانیشمان بێزاربوون بەدەست ئەو کارەوە".

کەریم فارس، موختاری گوند بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ خزمەتگوزارییەکمان بۆ نەکراوە، وەکو ڕێگاوبان و مەکتەب و خەستەخانە و ئاو، ئەگەر وا بڕوات دێیەکەمان بەرەو چۆڵبوون دەڕوات".

ئەو پیاوە کە ئەمساڵ فەریزەی حەجی بەجێهێناوە، بەردەوام دەیگوت بەخوا من تازە چوومەتە ماڵی خوا هیچ درۆ ناکەم، ئەوەی دەیڵێم هەمووی وایە، حکومەت فەرامۆشی کردووین.

گوندی خوامرادی ناوچەی هەمەوەند، بەدووریی 10 کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تەکیەی کاکەمەندی قەزای چەمچەماڵ. ئێستا 14 خێزان لەوێ نیشتەجێن.

دانیشتووانەکەی سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن، وەک دانیشتووانی گوندەکە ئاماژەی پێدەکەن، نەبوونی ئاو لە گوندی خوامراد، وایکردووە دانیشتوانەکەی بیر لە چۆڵکردنی گوندەکە بکەنەوە و تەنانەت دەرگای مزگەوتەکەشیان داخستووە بەهۆی بێئاوییەوە "واز لەخەمی ئاو بێنە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکان، بێئاوی دەرگای لەسەر خواپەرستی داخستووە".

ستار سدیق دەڵێت "ئێستا سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنە و خەڵکی دوای چوونە سەر مانگ، بەدوای ژیان لە هەسارەیەکی دیکەدا دەگەڕێن، بەڵام ئێمە تازە لەم چەمانەوە بەگوێدرێژ و شەڵتە ئاو دەهێنین"، هەروەها گوتیشی "ئاوێکی پیس و میکرۆباوی دەخۆینەوە، ئەگەر وا بڕوات دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شار و گوندەکە چۆڵ بکەین".

خەمەکانی سەرتیپ لەتیف، جیاوازە لەخەمی دانیشتووانی گوندەکەی، ناوبراو دەڵێت "نەبوونی خزمەتگوزارییەکان وایکردووە گەنجانیش گوندەکە بەجێبهێڵن، نەمانی گەنجانیش لەگوندا ئاماژەیە بۆ بەسەرچوونی ژیانی گوندنشینی".

گوندی خوامراد، ئێستا خاوەنی کارەبای نیشتمانین لەگەڵ قوتابخانەیەک لە کابینەدا، 4 مامۆستا میلاکن لەسەر قوتابخانەکە، 2 مامۆستایان بەهۆی مۆڵەتی دایکایەتییەوە دەوام ناکەن و خاوەنی 20 قوتابین. بەڵام ئاو بووەتە خەمی ڕۆژانەی دانیشتووانی گوندەکە.

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێن دەدەن چارەسەری ڕێگاوبان بۆ گوندەکە بکەن، بەڵام وەک ئاماژەی پێدەکەن بەهۆی کاریگەری جیۆلۆجییەوە ناتوانن ئاوی ژێر زەوی بۆ گوندی خوامراد بەدەستبهێنن "گوندەکە ئاوی ژێر زەوی نییە".

عومەر ڕەفەرەج، بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیەی کاکەمەند دەڵێت "ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی لەتوانامانەدا بێت ڕێگری دەکەین لەچۆڵبوون، هاوکارییان دەکەین، ڕێگەکەیان بۆ چاک دەکەین و ئاویش بەتەنکەر بەسەریاندا دابەش دەکرێت، ئێمە لەگەڵ چۆڵبووندا نین، ئەگەر کێشەی چۆڵبوونەکە ئەوانە بن، ئێمە ئەوانەیان بۆ دابین دەکەین"، هەروەها گوتیشی "بودجەی تایبەتمان بۆ ڕێگاوبان دابینکردووە".

لەساڵی 1987دا، ڕژێمی بەعس بەزۆر گوندی خوامرادی چۆڵکردووە، بەڵام دانیشتووانی گوندەکەش دەڵێن "پێدەچێت لەدوای ئەو ڕژێمە، بێ ئاوی گوندەکەمان پێ چۆڵ بکات".

موختاری گوندیش لەگەڵ خەمی بۆ هێشتنەوەی گوندەکەیان بە ئاوەدانی، دەیگوت "جادە و ئاو، ئاوەدانی ڕادەگرێت لێرە، با خزمەتگوزارییەکانی دیکەش بوەستێ".

"پیاوان سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕوماڵاتن، منداڵانیش دوای کتێبەکانیان ڕوو لەچەمە دوورە دەستەکان دەکەن بۆ بینەوەی ئاو، ئافرەتانیش دوای بەڕێکردنی کاروباری ماڵ تاوەکو نزیکانی ئێواران دەبنە هاوڕێی منداڵان بۆ هێنانی ئاوی چەمەکان، دواتر هاوکاری کردنی پیاوان لەکاری ئاژەڵداریدا کاری ئێوارانی ئافرەتانی گوند"، سەرتیپ لەتیف، واباسی لە ژیانی گوندشینی کرد لەخوامراد.

## ڕوونکردنەوەیەک بۆ (ڕووداو)


دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لە ژمارە (286)ی ڕۆژنامەی (ڕووداو) بە ناونیشانی (لە بنەسڵاوە منداڵێک بە بۆینباخێک دەخنکێت) و گوایە منداڵەکەی من لەبەرئەوەی لە قوتابخانە باش نەبووە و نمرەی زۆر کەمی هێناوە، لەترسی من خۆی خنکاندووە. هەروەها ئەو قسانەشی دراوسێیەکی ئێمە کردوویەتی کە گوایە دەماری ڕانیان بۆ چاوی بەکارهێناوە دوای ئەوەی من لێمداوە و دەماری چاوی پچڕاوە.

من لێرەدا ڕایدەگەیەنم کە ئەو زانیارییانە و قسەی دراوسێیەکەی من بەتەواوی هەڵەن و داوادەکەم (ڕووداو) ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆ بڵاوبکاتەوە.

**فەرهاد مستەفا**
**باوکی سەیوان**

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (287) دووشەممە 2013/12/2

## کتێبێک بە 14 ملیۆن دۆلار فرۆشرا



**رووداو- ئاژانسەکان**

هەفتەی رابردوو لە مەزادێکی ئاشکرادا لە نیویۆرک، کتێبێک بە 14 ملیۆن دۆلار فرۆشرا، بەو هۆیەشەوە ئەم کتێبە بە گرانترین کتێبی جیهان دادەنرێت. خانەی سوزبیز بۆ مەزادکردن ئاشکرای کرد کە ئەم کتێبە لە ساڵی 1640 چاپکراوە بە ناوی شمشاڵەکانی کەنداو، سەرەتای مەزادەکە بە شەش ملیۆن دۆلار دەستیپێکرد، بەڵام بەماوەیەکی کەم گەیشتە 14 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

ئەم کتێبە پیاوێکی بازرگانی ئەمریکی بەناوی دەیڤد روبنشتاین کڕی و هۆکاری کڕینەکەشی بۆ رۆژنامەنووسەکان ئاشکرا کرد و گوتی "هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەم، چونکە ئەم کتێبە مێژووی وڵاتەکەمان نیشان دەدات".

## رەزازی تەلەفۆن بۆ براکانی دەکات



**رووداو-ستۆکهۆڵم**

بۆ چەند ساڵێک لەسەریەک، کاری شانۆیی "تەلەفۆن بۆ براکانم دەکەم" نمایش کرا و ئەمساڵیش لە یادی تەقینەوەکەی ساڵی 2010ی ناوەندی ستۆکهۆڵم کە لەلایەن عەرەبێکی عێراقییەوە ئەنجامدرا، ئەم کارە نمایش دەکرێت و لە تەک شانۆکارە ناسراوەکانی سوێد، کاردۆ رەزازی، کوڕی هونەرمەند ناسر رەزازی بەشداری دەکات.

ئەم کارە باس لە کەلتووری پێکەوەژیان و دژە رەگەزپەرستی دەکات و مەبەست لەم نمایشە دوورخستنەوەی خەڵکی سوێدە لە هزری رەگەزپەرستی کە ئەگەری زیادبوونی هەیە لە کاتی یادکردنەوەی رووداوی لەم شێوەیەدا.

## نەوەی مشکۆ گلەیی هەیە

**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

موراد یەشارشەوکەت، نەوەی هونەرمەندی شاری هەولێر مشکۆ گلەیی لە بەرپرسانی هەولێر هەیە کە تاوەکو ئێستا لەو شارە هیچ شەقام و قوتابخانەیەک و شوێنێکیان بەناوی مشکۆ نەکردووە.

موراد یەشار، کە خۆیشی هونەرمەندە بە (رووداو)ی راگەیاند "گلەیی ئەوەم لە بەرپرسانی هەولێر هەیە کە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتەی باوکم و باپیرم پێشکەش بە هونەری کوردییان کردووە، یەک شتیان بەناو نەکراوە، بەتایبەتی مشکۆ، کە هیچ شوێنێکی هونەری و پەروەردەیی بەناوی مشکۆ نەکراوە، یاخود پەیکەرێکی بۆ دروستنەکراوە".



هەفتەی رابردوو یەشاری کوڕی مشکۆ لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوایی کرد. موراد لەوبارەوە گوتی "دوای چەند مانگێک لە نەخۆشکەوتنی باوکم بەسوپاسەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرکی خۆی رەوانەی تورکیای کرد، بەڵام بەداخەوە هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد".

## کارە هونەرییەکانی هەولێر دەکاتە فیلم



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری گەنج هاوکار فەرهاد ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنی چالاکییە هونەرییەکانی شاری هەولێرە و دەیەوێت کۆیانبکاتەوە و فیلمێکی دۆکیومێنتاری لێ دروستبکات.

هاوکار لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم فیلمە ئامادە دەکەم بۆ فیستیڤاڵی ساڵی داهاتوو کە بەبۆنەی بوونی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری ساز دەکرێت، لەو دۆکیۆمێنتارییەدا بەشێکی گرنگی ئەم شارە نیشانی گەشتیاران دەدەین، کە ئەویش بواری رۆشنبیری و هونەرییە".

هاوکار فەرهاد کاری دەرهێنانی بۆ چەندین فیلم و کلیپ کردووە و ئێستا لە هەولێر خاوەن کۆمپانیایەکی هونەرییە.

## گەورەترین فێستیڤاڵی سینەما لە هەولێر سازدەکرێت



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

ساڵی داهاتوو بە سەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و پارێزگای هەولێر گەورەترین فێستیڤاڵی سینەمایی لە هەولێر ساز دەکرێت.

فەرهەنگ غەفوور، بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ گەورەترین فێستیڤاڵی سینەمایی دەکەین کە هاوکات دەبێت لەگەڵ بوونی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری، بۆیە لەم رۆژانەدا ماڵپەڕێکی تایبەت بەو فێستیڤاڵە دروست دەکرێت و هەموو دەرهێنەرێک دەتوانێ لەم رێگایەوە فیلمەکانی خۆی بۆ فێستیڤاڵەکە بنێرێت".

هەروەها گوتیشی "ئەم فێستیڤاڵە نێودەوڵەتی دەبێت و چەندین ئەستێرەی سینەمایی ناسراوی جیهانی بانگهێشتی هەولێر دەکرێن و لەسەر ئاستێکی فراوان فێستیڤاڵەکە بەڕێوەدەچێت".

## ژەنیارێکی کچ هونەرمەندان سەرسام دەکات



**رووداو- هەولێر**

دوای چەندین ساڵ دووری لە کوردستان، ئامال ئەحمەد مینا ژەنیاری ئامێری عود لە هەولێر کۆنسێرتێکی میوزیک ساز دەکات و ئامادەبووان بە تواناکانی سەرسام دەکات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر، ئەو کۆنسێرتەی بۆ هونەرمەندی کورد ئامال ئەحمەد مینا لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان ساز کردبوو.

ئامال لەبارەی کۆنسێرتەکە بە (رووداو)ی گوت "هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم کە ئەمڕۆ لە کوردستان ئەم چالاکییە ئەنجام دەدەم، هەروەها سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی هەولێر دەکەم".

ئامال دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدایە و بەشداری چەندین چالاکی ناوەوە و دەرەوەی عێراقی کردووە و نازناوی باشترین ئافرەتی ژەنیاری عودی لە عێراق پێدراوە.

ئامال خەڵکی خانەقینە و لە بەغدا دەژی.



## لەمیس ریکلامێک بە 2 ملیۆن دۆلار دەکات


**رووداو- Gololy**

ئەستێرەی درامای تورکی توبا بویوکستۆن کە بە لەمیس زیاتر ناسراوە، بووەتە جێی چاوتێبڕینی هەندێک لە کۆمپانیا بازرگانییەکان تاوەکو بەرهەمەکانیان لە رێگەی لەمیس بناسرێت.

دوای ئەوەی چەندین ریکلامی بازرگانی لەنێوخۆی تورکیا کرد، ئێستا لە ئەورووپاش بووەتە ناوێکی دیار و بەرچاو، پاش ئەوەی ریکلامی بۆ زێڕی ئیسپانی کرد و بازاڕێکی باشی پەیدا کرد، ئێستا بۆ کۆمپانیایەکی بەلجیکی بە 2 ملیۆن دۆلار ریکلام دەکات.

## بەختی رووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**: گۆڕوتینێکی زیاتر بەکارەکانتان ببەخشن و بیر لە فراوانکردن و بەرەوپێشبردنی بکەنەوە، هەرچەندە ماندووش دەبیت، بەڵام ئەنجامەکان قەرەبووت بۆ دەکەنەوە. پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکانێکی پلەبەرز بەهێز دەبێت.

**گا**: هەر گۆڕانکارییەک بکەیت لەماڵ یان شوێنی کارەکەت، سەرکەوتن بەدەستدێنی، کاتێکی زێڕینە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانتان، زۆر بەئاسانی لایەنی یارمەتیدەرتان بۆ دروست دەبێت، دەرامەت جێگیر نابێت و بەرزی و نزمی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ.

**جمک**: کاتێکی باشە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی کارکردن، دەتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنی بەتایبەت لەم کارە نوێیەدا کە توانای خۆت بۆ تاقیدەبێتەوە. فرسەتێکی گرنگی سۆزداریت بۆ دێتە پێشەوە.

**قرژاڵ**: کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانت بکە کاتێک دەبینی هاوبەشەکەت گرنگی بە ئەرکەکانی نادات. کارێکی دارایی مەکە ئەگەر مەترسی هەبێت. لەهەنگاوەکانتدا بەخت یاوەرتە و بەهۆی رووداوێکەوە لە دڵسۆزیی چواردەورەکەت دڵنیا دەبیتەوە.

**شێر**: بیرکردنەوە زۆرەکانت و ئەو زانیاریانەی بەدەستتهێناون بۆ ئەم هەفتەیە بەسوودە، توانایەکی باشی دەربڕین و گفتوگۆت هەیە کە بەرامبەرەکەت سەرسام بکەیت. سوود لە رێنمایی دڵسۆزەکانت وەردەگریت، ماندوو دەبیت بە جەستە، بەڵام دەروونت ئاسوودە دەبێت.

**گوڵەگەنم**: گلەیی و گازندە کارەکان باش ناکەن، کوێرانە رەخنە لە بەرامبەرەکەت مەگرە و گفتوگۆ لەو بابەتانە مەکە کە پێشتر لەسەری رێککەوتوون. بەهۆی کارەکەت پەیوەندییەکی نوێت بۆ دروست دەبێت. دەتوانن ئاواتەکانتان بەدی بهێنن.

**تەرازوو**: بیرکردنەوەکانت باشن بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی گەشتێک. باری دارایی بەرزییەکی بێوێنە بەخۆیەوە دەبینێت. بڕوابەخۆبوونتان لەئاستێکی بەرزدایە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەو کارانەی بەگرنگیان دەزانن.

**دووپشک**: کەوان: پێویستتان بەرێکخستنەوەی کارەکانە بەتایبەت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ چواردەور و ئازیزانتان. بەهۆی زۆریی بیرکردنەوەکانتان هەندێک لەکارەکانتان دوا دەخەن، بەرپرسیارێتیتان لەم هەفتەیەدا زیاد دەکات.

**کەوان**: هەوڵ بدەن پاشەکەوت لە دەرامەت بکەن، لە هەموو کارە ئابوورییەکان سەرکەوتوو دەبن. رۆژانی پێنجشەمە و هەینی مانگ لەبورجەکەت یارمەتیت دەدات بۆئەوەی کارێکی باش بکەیت و زۆرترین ئەرکەکانی سەرشانت تەواو بکەیت.

**گاژۆڵە**: لەم کاتەدا بەهۆی چەند پەیوەندییەکەوە بەتەواوی خۆشحاڵ دەبن، بەڵام هەندێک رووداوی بچووک بێزارتان دەکەن، کەشی لەبار دەرەخسێت بۆ کارکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. دەتوانی سەرکەوتن لەکارەکەت بەدەستبهێنی بەمەرجێک بڕوایەکی زیاترت بەخۆت هەبێت.

**سەتڵ**: ناتوانی لەشتێک دڵنیا بیت هەتا بەڵگەی تەواوت لەسەری نەبێت. بەو جۆرە کارانە خۆتان ماندوو مەکەن کە بۆ ئێستا زۆر پێویست نین. لەهەنگاوەکانی کارکردن رووبەڕووی بەربەستی بچوک دەبنەوە، بەڵام بەئاسانی چارەسەریان دەکەن.

**نەهەنگ**: بازنەی پەیوەندییەکانتان بەتەواوی بەرفراوان دەبێت، سوود لەپەیوەندییە نوێیەکان وەردەگرن، کاتی ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە زۆر گرنگن بۆ داهاتوو، کارەکانتان دوامەخەن چونکە لەداهاتوویەکی نزیدا سەرقاڵی بەدیهێنانی ئاواتەکانتان دەبن.

**بەگشتی:**

لەپشت هەموو سەرکەوتنێکی گەورەوە، چەندین هەوڵ و پلان و شەونخونی هەیە، سەرکەوتن لەهەر کارێک چەند بچووکیش بێت، نرخی خۆی هەیە، ئێستا کاتی هەوڵ و ماندووبوونە بەرەو داهاتوو، ئەوانەی لەم کاتەدا دەست بەکارێکی نوێ دەکەن دەتوانن دوائەنجامیش بەدەستبهێنن. تیشکی هەتاو لەبورجی کەواندا مانای وایە رێگەی راست دەدۆزینەوە و دەتوانین خەیاڵ و راستی لەیەکتر جیابکەینەوە. ئەوانەی دەخوازن کارێکی دارایی گرنگ بکەن، پێویستە متمانەیان بەخۆیان و کارەکەیان و ئەو کەسانە هەبێت کە پەیوەستن بەکارەکەوە.

## دڵنیا کاموسی: وازم لە خەج نەهێناوە





**رووداو- هەولێر**

دوای چەندین مانگ راوەستانی تۆمارکردنی درامای خەج و سیامەند، بڕیارە لەم رۆژانەدا دەست بە وێنەگرتن بکرێتەوە.

دڵنیا کاموسی کە لەو درامایەدا رۆڵی خەج دەبینێت، بە (رووداو)ی گوت "رۆژانە دەیان کەس پەیوەندیم پێوە دەکەن، دەڵێن تۆ بۆچی وازت لەم درامایە هێناوە، بۆیە لێرەوە دەڵێم من وازم لەو درامایە نەهێناوە، لەم رۆژانەش دەست بە وێنەگرتنی دەکرێتەوە".

زنجیرە درامای (خەج و سیامەند) لە نووسینی (نازم دڵبەند) و دەرهێنانی هونەرمەند (نزار مامە)یە.

بڕیارە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابین بکەن

# کێڵگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و توانای بەرهەمهێنانیان لەساڵی 2015




**عومەر ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**


هێڵی یەکەمی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا کە بە هێڵی تەقتەق- خورمەڵە- پێشخابوور ناسراوە، بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی تەقتەق دەنێرێتە کێڵگەی خورمەڵە و لەوێوە راکێشراوە بۆ پێشخابوور و لەوێشەوە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئەو بۆرییەی کە لە کێڵگەی تاوکێ راکێشراوە، لە پێشخابووریش لە ڕێگەی هێڵی کەرکووک- جەیهانەوە دەگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی جیهانیی نەوت.

چاوەڕوان دەکرێت ئەو هێڵە لەسەرەتای کەوتنەکاری ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات و پاشان لە ماوەیەکی کورتدا بەرزبێتەوە بۆ 300 هەزار بەرمیل.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە بڕیارە بڕی هەناردنی نەوت لەو هێڵەوە تاوەکو ساڵی 2015 بەرزبکرێتەوە بۆ ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل.

بەپێی پلانی ستراتیژی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، هێڵێکی دیکەش لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی دەکرێت بەمەبەستی گواستنەوەی نەوتی قورس، بەو پێیەی کە نەوتی هەندێ لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان وەکو کێڵگەی شێخان لەجۆری قورسە.

**ئەو کێڵگانەی کە بەشداردەبن لە دابینکردنی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل تا ساڵی 2015 بریتین لە:**



**1 - کێڵگەی تاوکێ:**
کۆمپانیای کارکەر: (DNO)
وڵات: نەرویج
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل
رووبەر: 594 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**5 - کێڵگەی سەرسنگ:**
کۆمپانیای کارکەر: (HKN)
وڵات: ئەمریکا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 50 هەزار بەرمیل
رووبەر: 1085 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**11 - کێڵگەی شێخان:**
کۆمپانیای کارکەر: گۆڵف کیستۆن
وڵات: بەریتانیا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل
رووبەر: 283 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**17 - کێڵگەی بەردەڕەش:**
کۆمپانیای کارکەر: ئافرێن (Afren)
وڵات: سەربەخۆ
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 50 هەزار بەرمیل
رووبەر: 265 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**55 - کێڵگەی خورمەڵە:**
کۆمپانیای کارکەر: کارگرووپ (Kar Group)
وڵات: کوردستان
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل
رووبەر: 355 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**10 - کێڵگەی ئەتروش:**
کۆمپانیای کارکەر: (TAQA)
وڵات: ئیمارات
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 50 هەزار بەرمیل
رووبەر: 269 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**14 - کێڵگەی ئاکرێ -بجیل:**
کۆمپانیای کارکەر: (MOL)
وڵات: هەنگاریا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل
رووبەر: 889 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**28 - کێڵگەی بنەباوی:**
کۆمپانیای کارکەر: (MOL)
وڵات: هەنگاریا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 50 هەزار بەرمیل
رووبەر: 240 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**34 - کێڵگەی تەقتەق:**
کۆمپانیای کارکەر: گەنەل ئینێرجی
وڵات: تورکیا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 175 هەزار بەرمیل
رووبەر: 951 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**39 - کێڵگەی تۆپخانە:**
کۆمپانیای کارکەر: کار تالیسمان
وڵات: کەنەدا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل
رووبەر: 670 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**48 - کێڵگەی کوردەمیر:**
کۆمپانیای کارکەر: کار تالیسمان
وڵات: کەنەدا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل
رووبەر: 340 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**36 - کێڵگەی میران:**
کۆمپانیای کارکەر: گەنەل ئینێرجی
وڵات: تورکیا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل
رووبەر: 1015 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**52 - کێڵگەی خۆرمۆر:**
کۆمپانیای کارکەر: دانا غاز (Dana Gas)
وڵات: ئیمارات
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 15 هەزار بەرمیل
رووبەر: 135 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**49 - کێڵگەی گەرمیان:**
کۆمپانیای کارکەر: وێستێرن زاگرۆس
وڵات: کەنەدا
یەدەگی بەرهەمهێنان: ڕۆژانە 50 هەزار بەرمیل
رووبەر: 1778 کیلۆمەتری چوارگۆشە

# لە 10 کۆمپانیای گەورەی نەوتی جیهان چواریان لە کوردستانن

**عومەر ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

واژووکردنی ڕێککەوتننامەی وزە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە کۆتاییەکانی مانگی رابردوو، کاردانەوەی زۆری ناوچەیی و جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەو ڕێککەوتنە باڵانسی قورسایی هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق دەگۆڕێت و کێشی سیاسی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، هەربۆیە ڕووبەڕووی ناڕەزایی توندی حکومەتی فیدراڵی عێراق بووەوە.

لە ئاستی جیهانیشدا، پێگەی هەرێمی کوردستان گۆڕانی بەسەردادێت، بەهۆی ئەوەی کە دەبێتە هەڵبژاردەیەکی گونجاو و جێگرەوەیەک بۆ دابینکردنی وزەی تورکیا کە ئێستا پشتی بە سەرچاوەکانی وزەی ئێران و ڕووسیا بەستووە.

هەرێمی کوردستان حاڵی حازر بە ناردنی ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل، دەتوانێت نزیکەی نیوەی پێداویستی تورکیا بە نەوتی خاو دابین بکات. لەلایەکی دیکەشەوە تا ساڵی 2016 کە پێشبینی دەکرێت بۆ یەکەمجار غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان بگاتە تورکیا، بەجێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی غازی هەرێمی کوردستان- تورکیا، دەتوانێت زیاتر لە 30%ی پێداویستی تورکیا بە غازی سروشتی دابین بکات.

سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان قسەوباسی زۆری لەبارەوە دەکرێت و لە پێشبینییە جیهانییەکاندا، کاتێک باسی دابینکردنی نەوت و غازی سروشتی و نرخی نەوت دەکرێت، ناوی هەرێمی کوردستانیش دێت.

لە ڕاپۆرتی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیدا، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزین و سەقامگیربوونی نرخی نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا، ئاماژە بە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕی نەوتی جیهانی کراوە.

هەرچەندە ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەبەرتووڕەنەکردنی بەغدا هێشتا ئاشکرا نەکراوە، بەڵام وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردوویانە، زیاترە لە گرێبەستێک و سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە تورکیا ئەو ڕێککەوتنەی بە باشترین و گشتگیرترین گرێبەستی وزە لە مێژووی تورکیا ناوزەد کردووە.

سەرەڕای ئەوەی کە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، جین ساکی لە ترسی دابەشبوونی عێراق، دژی هەر گرێبەستێکی هەرێمی کوردستان و تورکیا بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا ڕاوەستا، بەڵام لە سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ تورکیا گرێبەستی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیای نیشتمانیی وزەی تورکیا TEC، بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە 13 بلۆکی نەوتی هەرێمی کوردستاندا واژووکرا کە لانیکەم لە نیوەی ئەو بلۆکانەدا کۆمپانیای زەبەلاحی ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی هاوکاری کۆمپانیای TEC ی تورکییە. ئەمەش هێمایەکە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا لەبارەی هاوکارییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بواری وزەدا و پێدەچێت دەربڕینی ناڕەزایەتی ئەو وڵاتە دژی هاوکارییە دوو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا تەنیا ڕووکەش بێت.

پاش پەسەندکردنی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007دا، کۆمپانیاکانی نەوتی بیانی ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی گرێبەستی جۆری هاوبەشکردنی بەرهەم، چالاکییەکانی دۆزینەوە و گەڕان لەدوای نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان دەستیانپێکرد.

سەرەتا کۆمپانیا بچووکەکانی نەوت و کەم ناونیشان هاتنە هەرێمی کوردستان و پاش دۆزینەوەی چەند کێڵگەیەکی نەوت کە دیارترینیان کێڵگەی نەوتی تەقتەق و کێڵگەی نەوتی تاوکێ لە زاخۆ بوون، وردە وردە هەرێمی کوردستان سەرنجی کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

هاتنی کۆمپانیا گەورەکان ڕوخساری پیشەسازیی نەوتی لە هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی گۆڕی، بەو پێیەی کە ئەو کۆمپانیایانە خاوەنی تەکنۆلۆجیا و شارەزایی و ئەزموونی ئێجگار زۆرن و لەو ڕووەوە دەتوانن بە وردی ئەو ناوچانەی کە ئەگەری پەیداکردنی نەوتیان تێدا هەیە، تاقیبکەنەوەو کێڵگەکانی نەوت دەستنیشان بکەن.

ئێستا نزیکەی 50 کۆمپانیای نێودەوڵەتیی نەوت لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دۆزینەوە و گەڕان لەدوای نەوت. هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازیی نەوت، کۆمپانیا گەورەکانی نەوت ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و پشکی کۆمپانیا بچووکەکان لە کێڵگە جیاجیاکان دەکڕن و بەوەبەرهێنانی زیاتر و هێنانی تەکنۆلۆجیا و ئەزموونی پێشکەوتووتر چانسی دۆزینەوەی نەوتی زۆرتر لە هەرێمی کوردستان بەرزتر دەکەنەوە.

لە ڕووی سیاسیشەوە وەک چۆن دەگوترێت، کۆمپانیا گەورەکانی نەوت دەسەڵات و کاریگەری سیاسییان لە زۆربەی وڵاتە سەربەخۆکان زۆرترە، بەو پێیەش ئامادەبوونی ئەوان لە هەرێمی کوردستان قورسایی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان زیاد دەکات. لە ڕاستیدا کۆمپانیا گەورەکانی نەوت هیچ سنوورێک ناناسن و کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر گۆڕینی پێگەی جیۆپۆلیتیکی وڵاتان هەیە.

کاتێک کە هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2011 بە تەواوەتی کشانەوە، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لەبەر دوو دڵییان لە داهاتووی عێراق و ترسیان لە گەورەبوونی دەسەڵاتی بەغدا، دژی ئەو کارە ڕاوەستان. هەربۆیە هەوڵیان دەدا لانیکەم ئەمریکییەکان ڕازی بکەن بە هێشتنەوەی بنکەیەکیان لە هەرێمی کوردستاندا.

هەرچەندە داواکاریی کورد بۆ مانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان لەبەر ناڕەزایی ناوچەیی سەرینەگرت، بەڵام هێندێک لە شارەزایانی سیاسی ئامادەبوونی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل و شێڤرۆنی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان یەکسان دەبینن بە ئامادەبوونی هێزی سەربازیی ئەو وڵاتە.

شارەزایانی سیاسی بەشدارکردنی کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی ئەمریکی لە چالاکییەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر یەکگرتوویی عێراق لەلایەن کەسە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و پەسەندکردنی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان ناودەبەن.

لە نێوان ئەو 50 کۆمپانیایەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن 4 کۆمپانیای گاسپرۆم، شێڤرۆن، ئێکسۆن مۆبیل و تۆتاڵ لە ڕیزبەندی 10 کۆمپانیا هەرە گەورەکانی نەوتن لە جیهاندا.

GAZPROM

## گاسپرۆم

- گەورەترین کۆمپانیای ڕووسی
- گەورەترین کۆمپانیای دابینکاری گازی جیهانە
- 152 هەزار و 200 کیلۆمەتر هێڵی ناردنی گازی سروشتیی هەیە
- گەورەترین تۆڕی گازی لە جیهاندا هەیە
- لە نێوان 10 کۆمپانیای گەورەی نەوتی جیهان پلەی یەکەمی هەیە

ExxonMobil

## ئێکسۆن مۆبیل

- کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمریکییە
- سێیەمین کۆمپانیای گەورەی جیهانە لە ڕووی داهاتەوە
- 72 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە
- لە 21 وڵاتی جیهان چالاکە
- لە نێوان 10 کۆمپانیای گەورەی نەوتی جیهان پلەی دووەمی هەیە

Chevron Human Energy

## شێڤرۆن

- کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمریکییە
- یەکێک لە پێنج کۆمپانیای گەورەی ئەمریکایە
- لە 180 وڵاتی جیهان چالاکە
- لە نێوان 10 کۆمپانیای گەورەی نەوتی جیهاندا پلەی چوارەمی هەیە

TOTAL

## تۆتاڵ

- کۆمپانیایەکی نەوتی فەرەنسییە
- هەشتەمین کۆمپانیای گەورەی جیهانە
- لە 130 وڵاتی جیهان چالاکە
- لە نێوان 10 کۆمپانیای گەورەی نەوتی جیهاندا پلەی شەشەمی هەیە

## ترامادۆل و تۆسیرام

# ساڵێکە خراونەتە ریزی ماددە هۆشبەرەکان و لە دەرمانخانەکاندا هەن






**شادیە رەسوڵ و ئیکرام حوسێن**
**رووداو- سلێمانی**

دوو دەرمان کە ئێستا لە دەرمانخانەکانی کوردستاندا بەردەستن، زیاتر لە ساڵێکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بۆ لیستی ماددە هۆشبەرەکان زیاد کراون و بەکارهێنانیان بەبێ رێنمایی پزیشک سزای بۆ دانراوە.

بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوونن، بەڵام ئاماری راست و دروست لەبەردەستدا نییە لەبارەی ژمارەیان.

لە ساڵی رابردووەوە بە بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان هەردوو دەرمانی ترامادۆڵ و تۆسیرام، بۆ لیستی ماددە هۆشبەرەکان زیاد کراون، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو هاووڵاتیانی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە و بە ئاسانی لە دەرمانخانەکان دەستدەکەون.

هەرێمی کوردستان دراوسێی ئێرانە کە یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین ماددەی هۆشبەری تێدا بەکاردەهێنرێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کوردستان لە سنە، زۆربەی تووشبووانی نەخۆشیی ئایدز لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە رێگەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە تووشی نەخۆشییەکە هاتوون.

لە راپرسییەکی رێکخراوی بێداردا بۆ هۆشیارکردنەوەی گەنجان کە 660 گەنج بەشدارییان تێدا کردووە، دەرکەوتووە 60%ی بەشدارانی راپرسییەکە، هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەسەر ماددە هۆشبەرەکان نییە. بەشداربووانی راپرسییەکە، تەمەنیان لە نێوان 15-20 ساڵیدا بووە.

جەلیل عەلی، لێپرسراوی رێکخراوی بێدار، بە (رووداو)ی گوت "ویستمان بزانین هۆشیاریی گەنجان لەبارەی ماددە هۆشبەرەکان لە چ ئاستێکدایە، لە کۆی بەشداربووانی راپرسییەکە، تەنیا 207 کەسیان زانیارییان هەبوو دەربارەی ماددەی هۆشبەر.

بەپێی برگەی دووەمی ماددەی 14 لە یاسای ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق کە بە یاسای ژمارە 68ی ساڵی 1965 ناسراوە، سێ بۆ 15 ساڵ بەندکردن، سزای بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانە، 20 ساڵ بەندکردن یان لە سێدارەدانیش سزای ئەوانەیە کە بازرگانیی پێوە دەکەن.

لەو یاسایەدا کە ساڵی 2002 هەموار کراوەتەوە، هاتووە: وەزیری تەندروستی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە هەر ماددەیەکی دیکەی هۆشبەر بۆ لیستی ماددە هۆشبەرەکان زیاد بکات، پارێزەرێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "لە 2012/7/1ەوە، بەبڕیاری وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، حەبی ترامادۆڵ و تۆسیرام بۆ لیستی ماددە هۆشبەرەکان زیادکراون، بەڵام ئەو زانیارییە ئاشنا نییە لای خەڵک".

ژمارەیەکی زۆر دەرمانخانەی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان هەن کە بەبێ رەچەتەی پزیشک دەرمان بە نەخۆش دەفرۆشن.

یاسا دەتوانێت حوکمی کەسێک بدات ئەگەر حەبی ترامادۆڵی پێوە بگیرێت یان لەسەری بچەسپێت کە بەبێ رەزامەندی پزیشک بەکاریدەهێنێت.

بە تەنیا تریاک یان هێرۆیین نین کە بەکارهێنەرانیان ئاڵوودە دەکات. سەلاح حەسەن، پسپۆڕی دەروونی، بە (رووداو)ی گوت "تەنیا یەک ماددەی ئاڵوودە بوون نییە، ئێستا ماددەی دیکە بۆ ئاڵوودەبوون بەکاردەهێندرێت وەکو سیکۆتین و حەشیش، حەب، تەنانەت هەندێکجار هەڵمژینی بەنزین".

زۆربەی خەڵکی نازانن و لەوە تێناگەن، بۆچی خەڵکی ئاڵوودەی دەرمان دەبن، هەروەها چۆن ماددەی هۆشبەر مێشک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەو ماددانەوە خوو بگرێت.

ماددە هۆشبەرەکان لە سیستمی پەیوەندی مێشک کەڵک وەردەگرن و ئەو خانانە لەکاردەخەن کە بە شێوەیەکی ئاسایی هێما دەنێرن.

هۆشیارکردنەوەی هاونیشتیمانییان لە هەرێمی کوردستان دەربارەی ماددە هۆشبەرەکان لاوازە، گەنج هەیە دوای ئاڵوودەبوون بەو ماددانەوە، ئینجا دەزانێت ماددەی هۆشبەر چییە.

سەلاح حەسەن دەڵێت "کاتێک کەسێک ئاڵوودە دەبێت بە ماددەی هۆشبەر، ئیدی جەستە و مێشکی بەردەوام داوای دەکات، ئەوەی زیاتریش کێشەیە لەم وڵاتەدا، بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان وەک تاوانبار تەماشا دەکرێن".

برگەی 7 لە ماددەی 14ی یاسای ماددە هۆشبەرەکان دەڵێت، کەسی تووشبوو ئەگەر سەلمێنرا بەهۆی نەخۆشکەوتن و بەکارهێنانی دەرمانەوە ئاڵوودە بووە، دادگا بۆی هەیە بڕیار بدات رەوانەی نەخۆشخانەیەک بکرێت بۆ چارەسەرکردن بۆ ماوەی 6 مانگ و پاش دڵنیابوون لە چاکبوونەوەی لە نەخۆشخانە دەربکرێت.

رێکخراوی بێدار بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان لە ماددە هۆشبەرەکان، بە دروشمی "ماددە هۆشبەرەکان دواڕۆژی لاوانمان دەڕووخێنێ"، دەیانەوێت رێکخراوەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگاکانی حکومەت، گرنگی بەو پرسە بدەن.

مەریەم ئەحمەد، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی دەڵێت پێویستە حکومەت گەنجان هۆشیار بکاتەوەو ئەو بابەتانە بخاتە نێو پەرتووکەکانی خوێندنەوە.

# "رۆژانە لە هەولێر 10 کەس تووشی جەڵتەی مێشک دەبن"

**رەنجدەر رزگار**
**رووداو- هەولێر**

پزیشکێکی پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی دەمار و مێشک ئاشکرای دەکات کە رۆژانە 10 کەس لە شاری هەولێر بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە دەگەیێندرێنە نەخۆشخانەکان، بەڵام دەڵێت رێژەی تووشبوون بە نەخۆشیی جەڵتەی مێشک لە کوردستان بە بەراورد بە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا کەمترە.

جەڵتەی مێشک، بریتییە لە لەکارکەوتنی بەشێک یان هەموو جەستە، لە ئەنجامی گیرانی دەمارێکی خوێن لە نێو مێشکدا کە زۆرجار دەبێتە هۆی مردنی کەسەکە.


دکتۆر جیهاد خدر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دەمار و مێشک، لەبارەی جەڵتەی مێشکەوە دەڵێت "یەکێک لەنیشانە هەرە سەرەکییەکانی بریتییە لە گیرانی یاخود خوێنبەربوونی یەکێک لەو دەمارانەی بە نێو مێشکدا دەڕۆن، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی لای راست، یان لای چەپی لەش، یان ماسولکەکانی دەماوچاو، هەندێک لە نەخۆشەکانیش توانای قسەکردنیان نامێنێ".

سەبارەت بە هۆکارەکانی تووشبوون بەو نەخۆشییە، د.جیهاد گوتی "ئەو نەخۆشییە زیاتر تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە فشاری خوێنیان بەرزە، یان نەخۆشیی شەکرەیان هەیە، زۆربەی ئەوانەشی تووشدەبن جگەرەکێشن".

نەخۆشی جەڵتەی مێشک لەوانەدا روودەدات کە تەمەنیان لە سەرووی 60 ساڵانە، زیاتریش پیاوان تووشی دەبن، بەڵام د.جیهاد گوتی "ئێستا حاڵەتی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە خوار تەمەنی 40 ساڵانیش زۆر بووە".

کەسوکاری ئەو نەخۆشانەی تووشی جەڵتەی مێشک بوون گلەیی لە پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەکانی کوردستان دەکەن کە وەکو پێویست گرنگی بە نەخۆش نادەن و زوو فریای نەخۆشەکە ناکەون.

مەجید ئیبراهیم، کە نزیکەی مانگێکە جەڵتە لێیداوە، لە نەخۆشخانەی رزگاری لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵکەوتبوو، ژنەکەی بەدیارییەوە دانیشتبوو، ئەو توانای قسەکردنی نییە. ژنی مەجید گوتی "پێشتر نەشتەرگەری پرۆستات و میزاڵدانی بۆ کرا، پاشان جەڵتە لێیدا، هێنامانە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر، بەڵام لێرە وەکو پێویست گرنگی پێنادەن. کە دەمنێرنە شوێنێک دکتۆرێک بێنم دکتۆر نایەتە لای. دووجار زۆر خراپ رشایەوە پێیانگوتین چاوەڕێی پزیشکی هەناو بکەن، بەڵام پزیشک هەر نەهات".




جەڵتەی مێشک لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سێیەم هۆکاری مردن دادەنرێت. بەپێی ئامارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵانە لە جیهاندا 6 ملیۆن و 500 هەزار کەس دووچاری نەخۆشی جەڵتەی مێشک دەبن. کە 800 هەزاریان لە ئەمریکان و لەو ژمارەیەش نزیکەی 130 هەزاریان گیان لەدەستدەدەن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش هیچ ئامارێک لەبارەی تووشبووان بە جەڵتەی مێشک نییە، بەڵام وەک دکتۆر جیهاد باسی کرد "ئەگەر بچیتە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن دەبینی رۆژانە زیاتر لە 10 کەس تووشی نەخۆشی جەڵتەی مێشک دێن". گوتیشی "بەڵام ئەو ژمارەیە بە بەراورد بە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا کەمە".

سێ جۆر جەڵتەی مێشک هەیە. یەکەم: جەڵتە بەهۆی گیرانی یەکێک لە بۆرییەکانی خوێن کە 87%ی جەستەی نەخۆشەکە دەگرێتەوە.

دووەم: خوێنبەربوون لە نێو مێشک کە 10%ی جەستەی نەخۆشەکە دەگرێتەوە.

سێیەم: خوێنبەربوون لەناو ئەو پەردانەی دەوری مێشکیان داوە کە ئەویش 3%ی جەستەی نەخۆشەکە دەگرێتەوە.

زۆربەی ئەوانەی تووشی جەڵتەی مێشک دەبن، ئەگەری هەیە دووبارە و سێبارە تووشی ببنەوە.

بۆ رێگری لە دووبارەبوونەوەی نەخۆشییەکە، دکتۆر جیهاد ئامۆژگاری تووشبووەکان دەکات کە "ئەگەر نەخۆشەکە فشاری خوێنی هەبوو کۆنترۆڵ بکرێ، ئەگەر شەکرەی هەبوو شەکرەکەی کۆنترۆڵ بکرێ، ئەگەر رێژەی چەوری زۆربێ دەرمانی کەمکردنەوەی چەوریی پێبدرێت، هەروەها نەخۆشەکە دەبێت شێوازی ژیانی بگۆڕێت، ئەگەر پێشتر وەرزشی نەکردبێ دەبێت لەمەودوا وەرزش بکات، لە جاران زیاتر سەوزە و میوە بخوات".

ئەو پزیشکە داوا لە هاووڵاتیان دەکات بۆ ئەوەی نەخۆشەکانیان بە توندی تووشی جەڵتەکە نەبن، پێویستە بە زووترین کات بگەیەنرێنە نەخۆشخانە "پێویستە نەخۆش لە ماوەی سێ کاژێر بگاتە نەخۆشخانە، چونکە ئەگەر زوو چارەسەر وەربگرێ، بەشێکی زۆری جەڵتەکە کۆنترۆڵ دەکرێ و نەخۆشەکە دەگەڕێتەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی".

تاوەکو ئێستا لە هەولێر سەنتەرێکی پزیشکی تایبەت بەو نەخۆشییە نییە، تەنیا لە نەخۆشخانەی رزگاری نەبێت کە بەشێک هەیە تایبەت بە نەخۆشییەکانی جەڵتەی مێشک.

دکتۆر جیهاد گوتی "ئێستا لە بەرنامە و پلانی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی تەندروستی هەولێردا هەیە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی مێشک و نەشتەرگەریی مێشک بکرێتەوە".

## ژمارەیان 2000 نەخۆشە

# نەخۆشانی تالاسیمیا داوای نەخۆشخانەیەکی تایبەت دەکەن

**رەنجدەر رزگار**
**رووداو- هەولێر**

سوڵتان سالار، 18 ساڵ، تاوەکو ئەو کاتەی لە دەرەوەی وڵات بووە، تەنیا خۆی و خێزانەکەی و پزیشکەکانی دەیانزانی نەخۆشیی تالاسیمیای هەیە، ئێستا رەنگی تەواو زەردهەڵگەڕاوەو هەر لە دوورەوە دەزانی نەخۆشە "لەوێ نەخۆشخانەی تایبەت بە خۆمان هەبوو، تەنانەت خواردنیشمان جیا بوو، بەڵام لێرە سەنتەرێکی گونجاو نییە، زۆرجار خوێنم دەستناکەوێت". ئەو گەنجە ئێستا جگە لە نەخۆشی تالاسیمیا، تووشی نەخۆشی دڵ و گورچیلە و بڕبڕەی پشت و نەخۆشی شەکرەش بووە.

نەخۆشی تالاسیمیا نەخۆشییەکی بۆماوەییە و لە باوانەوە بۆ منداڵ جێدەمێنێ. نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە لە تەمەنی هەشت مانگی و نۆ مانگی لە منداڵدا دەردەکەون.

بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، ئێستا بەهەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان نزیکەی 2000 تووشبووی ئەو نەخۆشییە هەن کە تەمەنیان لە نێوان 8 مانگ تاوەکو 35 ساڵیدایە.

سەفین جەلال، پزیشکی یاریدەدەر و بەڕێوەبەری کارگێڕی لە سەنتەری تالاسیمیا لە شاری هەولێر، سەبارەت بەو نەخۆشییە گوتی "دایک و باوک ئەگەر هەردووکیان هەڵگری نەخۆشییەکە بن، ئەوا رەنگە منداڵێکیان یان دووانیان تالاسیمیا دەربچێ".

لە شاری هەولێر نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی تالاسیمیا هەیە کە کەوتووەتە نهۆمی دووەمی نەخۆشخانەی چاودێریی خێزان و تا ئێستا بینای سەربەخۆی خۆی نییە و کەموکوڕی زۆری تێدایە.

سوڵتان سالار کە لە منداڵییەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، باسی رەوشی خۆی کرد و گوتی "مانگانە سێ جار خوێن وەردەگرم، جاری وا هەیە خوێن هەیە، جاری وا هەیە ئێرە قەرەباڵغە، نەخۆشخانەکە زۆر بچووکە". سوڵتان ئەو کاتەی خوێنی دەستناکەوێت لەرز و تا دەیگرێت و قاچەکانی ژان دەکەن.

سوڵتان و ئەوانەی وەک ئەون، دەڵێن هیچیان بۆ نەکراوە و داوا لەحکومەت دەکەن بەدەنگیانەوە بچێت.

دابین حەسەن کە تووشبووی نەخۆشی تالاسیمیایە، دەڵێت "کێشەمان زۆرە، نەخۆشخانەکە بچووکە و لە قاتی دووەمە. ئەگەر کاربەدەستێک کەسێکی خۆی تووشی نەخۆشی تالاسیمیا بووایە ئێستا دەمێک بوو نەخۆشخانەیەکی مۆدێرنی دروست دەکرد".

بەرپرسانی نەخۆشخانەکەش قسەی نەخۆشەکان پشتڕاستدەکەنەوە و دەڵێن ئەوانیش وەکو نەخۆشەکان گیرۆدەی دەردی بێ شوێنین. وەک سەفین جەلال کارگێڕی نەخۆشخانە گوتی "پێنج بەش لە یەک ژوور دەوام دەکەین، ئەوانیش بەشی پشکنینی کیمیایی، پشکنینی ئاسن، بەفرگری خوێن، ژووری خوێن وەرگرتن لە خوێنبەخش و پشکنینی ڤایرۆسی".

کەسوکاری نەخۆشەکانیش گلەیی زۆریان لەم نەخۆشخانەیە هەیە، ئەویش بەهۆی کەموکوڕی و بەهاناوە نەهاتنی وەزارەتی تەندروستی و گرنگینەدان بەتووشبووانی ئەو نەخۆشییە.

ئامینە عەلی کە منداڵەکەی هێنابووە نەخۆشخانە بۆ خوێنتێکردن، گوتی "دوو منداڵی تالاسیمیام هەیە، ناتوانم هەردووکیان بە یەکجار بهێنم، چونکە شوێن نییە".

مەجید عەزیزیش کە بەدیار منداڵەکەیەوە لە نەخۆشخانە دانیشتبوو، باسی کەموکوڕییەکانی نەخۆشخانەکەی کرد و گوتی "ئێرە کەموکوڕیی زۆرە، بۆ نموونە ئێستا دەرزیمان وەرگرتووە، سرنج نییە پێی لێبدەین".



نەخۆشی تالاسیمیا دوو جۆری هەیە. جۆری یەکەمیان بە (مێجەر) ناودەبرێ کە تووشبووەکانی ئەم جۆرە دەبێ مانگی جارێک یاخود دووجار خوێنیان تێبکرێت، بەڵام جۆری دووەمیان (ماینەر)ە و پێویستە سێ مانگ جارێک، یاخود چوارمانگ جارێک، خوێنیان تێبکرێت.

نەخۆشی تالاسیمیا لە هەرێمی کوردستان چارەسەری نییە. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازە ژمارەیەک لەم نەخۆشانە بنێرێتە دەرەوە. سەفین جەلال لەبارەی چارەسەری نەخۆشییەکە گوتی "چارەسەرەکەی چاندنی مۆخی ئێسکە، ئەوەش لە کوردستان نییە، ئێستا پرۆژەمان هەیە 400 نەخۆش بنێرینە دەرەوە".

ساڵی 1995 لە نەخۆشخانەی رزگاری بەشی تالاسیمیای هەولێر کراوەتەوە دواتر گوازراوەتەوە بۆ بینای ئێستا کە 600 نەخۆشی تالاسیمیای تێدایە، نەخۆشەکان داوا دەکەن کە حکومەت بینایەکی تایبەت بەو نەخۆشخانەیە دروست بکات و جۆر و کوالێتی خزمەتگوزاری و پێداویستییە تەندروستییەکان باش و بەرزتر بکاتەوە.

ژیانی سوڵتان و هاوڕێکانی بەندە بەو خوێنەی لەلایەن کۆمەڵەی خوێنبەخشان یان هەڵمەتی فەرمانگەکانی حکومەت بۆ خوێنبەخشین، دەبەخشرێتە ئەو نەخۆشخانەیە. سوڵتان دەستی بۆ ئەو بوتڵە خوێنە درێژ کرد کە بۆی هەڵواسرابوو و دڵۆپ دڵۆپ دەچووە جەستەی، گوتی "پیرۆزترین شت لەلای من ئەو بوتڵە خوێنەیە".

## 4500 کوڕ و کچی ناردووەتە دەرەوە

# کوردستان سوپایەکی نوێ بنیات دەنێت

**ئەلێکساندەر دی ستیڤانۆ**
**رووداو- بەرشلۆنە**

هەرێمـــی کوردســـتان خەریکـــی بنیاتنانی ســـوپایەکی نوێیە لە بواری پەروەردەدا، بۆ ئەو مەبەســـتەش 4500 خوێندکاری کوڕ و کچی بە زانکۆکانی ئەمریکا و ئەوروپادا بڵاوکردووەتەوە، چـــاوەڕێ دەکات بـــە گەڕانەوەیان ببنە بڕبڕەی پشتی ئابوورییە روو لە گەشەکەی.

"ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانە گەڕاونەتەوە کوردســـتان و جیاوازییەکی بەرچاویان دروست کردووە". د.دلاوەر عەلائەدین، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێک لە ئەندازیارانی پشـــت پرۆگرامی ناردنە دەرەوەی خوێندکاران، وا دەڵێت.

د.دلاوەر هەروەهـــا دەڵێـــت "پرۆگرامـــی تواناســـازی مرۆیی، یەکێکە لە ســـتراتیژیترین کارێـــک کە حکومەتـــی کوردســـتان ئەنجامی دابێت". د.دلاوەر، وەزیری خوێندنی باڵا بوو لە نێوان ساڵی 2009 تاوەکو مانگی چواری ساڵی رابردوو. ئێســـتا مامۆستای مایکرۆبایۆلۆژییە لە زانکۆی نۆتینگهام.

ئەو دەڵێت کە زیاتر لە 4500 لاوی "بەتوانا"ی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ئێستا لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهاندا دەخوێنن "30%ی زەمالەکان دراون بە ئافرەت، کە ئەمەش بۆ خۆی شۆڕشێکی کەلتوورییە".

هەولێر ئێستا لە قۆناغی کۆتایی تەواوکردنی پرۆژەی بۆرییە نەوتییەکاندایە کە لە رێگەیانەوە نەوتی هەرێمی کوردســـتان راســـتەوخۆ بەرەو تورکیا هەناردە دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هێزێکی پاڵنەر بۆ ئابوورییە گەشەسەندووەکەی هەرێمی کوردستان.


ئاهەنگی دەرچووانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین (فۆتۆ: سیروان عەزیز)

وەبەرهێنانی بیانی- لە نێویاندا 50 کۆمپانیای نێودەوڵەتـــی بەرهەمهێنانی نەوت- بە لێشـــاو روویان لە هەرێمەکە کردووە و کوردستان ناوی "دوبەیی داهاتوو"ی لێنراوە.

ئەو فڕۆکانەی لە ئەوروپا و وڵاتانی کەنداوەوە روو لە کوردستان دەکەن، پڕن لە نەفەر، زۆربەی سەرنشینەکانی نێو فڕۆکەکان یان ئەو کوردانەن کە لە هەندەران دەگەڕێنەوە، یان کرێکاری بیانین کە دەچنە کوردستان کار لە پرۆژەکانی بکەن، یان بازرگانی بیانین و بـــەدوای بازاڕێکی نوێدا دەگەڕێن.

هێڵی ئاسمانی ئیمارات لە راپۆرتێکیدا ئاماژە بە گەشەسەندنی ئابووریی ئەو هەرێمە دەکات. ئەو هێڵە ئاســـمانییە دەڵێت لە ساڵی رابردوودا گەشتەکانی بۆ هەولێر 80% زیادی کردووە.

بەڵام بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی ئەم ئابوورییە روو لەگەشەســـەندنە پڕ بکرێتـــەوە، د.دلاوەر دەڵێت هێشـــتا زۆر شت ماوە کە دەبێت بکرێت "سیســـتەمی خوێندنی ئێمە زۆر لـــە دواوەیە، ئابووریی بەهێز بەبێ ســـوپایەکی خوێندەوار و پرۆفیشناڵ کە لە زانکۆ ناوخۆییەکاندا خوێندن تەواو بکەن، بەبێ ئەوان بەڕێوەناچێت". د.دلاوەر وا دەڵێت.

نوێنەرایەتییەکانـــی هەرێمی کوردســـتان لە دەرەوە، لە هەوڵی بەرەوپێشـــبردنی سیستمی خوێندنن لە هەرێمی کوردستان.

رێـــزان قادر، نوێنـــەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیا دەڵێت زۆر زانکۆی ئیتالی حـــەز دەکەن لەگـــەڵ زانکۆکانی کوردســـتاندا هاوکاری بکەن. پرۆگرامی گۆڕینەوەی خوێندکار و مامۆســـتا لە نێـــوان هەردوو وڵاتـــدا درێژەی هەیە و حکومەتی ئیتاڵیا چەند زەمالەیەکی بۆ خوێندکارانی کورد تەرخان کردووە.

دابان شەدەڵە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لـــە ئیســـپانیا دەڵێـــت هەندێک لـــە زانکۆکانی کوردســـتان داوای مامۆســـتای ئیسپانییان کردووە "ساڵی رابردوو 32 زانکۆی ئیسپانیا و 11 ســـەرۆک زانکۆی کوردستان لە ئیســـپانیا کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەســـەر هاوکاریی نێوان زانکۆکان، هەندێک لە زانکۆکانی کوردستان داوای مامۆستای ئیسپانییان کرد تا بچنە ئەوێ و وانە بڵێنەوە".

بەریتانیا کە بووەتە شوێنی هەڵبژێردراوی زۆر لە خوێندکارانی کورد بەهۆی زمان و ستانداردی ئەو وڵاتەوە، تا ئێستا 1500 خوێندکاری کوردی وەرگرتووە.

لە مـــاوەی دەســـەڵاتی د.دلاوەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 200 ملیۆن دۆلاری لە بواری خوێندنی باڵادا خەرجکردووە. د.دلاوەر دەڵێت "هەروەکو چاوەڕوانمان دەکرد، چەندین رێگر لەبەردەم پێشقەچوونی خوێندندا هەبوون. زۆر گرووپ هەبوون کە ســـوودیان لە سیستەمە کۆنەکە دەبینی و نەیاندەویســـت سیســـتەمە تازەکـــە ســـەربگرێت". ئەو گوتـــی "لۆبی دژە ریفۆرم توانی ســـەربکەوێت لە هێواشکردنەوەی پێشقەچوونەکان، بەڵام ئەوە دوای ئەوەی کە من وەزارەتەکەم بەجێهێشت".

وەک د.دلاوەر دەڵێـــت، لەســـەردەمی ئەودا زۆر خۆپیشـــاندان لەبەردەم وەزارەتەکەی کران کە "زۆربەیان داواکاری نایاســـایی و ناماقوڵیان هەبوو". هەموو ئەمانە ئێستا بەشێکن لە رابردوو، ئەوەی ئێســـتا گرنگە، وەکو د.دلاوەر دەڵێت، جەختکردنەوەی ســـەرۆک وەزیـــران نێچیرڤان بارزانییە لەسەر ریفۆرمی سیستەمی خوێندن و بەڵێنی دووبارە هێز بەخشـــینەوە و پتەوکردنی سیستەمی خوێندن لە داهاتوویەکی نزیکدا.

هێشتا زۆر کێشـــە لە ئارادایە. زۆر لەوانەی کـــە دەگەڕێنەوە گلەیی ئـــەوە دەکەن کە کاری حکومییان دەســـتناکەوێ، ئەگەر کارێکیشیان دەستبکەوێت ئەوە لە توانای ئەوان گەلێک کەمتر دەخوازێت بۆ ئەنجامدانی.

هەروەها ئەو کارمەندانەی کە لە کوردســـتان خوێندنیان تەواو کردووە، خوێندکارانی دەرەوە وەکو هەڕەشـــە بۆ ســـەر کارەکانیان دەبینن، هەر بۆیە کێشە و ململانێ لە شوێنی کارەکاندا سەرهەڵدەدەن.

میرانی 30 ساڵ، کە خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی پۆلیتێکنیک- مەدرید، دەڵێت ئامادەیە بگەڕێتـــەوە کوردســـتان و جێگـــەی خۆی لەو ســـوپا خوێندەوارە پرۆفیشناڵەدا بکاتەوە. ئەو دەڵێت "کە دەگەڕێمەوە کوردستان دڵنیام کارم دەستدەکەوێت".

## زانا نەخشینی:

# رۆژنامەیەک بۆ قەیرەکچان و قەیرە کوڕان دەردەکەم

**ساڵح قادر**
**رووداو- هەولێر**

سەرۆک زانا، کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی مانگی ئەیلولی رابردووی هەرێمی کوردستاندا کاندیدی لیســـتی ئایندە بوو، ناوەکەی خۆی دەگۆڕێت و نازناوێکی دیکە بۆ خۆی دادەنێت. زانا دەڵێت چیدی کاری سیاسی ناکات و روو لە کاری راگەیاندن دەکات. لە یەکەم هەنگاویشـــدا بە نیازە رۆژنامەیـــەک دەربکات و کەناڵێکی ئاسمانیش بکاتەوە.

ســـەرۆک زانا کە ئێستا ناوی لە خۆی ناوە زانا نەخشینی (نەخشین ناوی دایکیەتی)، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان شکستی هێنا و تەنیا 41 دەنگی هێنا، جارێکی دیکە گەڕایەوە ئەوروپـــا و لە هەڤپەیڤینێکدا لەگـــەڵ (رووداو) رایگەیاند کـــە بەنیاز نییە جارێکی دیکە کاری سیاســـی بکاتەوە، بەڵام ئێستاش لە نووسینەکانیدا خۆی بە سەرۆکی پارتی راستیی کوردستان دەناسێنێ.

زانا سەبارەت بە وازهێنانی لە کاری سیاسی دەڵێـــت "میللەتێـــک بە 16 ســـاڵ لە من تێنەگات، کەی تێمـــدەگات! من جارێکی دیکـــە گاڵتە بە خـــۆ م ناکـــەم، من هیچم نەما و هەموو ســـەروەت و سامانی خۆم لە پێناوی گەلی کورد خەرج کرد، بەڵام لێمتێنەگەیشـــتن". هەروەها گوتی "کە من نەتوانم بە سیاسەتی نەرم و نیان مۆڵەتی بارەگایەک وەربگرم، چۆن دەتوانم حکومەتێک بگۆڕم یان گەلێک بگۆڕم".

زانا نەخشینی، بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند پارچە ڤیدیۆیەک لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، بووە جێی ســـەرنجی خەڵک و میدیاکان. لەو گرتە ڤیدیۆییانەدا بەڵێنـــی قەبەی بە خەڵک دا بە تایبەتیش گەنجـــان، لەوانەش داوای لە گەنجـــان دەکـــرد ئیش نەکـــەن چونکە دوای ئەوەی ســـەرکەوت هەر هەموویان بە بن دیوار دادەمەزرێنێ، بـــەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەریخســـت کە ڤیدیۆکان بە کەڵکی سەرۆک نەهاتن، بۆیە چەند رۆژێـــک دوای هەڵبژاردن گەڕایـــەوە ئەوروپا و چەند وێنەیەکی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکـــردەوە کـــە لە چێشتخانەیەک قاپی دەشووشت.

زانا نەخشـــینی کە وڵاتینامەی بەریتانیای هەیە، دەڵێت بە نیازە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام ئەمجارە لەجیاتی سیاسەت روو لـــە کاری راگەیاندن دەکات. نەخشـــینی گوتی "کە گەڕامەوە کوردســـتان بە شەڕیش بێت رۆژنامەیـــەک دەردەکەم بـــۆ ئەو کوڕ و کچانەی دەیانەوێت مێرد بکەن یان ژن بهێنن، وێنە و ژیاننامەیان بڵاودەکەمەوە لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆنیان و ئیمەیلیان، خۆیان ئیعلان بکەن کە ژن دەهێنن، یان مێرد دەکەن".

هەرچەندە زانا بە زەحمەتی دەزانێت کچان رێکلام بۆ خۆیان بکەن لە رۆژنامەکەیدا، بەڵام دەڵێت "خۆ هەر هیـــچ نەبێت بەهۆی ئەمەوە کچەکان دەزانن کێ دەیەوێت ژن بهێنێت و ئەگەر حەزیان لێبێت پەیوەندییان پێوە دەکەن".

سەبارەت بە گۆڕینی ناوەکەشی، زانا گوتی "پارتییـــەکان حەز ناکەن جگە لە مەســـعود بارزانی بە کەسی دیکە بگوترێ سەرۆک، منیش بۆیە ناوی خۆم گۆڕی، گوتم بەڵکو پارتییەکان دڵیان نـــەرم بێت و مۆڵەتی کارکردنم پێبدەن لە کوردســـتان". بۆ نەخشـــینیش دەڵێت "نەخشین، ناوی دایکمە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ژیان وای لێهاتووە، لە دایک زیاتر کەسی دیکە هەست بە ئازارەکانی منداڵەکانـــی ناکات و خەمیان لێناخوات، بۆیە ناوی دایکمم هەڵبژارد".



وەک نەخشینی گوتی، ئەو خەون و خولیای زۆرن، بەڵام لە کوردستان رێی پێنادرێت "من هەوڵمدا پرۆژە وەربگـــرم لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوەکان، بەڵام گوتیـــان بببوورە، هەموو شتێک بۆ تۆ قەدەغەیە لە کوردستان".

یەکێک لەو پرۆژانەی بەنیازە کاری تێدا بکات دوای گەڕانەوەی بۆ کوردســـتان، کردنەوەی کەناڵێکـــی ئاســـمانییە، زانا گوتی "بەنیـــازم بە هـــاوکاری حکو مە تـــی بەریتانیا کەناڵێکی ئاسمانی کوردی بکەمەوە، بۆ ئەوەی ببێتە پردی پەیوەندی رۆشنبیری و کەلتووری کورد بە جیهان. ئاشناکردنی کوردی هەر پێنچ پارچەی کوردستان بە جیهان".

هەروەهـــا گوتی "خەریکی نووســـینەوەی ژیاننامـــەی خۆمـــم، بەشـــێوازێکی جیاواز و تازە کە هەم ژیاننامەکەم بنووســـرێتەوە هەم فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەگـــەڵ بێت و هەم باسی قوتابخانەی راستی تێدا بکرێت کە چۆن هەوڵم داوە ببینە گرووپێکی شۆڕشگێڕ".

زانا بە قسەی خۆی ئێستا قوتابی زانکۆی برادۆفـــۆری بەریتانیایە بەشـــی کۆمپیوتەر ئەنیمەیشـــن و ڤیژوەڵ ئیفێکتس دەخوێنێت و دەڵێـــت "بـــە ئاواتم زانکۆ تـــەواو بکەم و بگەڕێمەوە کوردستان و لە گوندێکی سادەی کوردستان ببمە مامۆستا و ژیانێکی سادە بەسەربەرم".

## نەدا ئابڕەنگی، دیزاینەری جلوبەرگ:

# تازەگەری دەخەمە نێو جلوبەرگی کچانی کوردستان

### کچانی کورد زۆر بە سەلیقەن لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ



**میا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

نەدا ئابڕەنگی نمایشـــکار و دیزاینـــەری جلوبەرگی ئێرانی بۆ بەشداریکردن لە نمایشی جلوبەرگ هاتووەتە هەولێر. نەدا نزیکەی 12 ســـاڵە ئەم کارە دەکات و لە تاران بەشێوازێکی ئەکادیمی دیزاین و جلوبەرگ و نمایشی جلوبەرگ دەخوێنێت. نەداهەرلەمنداڵییەوە حـــەزی لەم بوارە بـــووە و دیزاینی جلوبەرگی بۆ چەندین ئەکتەر و کەسایەتی بەناوبانگی ئێرانی و جیهانی کردووە، ئێســـتا لە گۆڤاری Erbil prime وەک دیزاینـــەرو نمایشـــکاری جلوبەرگ کار دەکات. نـــەدا وەڵامـــی چەند پرســـیارێکی (رووداو)ی داوەتەوە.

**رووداو: بۆ ئافرەت ســـەخت نییە لە ئێران کاری دیزاین و نمایشـــکاری بکات؟**

**نەدا ئابڕەنگی:** نـــا، لەبەرئەوەی من لـــە ئێران دیزاینـــی جلوبەرگی ئیســـلامی دەکەم، کاری ئێمەش هەر لەو چوارچێوەیەدایە، پاشـــان ئێمە بەشـــێوازێکی ئەکادیمی کارەکان بەڕێوەدەبەین و تەنیا بۆ کچەکان کار دەکەین.

**رووداو: وەک دیزاینـــەری جلوبەرگ هیچ تایبەتمەندییەکت لەگەڵ جلی کوردی هەیە؟**

**نـــەدا ئابڕەنگی:** بێگومان جلی کـــوردی بەلای منەوە زۆر جوانە، لەبەر ئەوەی زۆر رەنـــگاو رەنگـــەو دوورینیشـــی زۆر تایبەتە، دەتوانم جلی کوردی بە شـــێوازی کلاســـیک و مۆدێرن بـــدرووم، هەندێـــک تازەگەریـــش دەخەمە نێو جلی کچانی کورد.

**رووداو: پێتوایـــە کچی کورد ســـەلیقەیەکی جوانیـــان هەیە بـــۆ لەبەرکردنـــی جلوبەرگ و هەڵبژاردنی رەنگی جلەکان؟**

**نەدا ئابڕەنگی:** مـــن وای دەبینم کچی کورد زۆر گرنگـــی بە جلوبـــەرگ دەدەن و دەیانەوێت هاوســـەنگی رەنگەکان بکـــەن و لەگەڵ یەکدی بیگونجێنن، هەڵبەتە سەلیقەی جوانیان هەیە لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و مۆدیلی جلەکان، ئەمەش وایکردووە کچەکان جوانتـــر دەربکەون، گومان لەوەشدا نییە کچانی کورد وەک کچە فارسەکان زۆر جوان و شـــۆخ و شـــەنگن. لەتەک ئەمەشدا خەڵکی هەولێر زۆر میهرەبانن و لەگەڵ میوان زۆر دڵیان گەورەیە، پاشان زۆر خوێنگەرمن، هەڵبەتە فەرهەنگی کوردی زۆر نزیکە لە ئێران و ئەمەش وایکردووە خۆم بە غەریب نەزانم.

**رووداو: ئێوە لە ئێران وەک ئەکتەر رۆڵتان لە چەند فیلم و شانۆگەرییەک بینیوە، لە کوردستان هیـــچ دەرهێنەرێـــک داوای لێنەکردووی لـــە فیلم یان لە کلیپ بەشداری بکەی؟**

**نـــەدا ئابڕەنگی:** هەڵبەتە لە ئێران زۆر رۆڵـــم لـــە فیلـــم و شـــانۆگەری بینیـــوە، بەڵام لەبەر ئـــەوەی زمانی کوردی نازانم بۆیە ئێســـتا کەمێک بۆ من ســـەختە، ئەگەر زمان کێشەم بۆ دروست نەکات و دەرهێنەرەکان داوام لێبکەن بۆ فیلـــم حەز دەکەم، بەڵام بەشـــداری هیچ کلیپێک ناکەم، جگە لەم کارانە من خۆم مکیاژ بۆ زۆربەی فیلم و کلیپەکانی ئێران و کوردستان دەکەم.





عەلی حەمە ساڵح※

# دەکرێت دژی ناردنە دەرەوەی نەوت بین بۆ تورکیا؟

ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بۆڕی بۆ تورکیا، یەکێکە لەو گرفتە گەورانەی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا و تورکیادا هەیە، ئەمریکا و ئێران و ڕووسیاش قسەی جدییان هەیە لەسەری.

## وەک هاونیشتیمانییەکی کوردستان دەکرێت دژی بین ؟

گومان لەوەدا نییە کە گەورەترین دەستکەوت لە مێژووی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، ڕاکێشانی بۆڕی نەوت ء غازە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئێمە ئەگەر بمانەوێت پایەکانی دەوڵەتی کوردی دابنێین ئەمە یەکێکە لە بەهێزترین پایەکانی ئەو دەوڵەتە.

ئەوەی بۆ ئێمە پێویستە قسەی لەسەر بکەین، ڕاکێشانی بۆڕییەکە نییە کە ئایا پێویستە یان نا؟ بەڵکو هەنگاو و دەرهاویشتەکانە کە کاریگەری و لێکەوتە و کەموکورتییەکانی چین؟

## عێراق بۆچی ناڕازییە؟

بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق تاڕادەیەکی زۆر کارەکە ئەستەم دەبێت، چونکە حکومەتی ناوەندی چەندین کارتی گوشاری بەدەستەوەیە، دیارترینیان بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی گوشارە لەسەر گەشتە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی.

هیوام وایە حکومەتی ناوەندی ڕازیبێت، بەڵام ئەستەمە، چونکە حکومەتی ناوەند دەڵێت" نەوتی هەموو عێراق دەبێت لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی عێراقەوە بڕوات ء کۆمپانیای سۆمۆ سەرپەرشتی فرۆشتنی بکات". واتە ڕازی نییە کورد خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێت، با پارەکەشی بچێتە خەزێنەی دەوڵەتی عێراق.

حکومەتی عێراق، زانیاری ئەوەی هەیە کە نەوتی هەرێمی کوردستان بە کەمتر لە نرخی جیهانی دەفرۆشرێت و دەڵێت: ئەگەر من سەرپەرشتی بکەم بە نرخی جیهانی دەیفرۆشم و هەرزانفرۆشی ناکەم و ئەمە زیانگەیاندنە بە دارایی عێراق.

بەشێک لە شرۆڤەکارانی عێراقی، سەرگرتنی ئەم هەنگاوە بە دەرگایەک بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق وەسفدەکەن، ڕەنگە ئەمەش وەک لێدانێک لە مالیکی بەکاربێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا و بگوترێت: لەسەردەمی حوکمڕانی تۆدا کورد بووە خاوەنی بۆڕی خۆی و ڕێگەی جیابوونەوەی خۆی دۆزییەوە.

## دژایەتی ڕووسیا و ئێران بۆ؟

**ڕووسیا و ئێران دوو دەوڵەتن قسەی جدییان هەیە لەم پرسەدا.**

ڕووسیا بۆ دژیەتی؟ تەواوبوونی بۆڕی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان و دابینکرنی غاز بۆ تورکیا و بەشێکی زۆری ئەوروپا، زیانێکی زۆر لە ئابووریی ڕووسیا دەدات، بەو پێیەی بەشێکی زۆری غازی ئەوروپا ڕووسیا دابینی دەکات و کارتی غازیش یەکێکە لە گرنگترین ئەو کارتانەی بەدەست ڕووسیاوە بووە، بە تەواوبوونی پڕۆژەی بۆڕی غازی کوردستان ئەو کارتەی ڕووسیا کاریگەری نامێنێت.

ئەمریکا، لە 2004ەوە کاری بۆ بێبایەخکردنی غازی ڕووسیا کردووە لە ڕێگەی پڕۆژەی نابووکۆوە کە بڕیاربوو 6 کۆمپانیای گەورەی جیهانی بەڕاکێشانی غاز لەئێران و کازاخستانەوە بۆ ئەوروپا پڕۆژەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام پڕۆژەکە شکستی هێناو ئێستا بەشێک لە شارەزایان پڕۆژەی بۆڕی غازی کوردستان بە جێگرەوی نابووکۆ دەزانن.

سەرگرتنی ئەم پڕۆژەیە و ڕۆیشتنی نەوت و غازی کوردستان بۆ تورکیا زیانێکی گەورەش بە ئێران دەگەیێنێت، بەوپێیەی بەشێکی گەورەی ئەو وزەیەی کە بڕیارە لە ئایندەدا لە کوردستانەوە بچێتە تورکیا ئێستا ئێران دابینی دەکات، ئەمەش قەیرانی دارایی لە ئێران زیاتر دەکات.

## ئەمریکا چی دەوێت؟

لە بنەڕەتدا ئەمریکا دژی ئەوە نییە نەوت و غازی کوردستان بچێتە تورکیاو بازاڕەکانی ئەوروپا، چونکە ئەمە بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری ئێران و ڕووسیا کەم دەکاتەوە، کەمکردنەوەی ئەم کاریگەرییەش سوود گەیاندنە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا.

ئەمریکا، ڕەنگە تێبینی لەسەر شێوازی ڕۆیشتنەکە هەبێت، ناکرێت لەم قۆناغەدا ئەمریکا پشت بکاتە حکومەتی عێراق، چونکە تائێستاش سەرکەوتنی بڕیارەکانی مالیکی و حکومەتەکەی کە بەرهەمی کاری ئەمریکایە سوودگەیاندنە بە سیاسەتی ئەمریکا.

ئەمریکا ڕۆیشتنی نەوت و غازی کوردستانی لەلا گرنگە، بەڵام پێیوایە پرۆسەکە بەشێوەک خزمەت بەئەمریکا دەکات کە ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی عێراقی لەسەر بێت.

## خواست و تێبینییەکانی ئێمە چین؟

نابێ دژی ناردنە دەرەوەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بین لە ڕێگەی بۆڕییەوە بۆ تورکیاو بازاڕەکانی جیهان، چونکە ئەمە هەنگاوێکە بەرهەمەکەی چەندین نەوەی دیکەش لێی سوودمەند دەبن، بەڵام چەندین تێبینی و ڕەخنەمان لەسەر پرۆسەکە هەیەو دەکرێت لەم قۆناغەدا کار بۆ جێگیرکردنی تێبینییەکانمان بکەین.

تێبینییەکان لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەمەوە کە پێموایە بە جێبەجێکردنیان کوردستانێکی گەش بۆ هەمووان بنیات دەنێین.

**یەکەم:** لێکۆڵینەوە بۆ لێکەوتە هەنووکەییەکانی بکرێت، لە ئەگەری بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستاندا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانی دارایی نەبێت.

**دووەم:** وردەکاری ئەم گرێبەستە بۆ هەمووان ڕوونبکرێتەوەو گرێبەستەکە ببرێتە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بەتەواوی جێبەجێ بکرێت ء کۆمپانیاکانی نەوت و سندووقی داهاتەکانی نەوت دابمەزرێن.

**چوارەم:** کۆتایی بەم ناشەفافییەتە بهێنرێت کە لە فایلی دارایی نەوتدا هەیە، مانگانە بڕی فرۆشی نەوت و غاز و پارەی وەدەستهاتوو دیاری بکرێت ء پلان بۆ خەرجکردنی پارەکەی دابنرێت.

**پێنجەم:** کۆی ئەو پارانەی لە پرۆسەی نەوتدا لە ڕابردوودا وەدەستهاتوون ڕوونبکرێتەوە بۆ هەمووان، ئەوەی خەرجکراوە شێوازی خەرجکردنەکەی دیاری بکرێت ء ئەوەی ماوە پلان بۆ بەکارهێنانی دابنرێت.

**شەشەم:** پلان دابنرێت بۆ پیشەسازی ناوخۆی نەوت و کۆتایی بەو دۆخەی ئێستا بهێنرێت (بوونی پاڵاوگەی بێ مۆڵەت و کوالێتی خراپ و بەفیڕۆدانی بەشێکی زۆری ئەو پێکهاتانەی کە لە نەوتی خاودا هەن، سنووردانان بۆ بردنە دەرەوەی نەوتی خاو یان پێکهاتەکانی لە ڕێگەی تەنکەرەوە).

**※ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان**



ئەیوب نوری

# وانەیەکی زایۆنی بۆ یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەمانگی ئابدا ببەسترایە، ئەوا ڕێکەوتی یەکەم کۆنگرەی زایۆنی دەکرد کە ساڵی 1897 لەشاری بازلی سویسرا بەسترا. ئەوانیش لەمانگی ئابدا بوو کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یەکەم کۆنگرەی خۆیان بەست. ئەو هۆکارانەی کە جوولەکەکانی کۆکردەوە زۆر لەو هۆکارانە دەچوون کە ئێستا وایان لەکورد کردووە بیر لەبەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بکاتەوە.

بیرۆکەکە لەلایەن تیۆدۆر هێرتزلەوە سەریهەڵداو هەر ئەویش سەرپەرشتی کۆنگرەکەی کرد. هێرتزل ئەو کاتە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی جوولەکە ناتوانن چیدی بەئاسوودەیی و سەربەرزی لەو وڵاتانەدا بژین کە تێیاندا نیشتەجێن. جوولەکەکان بەدرێژایی مێژوو هاوبەش بوون لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریی وڵاتانی ئەوروپاو ڕووسیای قەیسەری و باکووری ئەفریقا. لە سوپاکانیاندا وەک سەرباز و ئەفسەر بەشدار بوون. لەبواری زانستیدا زۆربەی داهێنانەکان ئەوان دەیانکرد. باشترین پزیشکەکانی ئەو وڵاتانە جوولەکە بوون. شارەزایانی ئابووری و دارایی جوولەکە بوون. مامۆستایانی زانکۆ و نووسەرە باشەکان جوولەکە بوون. پزیشکە دەروونییەکان جوولەکە بوون. شانازییان بەئەڵمانیبوون و ڕووسیبوونی خۆیانەوە دەکرد. خۆیان بەهاووڵاتی ئەو وڵاتانە دەزانی. جوولەکەبوونی خۆیان نەدەخستە پێش هاووڵاتیبوونیان.

بەڵام دوای سەدان ساڵ، تێگەیشتن کە نەک هەر سوپاس ناکرێن و ڕێز لەکارو دەستکەوت و داهێنانەکانیان ناگیرێت، بگرە هەمیشە وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکرێن و دەچەوسێنرێنەوەو سووکایەتییان پێدەکرێت. بەبچووکترین بیانوو هێرش دەکرێتە سەریان و پاکتاو دەکرێن و بازاڕ و ماڵ و پەرستگاکانیان دەسووتێنرێ و دەوڵەتیش بەنهێنی پشتگیری لەهەستی دژە جوولەکە دەکات.

سەرەڕای ئەمەش، هەندێ جوولەکە باوەڕیان وابوو کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم جۆرە دژایەتییە کۆتایی دێت و گەلانی ئەوروپا و ڕووسیا و ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەشیمان دەبنەوە و داوای لێبووردنیان لێدەکەن. هەندێ کەسایەتی ڕۆشنبیری جوولەکە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەتەواوی ناسنامەی جوولەکەی خۆیان بسڕنەوە و دەستبەرداری کەلتوور و ئاینەکەیان ببن، بۆ ئەوەی بەتەواوی تێکەڵی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە ببن و بێ جیاوازی لەگەڵیان بژین. بەڵام هێرتزل تێگەیشتبوو کە دەسەڵاتداران و خەڵکانی ئەو وڵاتانە هەرگیز پێشوازی لەجوولەکە ناکەن. هەمیشە بەکەم لێیان دەڕوانن و هیچ نەوەیەکی جوولەکە ئاسوودە نابێت هەتا دەوڵەتی خۆیان نەبێت. هەر لەبەرئەوەش بوو کە کۆنگرەی یەکەمی زایۆنی بەست بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک.

لێرەدا بەئاشکرا دیارە کە چ لێکچوونێکی مەزن هەیە لەنێوان جوولەکەکانی ئەو سەردەمەو کوردی ئەمڕۆ. لە وڵاتانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیاش کورد بەشداری سەرجەم بوارەکانی ژیانن. لەناو سوپادا سەربازن. لەبازاڕەکاندا بەشدارن. لەقوتابخانە و زانکۆکاندا خوێندکارن. لەکێڵگەکاندا جووتیارن. لەبواری کەلتووریدا نووسەر و هونەرمەند و نیگارکێش و وەرگێڕ و زمانزانن. لەنەخۆشخانەکاندا پەرستار و پزیشکن. لەسەر سنوور پاسەوانن. لەبواری وەرزشیدا یاریزانن.

لەکارگەکاندا کرێکارن و لەژێر ئاڵای ئەواندا و پاسپۆرتی ئەوان هەڵدەگرن. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە نەک هەر نرخی ئەم بەشداری و لەخۆبووردەیی و دڵسۆزییەی کورد نازانن، بگرە هەمیشە بەگومانەوە، وەک هاووڵاتی پلە دوو لێیان دەڕوانن. بە بیانووی جیاواز هێرش دەکەنە سەریان و ئاوارەو دەربەدەریان دەکەن. هەربۆیە ئێستا کوردیش بیر لەکۆنگرەی نەتەوەیی دەکاتەوە و دەیەوێت بەدنیا بڵێت کە کورد خاوەن ناسنامەی خۆیەتی و دەیەوێت لێرە بەدوا، وزە و توانا و دڵسۆزیی خۆی بۆ وڵات و میللەتی خۆی بەخەرج بدات.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو لێکچوونەی نێوان ئێمە و جوولەکە، جیاوازییەکی گەورەش هەیە. ئەوان لەسەر ژمارەی کورسی و نوێنەران کۆنگرەکەیان دوانەخست و هەڵنەوەشاندەوە. بۆ ئەوان گرنگ ئەوە بوو لەکۆنگرەکەدا باسی چی دەکەن و چ بەرنامەو ئەجێندایەک دەخەنەڕوو. جوولەکەکانی 17 وڵات تەنیا 200 نوێنەریان نارد بۆ یەکەم کۆنگرەی زایۆنی. هەموو جوولەکەکانی جەزائیر و میسر و تونس تەنیا بە دوو نوێنەر بەشدارییان کرد. بەڵام ئێستا کوردی چوار وڵات بە 600 نوێنەریش ڕازی نین. جوولەکەکان بۆ ماوەی 60 ساڵ و بەستنی زیاتر لە 20 کۆنگرە وەک حیزب بەشدارییان نەدەکرد. بەڵکو هەموو لەچواردەوری بیرۆکەیەک کۆبوونەوە کە بیرۆکەی زایۆنی بوو بۆ ڕزگارکردنی جوولەکە لەژێردەستەیی. بەڵام لە کوردستان حیزبەکان خەریکە لەپێناو ژمارەی نوێنەر و کورسییەکانیاندا خەون و خواستی گەلێکی ژێردەستە ژێرپێ دەخەن. ئەو جوولەکانەی کە 116 ساڵ لەمەوبەر لەشاری بازل کۆبوونەوە، دەیانزانی کە ئەو کۆنگرەیە بۆ ئەوان نییە، بەڵکو کۆنگرەیەکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی منداڵەکانیان و نەوەکانی داهاتوویان. پێویستە حیزبە کوردییەکانیش، ئەگەر بەڕاستی خەمخۆری نەوەکانی داهاتوون، بەرژەوەندی خۆیان وەلا بنێن و بەیەک نوێنەر بەشداریی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکەن. وەک میوانیش بێت بەشدار بن. کورسیەکانی خۆیان ببەخشن بەیەکتر. لەبری ململانێ و ڕکابەری کار بکەن بۆ ئەوەی کام حیزب لەهەموویان دووربینترە و باشترین بەرنامەی هەیە بۆ داهاتووی میللەتەکەی.

بارودۆخی ئەمڕۆی کورد وەک بارودۆخی جوولەکەکانی ئەو سەردەمە پڕە لەدڵەڕاوکێ و نادڵنیایی.

ئەمڕۆ کوردیش ئامادەیە لەگەڵ دراوسێکانی و سەرجەم میللەتانی دنیا بدوێت. چارەنووسی خۆی و نەوەکانی داهاتووی دیاری بکات. ئەمڕۆ هەولێر شاری بازلە. ئەو سەردەمە جوولەکەکان ناچار بوون بەزمانی ئەڵمانی کۆنگرەکەیان ببەستن. ئێستا کورد بەزمانی کوردی و لەژێر ئاڵای کوردستاندا دەتوانن کۆنگرە بگرن.

بەڵام پێویستمان بەکەسێکی وەک هێرتزلە کە لە کۆتایی یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا لەدەفتەری یادگارییەکانیدا نووسی "من ئەمڕۆ دەوڵەتی جوولەکەم دامەزراند".



گاری کێنت※

# ئەنقەرە هەولێر و بەغدا.. لە گۆشەنیگایەکی لەندەنەوە

بۆ یەکەمجار کە چوومە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2006، یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەو هەرێمە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ یەکێک لە دراوسێ هەرە سەرسەختەکانی کە ئەویش تورکیا بوو. بەردەوام چیرۆکم دەبیست دەربارەی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی خەڵکی کوردستان لەسەر سنووری تورکیا ڕووبەڕووی دەبوونەوە. جارێکیان بیستم ئەندامانی کۆمپانیایەک کە بزوێنەری ئۆتۆمبێلیان دەهێنایە هەرێمی کوردستان، ماوەی یەک ڕۆژ لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە لەسەر سنوور ڕاگیرابوون بەبێ نان و ئاو. هەرچەندە ئەمانە کێشەی زۆر گەورە نەبوون بە بەراورد بە سنووربەزاندنی پێنج ساڵ لەمەوبەری سوپای تورکیا لەلایەن 100 هەزار سەربازی ئەو وڵاتەوە.

ئەمڕۆ، نزیکەی 200 هەزار کارمەندی تورکی و سەدان کۆمپانیای ئەو وڵاتە لە کوردستان کاردەکەن. بەم دواییە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی سەردانێکی مێژوویی بۆ شاری دیاربەکر ئەنجامداو لەوێ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا دەرکەوتن. یەکێک لەو گۆرانیبێژە کوردانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە تورکیا قەدەغە کرابوو، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆری ئەو شارە گۆرانی دەگوت لە کاتێکدا ئاڵای کوردستان و تورکیا پێکەوە لەناو خەڵکەکەدا دەشەکانەوە.

بەم نزیکانە، نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بۆڕیە نەوتەکانی کوردستانەوە دەگاتە تورکیا، ئەمەش جگە لەوەی سوود بە ئابووریی عێراق دەگەیەنێ، وزەی پێویست بۆ تورکیاش دابین دەکات. بیرە نەوتەکانی تەقتەق کە چەند کۆمپانیایەکی تورکی کاری لێدەکەن و بەم دواییە لەگەڵ وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانم کرد، دەتوانێ بڕێکی زۆر لە پێداویستی ڕۆژانەی تورکیا لە وزە دابین بکات. پەیوەندییەکی گەرمتر لەگەڵ تورکیا دەتوانێ پرۆسەی ئاشتی نێوان حکومەتی تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان بەهێزتر بکات.

پەیوەندی بازرگانی دەتوانێ دوژمنایەتی و تەنگژەی دەیان ساڵی ڕابردوو بڕەوێنێتەوە. پێویستە سیاسەتمەدارانی نێودەوڵەتی بەباشی تێبگەن لە ئاکامەکانی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەی لە پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیادا ڕوویانداوە. ئەم پێشکەوتنەش یەکێکە لەو تروسکاییە دەگمەنانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێ.

لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەم پەیوەندییە بە ئاراستەیەکی باشدا بڕوات، بەڵام هێشتا مەترسی لەسەر داهاتووی ئەم پەیوەندییە ماوە، چونکە هەندێک لە لێپرسراوانی حکومەتی بەغدا دەمێکە لە هەوڵدان بۆ لەکارخستنی دەستەکانی هەرێمی کوردستان. سەرەڕای هەموو ئەمانەش سەرکردە کوردەکان لە پاش جەنگی ساڵی 2003 بڕیاریاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە، ئەمەش بڕیارێکی ئاسان نەبوو بە بەراورد بەو هەموو تاوان و جینۆسایدەی دەرهەق بە گەلی کورد کرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا، بە تایبەتی لەسەردەمی ڕژێمی سەدام حوسەین.

سەرکردە کوردەکان ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە بەرقەرارکردنی سەقامگیری لە عێراق و چەندین ڕێککەوتننامەیان لەم پێناوەدا لەگەڵ بەغدا ئیمزا کردووە. بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا پابەند نەبوون بە زۆرێک لەم ڕێککەوتنانە.

چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەتایبەتی لەپارێزگای کەرکووک کە لە ساڵانی شەستەکانەوە بە زۆرەملێ تەعریب دەکرێ، بەبێ هیچ چارەسەرێکی گونجاو ماوەتەوە. هەرێمی کوردستان مافی وەرگرتنی 17%ی بودجەی عێراقی هەیە، بەڵام حکومەتی مەرکەزی تەنها 10%ی بودجەی بۆ ڕەوانە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان سوودمەند نەبووە لە بەرنامە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی عێراق.

هەندێک لە دەسەڵاتدارانی بەغدا ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە قاچاخچێتی ناودەبەن و بەردەوام هەوڵدەدەن پرۆسەکە پەکبخەن. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەموو گرێبەستەکانی نەوتی لە چوارچێوەی بەندەکانی دەستووری عێراقدایە کە لە ساڵی 2005 دا لەلایەن هەموو عێراقییەکانەوە پەسەند کراوە. هەڵبەتە هەموو ئەو کۆمپانیا نەوتیە گەورانە نەدەهاتنە هەرێمی کوردستان ئەگەر بیانزانیایە ئەو گرێبەستانە نایاسایین.

بەهەرحاڵ، سامانی سروشتیی عێراق هی هەموو خەڵکی عێراقە. ئەو نەوتەی لە کوردستانەوە هەناردە دەکرێ، بەغدا بەشی یاسایی خۆی لێوەردەگرێ. سەرئەنجام هەموو وڵات سوود لە داهاتی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن. هەندێک لە دەسەڵاتدارانی بەغدا پێیانوایە سەربەخۆیی ئابووری ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەربەخۆیی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. ئەمە هەنگاوێکی ئاسان نییە بۆ هەرێمێک کە لە نێوان چوار وڵاتی دراوسێدا گیری خواردووە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا پشتگیری هەنگاوێکی لەو جۆرە ناکات. بەڵام گەشەکردنی بەردەوامی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە سەرئەنجام ببێتە مایەی بەدیهێنانی ئەم پێشبینییە.

باشترین ڕێگە بۆ هێشتنەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دانپێدانانە بە مافەکانیان و کارئاسانیکردنە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆیان. خەڵکی بەسرەش تەحەدای ئەو هەنگاو و ڕێگەچارانە دەکەن کە بەغدا بە باشیان دەزانێ بۆ چارەسەر.

گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدیناکارێ بەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی بەهاری ساڵی داهاتوو، بۆیە لەپاش تەواوبوونی ئەو هەڵبژاردنە پێویستە حکومەتەکانی نزیک لە عێراق پشتگیری جێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵی بۆ ئەم وڵاتە بکەن تاوەکو کورد بتوانن دەستکەوتی مێژوویی زیاتر و گۆڕانکاری زیاتر لە سوودی خۆیان و عێراق و هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستبهێنن.

گۆڕانکارییەکان لە پەیوەندی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پەیامێکی بەهێزە بۆ پەرلەمانی بەریتانیا کە زۆرێکیان پشتگیری تورکیا دەکەن لە بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئەوا هەرێمی کوردستان دەبێتە دراوسێیەکی نزیکی یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەریتانیا، بەتایبەتی ئەگەر خەڵک لە ریفراندۆمەکەی ساڵی 2017دا بڕیاری مانەوەی بەریتانیایان لە یەکێتی ئەوروپادا دا.

هەرێمی کوردستان ڕێگایەکی درێژی بڕی تا گەیشتە ئەم قۆناغەی ئێستا. وەک دیپلۆماتەکان دەڵێن، هەڵە تێگەیشتن دەبێتە مایەی داڕمانی پەیوەندییەکان، بەڵام دەکرێت ئەم ئاستەنگانە نەهێڵرێن. ئەگەر تورکیا ڕێگەی بدایە هێزی هاوپەیمانەکان خاکەکەی بەکاربهێنن بۆ جەنگ لە دژی عێراق لە ساڵی 2003دا، ئەوا پێدەچوو هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستان بمابانەوە و ئەوەش تێڕوانینێکی جیاوازی لەلای خەڵکی بەریتانیا سەبارەت بە جەنگی عێراق دروستدەکرد.

بەهەرحاڵ، ئەوە تازە بووە مێژوو. خاڵی گرنگ ئەوەیە تورکیا و هەرێمی کوردستان داهاتوو بۆخۆیان دروستدەکەن و زۆر خەڵک لە بەریتانیا تێدەگەن لەوەی کە گەشەکردنی ئەم پەیوەندیانە گەمە سیاسییەکە دەگۆڕن بۆ گەمەیەکی جیهانی، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ڕووداوەکانەوە هەیە. ئەوەش تەنیا پەیوەستە بە کاتەوە.

**※ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیایە و تایبەت بۆ (ڕووداو)ی نووسیوە.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# خیانەت لە دیموکراسی

دوای دەرچوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، بارودۆخێک هاتە ئاراوە کە هاوکات بوو لەگەڵ بەهاری عەرەبی و بە کورتییەکەی ناوچەکە لەسەر ئاو و ئاگر بوو. ئەوکات سەرەتا بزووتنەوەی گۆڕان و دواتر دوو هێزە ئیسلامییەکەی دیکەش رووداوێکیان بەناوی 17ی شوبات خولقاند کە دوای دوو مانگ لە ناڕەزایەتی، ئاکامەکەی بەوە گەیشت هەندێک چاکسازی سەرپێیی کران و دەسەڵات زەنگێکی هۆشیارکەرەوەی بۆ لێدرا. ئەوێ رۆژێ باسکردنی حکومەتی بنکەفراوان شتێکی ئاسایی بوو، باشتر بوو لەوەی کە حکومەتی ئینتیقالی دروست بێت و فەوزا و نائارامی کوردستان بگرێتەوە. دەکرا ئەوکاتە کابینەی دواتر کە کابینەی حەوتەم بوو، فراوان بکرێت و هێزەکانی دیکەشی بێنە ناو و تا هەڵبژاردن هەمووان دان بەخۆیاندا بگرن، ئەوە دەرفەتێک دەبوو بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ناوخۆیی و ناوچەیی کە رۆژ لە دوای رۆژ لە هەڵکشاندابوو.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا باس لە حکومەتی بنکەفراوان دەکرێت کە کوردستان بەهیچ شێوەیەک لە بارودۆخێکدا نییە پێویستی بەو شێوازەی حوکمڕانی هەبێت. رازیبوونی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو بەوەی کە بەشداربن لەدەسەڵات، مانای خیانەتە لەو دروشم و داوایانەی کە چەند ساڵە خەڵکیان بە هیوای چاکسازی لەدەوریان کۆکردووەتەوە. خەڵکێکی زۆر لەو پێناوەدا قوربانیی داوە و هەق نییە وا بە ئاسانی هەر هەموویان سەنگەرەکە چۆڵ بکەن.

لەو شوێنەوەی کە بەشداریی هەموویان بەیەکترییەوە بەستراوەتەوە، ئەگەر بڕیار وا بێت بەشداربن، هەموویان بە یەکەوە بەشدار دەبن. بۆیە شتێک بەناوی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا نامێنێت و ئەوەش مانای کۆتایی دیموکراسییە. هیچ حیزبێک ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات کە دەتوانێ لە دەسەڵاتدا بێت و ئۆپۆزیسیۆنیش بێت. کە ئۆپۆزیسیۆنیش نەمێنێ، بڕبڕەی پشتی دیموکراسییەت لە کوردستان دەشکێت. ئیتر میدیاش ناتوانێ ئەو رۆڵە بگێڕێت کە جاران لە غیابی ئۆپۆزیسیۆندا دەیگێڕا، چونکە لەو حاڵەتەدا ئیتر میدیاش خۆی لەبەرامبەر هەموو حیزبەکاندا دەبینێتەوە و دەسەڵاتی کوردیش کارنامەیەکی رەشی هەیە لە سەرکوتکردن و دەمکوتکردنی میدیا لە دوو دەیەی رابردوودا.

دەسەڵاتی کوردی لە جیاتی ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە بە پۆست و تەماعی ماددی، حیزبەکانی دەرەوەی خۆی رازی بکات و بیانهێنێتە نێو حکومەتەوە، باشتر وایە زەمینەی دادپەروەرانەی حوکم و بە تایبەتیش حوکمی ناوچەیی بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی حیزبی دەرەوەی حکومەتیش لە شوێنی خۆی دەسەڵاتدار بێت. تەریب لەگەڵ ئەوەش پەرەپێدانی لامەرکەزییەتی ئیدارییە کە حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەتوانن لەو رێگەیەوە کادر و ئەندامانی خۆیان تاقیبکەنەوە و رێفرانسی حوکمدارییان بۆ دروست بکەن. تاکە ئامرازی ئەوەش کە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێ، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە کە پارتی و یەکێتی ئەوە هەشت ساڵ بوو خۆیان لە ئەنجامدانی دەدزییەوە.

چاکسازیی ریشەیی لە سیستەمی دامەزراندن و خانەنشینی، یاسایەکی گونجاو بۆ یارمەتیی دارایی حیزبەکان (تەنیا ئەو حیزبانەی کە کورسییان هەیە نەک ئەوانەی دوکانی سیاسین) و هاوکات سوودوەرگرتنی حیزبەکانی ناو پەرلەمان لە خەزێنەی حکومەت بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان، وا دەکات کە حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات منەتیان بەوە نەبێت لە حکومەتدا بن و لە دەرەوەی حکومەتیش بن دەتوانن بەشدار بن لە دەسەڵاتدا.



هیوا جەمال
hiwajamal@rudaw.net

# کورد دوای ڕێککەوتنی هەولێر و ئەنقەرە

دوای رێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا لەسەر پاکێجێکی نەوتی، بێگومان دۆخی هەرێمی کوردستان گۆڕانی بەسەردا دێت و رەنگە کاریگەریشی هەبێت لەسەر دۆخی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

وەک دەگوترێت رێککەوتنەکە تەنیا ئیمزاکردنی گرێبەستێک نییە لە نێوان هەردوو لایەن، بەڵکو رێککەوتنە لەسەر پاکێجێکی نەوتی کە یەکێک لە گرێبەستەکان هەناردەکردنی نەوتی خاوە لەڕێی بۆرییەوە بە خاکی تورکیادا بۆ بازاڕەکانی جیهان، دەستپێکی ئەو رێککەوتنەش بۆ نزیکەی دووساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

هەر جووڵەیەکی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی کرانەوەی بە رووی جیهانی دەرەوەدا، کۆمەڵێک هاوکێشەی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی تێدایە کە دەبێت حسابی وردی بۆ بکرێت.

هاوکێشە ناوخۆییەکە مەسەلەی ئاشکراکردنی داهاتی نەوت و غاز و شەفافییەتە، بەتایبەتی لە چۆنیەتی خۆشگوزەرانیی هاونیشتمانیان، بە تایبەتتریش ئەگەر حکومەتی بنکەفراوان پێکبهێنرێ و ئۆپۆزسیۆن چالاک نەبێت و هەر حیزبێک بە دەستکەوت و ئیمتیازەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بێت لە حکومەتدا.

بەشێکی دیکەی هاوکێشە ناوخۆییەکە ناردنە دەرەوەی سامانی گشتی هاووڵاتیانە کە دەبوو لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەو پرۆسەیە بە پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕ ببووایە و پەسەندبکرایە.

هاوکێشەیەکی دیکە عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەن کە ئەوانیش هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، بەپێی دەستوورێک کە زۆرینەی کورد بە قسەی بەرپرسانی دەنگیان بۆداوە، هەرێمی کوردستان وابەستەیە بە عێراقەوە، وڵاتێک کە تائێستا بەشێک لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد پێوەی سەرقاڵە، جگە لەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بەتەواوی لەوێوە دێت کە پەیوەندی راستەوخۆی بە تاک بەتاکی هاونیشتمانیانەوە هەیە، هەروەها بەشێکی زۆری خاکی کوردستان هێشتا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدایە.

هەرچی پەیوەندیدارە بە هەردوو وڵاتی دراوسێ، تورکیا و ئێران، تورکیا کە خۆی پاکێجە نەوتییەکە ئیمزا دەکات، بەشێک لە خاکی کوردستانی لەژێر دەستدایە، خێروبێری ئەو پارچەیەی کوردستان بۆخۆی دەبا و خزمەتێکی کەم بە ناوچەکە دەکات، هەروەها ئەم سامانەی باشوور دەچێتە ژێر رەحمەتی ئەوەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەبێت ئەوە باش لێکدرابێتەوە کە دەوڵەتی تورکیا لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا کامیان هەڵدەبژێرێت. عێراق کە پشتیوانییەکی ناوچەیی هەیە وەک وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپا و ئەمریکاش وەک وڵاتێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. هەروەها عێراق کە وڵاتێکی عەرەبی ئیسلامییە، دەبێت ئەوە لێکدرابێتەوە کە تورکیا لە نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد کامیان هەڵدەبژێرێ.

ئێران لە هاوکێشەکەدا بەشی خۆی گرنگی هەیە، بەهەمان شێوەی تورکیا دەبێت ئەوە لێکدرابێتەوە کە ئێران لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا کامیان هەڵدەبژێرێ، ئەو وڵاتە کە نزیکەی 1600 کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ عێراقدا هەیە و نیوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستانە، دەتوانێت ئەو سنوورە لە هەرێمی کوردستان بگرێت، بەتایبەت کە ئێران بە تەواوی هاوکاریی لایەنی حکومەتی عێراق دەکات بەهۆی مەزهەبی شیعە و وابەستەیی حیزبە شیعەکان بە ئێرانەوە، ئەوە جگە لەوەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا نەوت بە تانکەر چووەتە ئێران و لەڕێی بەندەر عەباسەوە بۆ دەرەوە، ئەگەر ئەو بۆرییە بکرێتەوە ئەو تانکەرانەش بەوێدا ناڕۆن.

هەرچی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەیە ئەگەر سەرپشک بکرێن، بێ سێ و دوو عێراقی عەرەبی ئیسلامی دەخەنە پێش کوردستانەوە کە رەنگە هەر کێشەی گەورەش دروستبکەن، مەگەر لە ناوچەکەدا ئیسرائیل پشتی کورد بگرێت.

ئەمریکا و رۆژئاوا هەتا ئێستاش بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکەن وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەری و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەناسن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، هەر ئەوەی کە کۆشکی سپی لە دوای ئاشکراکردنی رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و ئەنقەرە هاتە دەنگ لەسەر عێراق بوو.

جگە لە هەموو ئەمانە، کە بێگومان دەبێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە حسابی وردی بۆ کرابێت، دەکرێت هەر سەرۆک و حکومەتێک دەستپێشخەریی بوێرانەی هەبێت، بەتایبەت لە بواری ئابووریدا کەمێک چاونەترسی و ریسکی پێویستە.

ئەوەش لەبیرنەچێت ئەم ریسکە تەنها زەرەرکردنی بڕێک ماددە نییە، وەک ئەوەی وا پێشنیاز کراوە کە داهاتی نەوتەکە لە دەرەوە هەڵبگیرێت و کەسیش نازانێت چۆن دەبینەوە بە خاوەنی، بەڵکو پەیوەندی بە دۆزی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتەوە هەیە.

ئەگەر هەرسێ وڵاتی دراوسێ و سووریاش رێککەوتنێکیان لە دژی ئەم نەتەوە و خاکە ئیمزا کرد چی دەبێت؟



پێشواز فەیزوڵڵا

# ”ئەی ڕەقیب“ و بێباوەڕان

لە سەروبەندی گفتوگۆ و ناکۆییەکاندا لەبارەی سروودی ”ئەی رەقیب“، لە چەندین ناوەند و کەسایەتی ئیسلامییەوە پاساوێک بەرگوێ دەکەوت: ئەم سروودە گوزارشت لە هەموو ئاین و توێژەکانی کۆمەڵ ناکات.

لێرەدا هەوڵ دەدەم لەسەر دیوێکی نادیاری ئەو گوزارەیە قسەبکەم کە کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵ بە تێکڕا مامەڵەی لەگەڵ بکات.

دیموکراسیەتی راستەقینە فەرمانڕەوایی زۆرینە نییە، بەڵکو پاراستن و رێزگرتنی کەمینەشە و بەرگرتنە لە پێشێلکردنی مافی سیاسی و مەدەنیی کەمینە.

بە وتەی سیاسی و چالاکوانە ئیسلامییەکان، سروودی ”ئەی رەقیب“ پێشێلکردنی ئاینی ئیسلامە و هەندێکیش بە کوفری دەزانن و پاساوی سیاسیشیان بۆ گۆڕینی ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هەمووان ناکات. ئەم قسە و پاساوانە دەرگایەکی باشیان کردەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مافی کەمینەکان.

ئەگەر ئەو سەرکردە و چالاکوانە ئیسلامییانە (ئەوانەش کە وەک ئەوان هەمان ئارگیومێنتیان هەیە) راستگۆن لە وتە و مەرامەکانیاندا و دەخوازن کۆمەڵ فرەڕەنگ و فرەدەنگ و لێبووردە بێت و هەموو تەرز و رەنگ و دەنگەکان بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە بژین، ئەوە کاتی هاتووە قسە لەسەر ئەو کەمینەیەش بکەین کە دەنگی نییە: بێباوەڕان.

بە گوێرەی بانگەوازی ئەو چالاکوان و سیاسییە ئیسلامییانە، پێویستە ئەوانەی بێباوەڕن و هیچ ئاین و مەزهەبێکیان نییە، لە کۆی گوتاری نیشتمانیدا نمایندەیان هەبێت و دەنگیان دیار و ئاشکرا بێت و پارێزراو بن.

لە کۆمەڵی فرەڕەنگ و دیموکرات و لێبووردەدا، هەموو تاکەکان وەک مرۆڤ مافی یەکسانی و سیاسی و بەشداریکردنیان هەیە، لە ئازادییانەوە بۆ بەشداریکردن، بۆ ئازادییان لە رادەربڕین و سەلامەتی ژیانیان.

لە کۆمەڵی کوردیدا کەسە بێباوەڕەکانیش پێویستە وەک پێکهاتەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵ بناسرێن و ئازادی گوتن و بیرکردنەوەیان بپارێزرێت.

لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، هێزێکی سیاسی بە پاساوی ویست و بیری زۆرینە دەخوازێت چاکسازی بکات لە سروودێکی نیشتمانیدا. پێویستە ئەم دۆخە لە هەمان باریشدا بناغەیەک بێت بۆ داکۆکیکردن و سەپاندنی مافی کەمینەیەک کە هەمیشە لە کۆمەڵە ئاینییەکاندا دەمکوتکراوە.

ئاشکرایە کۆمەڵی کوردیش وەک هەر کۆمەڵێکی دیکە باوەڕدار و بێباوەڕی تێدایە. بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسی و یاسایی، مافی بێباوەڕبوون ناسراو نییە و لەڕووی یاساییەوە پارێزراو نییە، کەسە بێباوەڕەکان ناچارن وەک خەباتی سیاسی ژێرزەمینی بە دزییەوە و لە پەناو پاساردا و بە ترس و لەرزەوە لەگەڵ هاوباوەڕەکانیاندا بیروڕا بگۆڕنەوە.

ئەمەش دۆخێک دروستدەکات کە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵ بێبەش بێت لە فەزای گشتیی گفتوگۆکان و بترسێت لە ئاشکراکردنی بیروڕاکانی.

لە هەمان کاتدا ناچاربێت درۆبکات بۆ شاردنەوەی بێباوەڕیی. ئاشکراشە درۆکردن یەکێکە لەو سیفەتە قێزەونانەی سەرجەم ئاینەکان و سیستەمە یاساییەکانی دنیا دژی دەوەستن و سەرزەنشتی دەکەن و لە هەندێک باردا سزای دەدەن. ئەگەر درۆکردن سیفەتێکی ناشرینە، کەواتە ناچارکردنی کەسانێکیش بە درۆکردن لە بارەی بیروڕا و بێباوەڕییانەوە بۆ خۆپاراستن، بەهەمان شێوەی درۆکردن ناشرینە.

ئەگەر لە وڵاتێکدا ئازادی ئاینی نەبێت، کەمینە ئاینییەکان دەچەوسێنرێنەوە وەک موسڵمانەکان لە میانمار و نایجیریا، جولەکەکان لە ئەورووپا لە سەردەمی پێش و کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، چەوساندنەوەی کاسۆلیکەکان لە ئێرلەندا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و چەندین نموونەی دیکەش. تەنیا لەکۆمەڵی داخراودا چەوساندنەوەی بیروڕا و باوەڕ هەیە. ئەگەر دەخوازین کۆمەڵی کوردی بەڕاستی کۆمەڵێکی لێبووردە و کراوە و دادپەروەر بێت، پێویستە بوار بدرێت بەوانەش کە بێباوەڕن بە ئاشکرا گوزارشت لە بێباوەڕیی خۆیان بکەن و بەشداربن لە کایە سیاسی و رۆشنبیرییەکاندا بەبێ پەنابردنە بەر پاساوهێنانەوە و درۆکردن بۆ شاردنەوەی بێباوەڕییان.

## بێباوەڕان سێیەم گرووپی جیهانن لەڕووی ژمارەوە

توێژینەوەیەکی مونتەدای پیوو لەبارەی ئاین و ژیانی گشتییەوە لە ساڵی 2012دا دەریدەخات ژمارەی ئەوانەی لە جیهاندا هیچ باوەڕێکی ئاینییان نییە، یاخود بڕوایان بە بوونی خولقێنەر نییە، نزیکەی 1،1 ملیار کەسن، کە دەکاتە 16%ی دانیشتووانی جیهان و بەمەش لە ریزبەندی سێیەم دێن لە دوای ئایندارانی مەسیحی کە 2،2 ملیار کەسن، واتە 32%ی دانیشتووانی جیهان و موسڵمانان کە لە پلەی دووەم دێن بە 1،6 ملیار کەس و 23%ی دانیشتووانی جیهان پێکدێنن.

لە دوای بێباوەڕەکانەوە، هیندۆسەکان گەورەترین گرووپن کە ژمارەیان یەک ملیار کەسە. دوای ئەوان بودایییەکان ژمارەیان 500 ملیۆن کەسە و جولەکە ژمارەیان 14 ملیۆن کەسە. نزیکەی 400 ملیۆن کەسیش پێڕەوی ئاینی کۆن و ناوچەیی دەکەن لە ئەفریقا و چین و ئەمەریکا و ئوستراليا. نزیکەی 58 ملیۆن کەسیش پێڕەوی ئاینەکانی وەک بەهایی و جەینی و سیخ و شینتۆ و تاو و تێنریکۆ و ویکا و زەردەشتی دەکەن.



قەرەنی قادری

# قومارێکی قورس لە نێوان ئەمریکا و ئێران

دانوستاندنی گرووپی (پێنج کۆ یەک) لەگەڵ ئێران، کە لە 20 تا 2013/11/24 بەڕێوەچوو، ئەو بەڵێنەی لە ئێران وەرگرت کە لەماوەی شەش مانگدا دەبێ بیسەلمێنێ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشتیخوازانەیە و پیتاندنی یۆرانیۆمیش لە 20%ەوە بۆ ژێر 5% دادەبەزێنێ.

هەروەها کۆمەڵێک بەڵێنی دیکەش لە ئێران وەرگیراوە، بۆئەوەی لە ماوەی شەش مانگدا جێبەجێیان بکات. لە بەرامبەریشدا، هەندێک لە گەمارۆکان وەکو گەمارۆی سنووردار، کاتی و ئامانجدارەکان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەڵدەگیرێن، بەڵام گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانک، دارایی، نەوت و تەنانەت ئەو گەمارۆیانەش کە پەیوەندییان بە دامەزراوە نیزامییەکانەوە هەیە، دەمێننەوە.

لەبەر ئەوە کاتێکی شەش مانگە دیاری کراوە، تاوەکو کۆماری ئیسلامی وەکو چەند ساڵی رابردوو، یاری بە کات نەکات. ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێران بەڵێنەکانی بەجێ نەگەیەنێت، ئەوا گەمارۆکان توندتر دەبنەوە.

هەر دوای رێککەوتنەکەی ژنێڤ، باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گوتی: ”ئەگەر ئێران لەو ماوەیەدا بەڵێنەکان جێبەجێ نەکات، گوشارمان زیاتر دەکەین“. کۆشکی سپیش لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: ”ئامانج لەو رێککەوتنە ئەوەیە کە بەر بە ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆمی بگرین“. لە بەرامبەریشدا حەسەن رووحانی، سەرکۆماری ئێران رایگەیاند: ”پێویست ناکات کەس بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم رێککەوتنە بۆ بەرگرتن بە ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمییە، ئێران چێکردنی چەکی ئەتۆمی لە پلاندا نییە“.

لەڕاستیدا، بەهۆی گوشارە قورسەکانی ئەم چەند ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاوە، کۆماری ئیسلامی ناچار بوو مل بەو پاشەکشەیە بدات. رەزا تەقیزادە کارناسی کاروباری وزە دەڵێت: ”بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە کاتی درێژەپێدانیدا دەیتوانی ئێران رووبەڕووی گوشار و بایکۆتی زیاتر بکاتەوە و ئەوەش دەبووە هۆی دارمانی ئابووریی ئێران. لەبەر ئەوە، بەرگرتن بە زەرەری زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران، وەکو بردنەوە وایە“.

لەلایەکی دیکەشەوە، بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای بەهاری عەرەبی و دۆخی لەسەر لێواری هەڵدێری حکومەتەکەی بەشار ئەسەدی یاری کۆماری ئیسلامی، بێشک بەشێکن لەو هاوکێشانە کە وایانکرد، تاران پاشەکشە بکات. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو پاشەکشەیە تا رادەیەک یارمەتی تاران دەدات کە گوشارە نێونەتەوەییەکانی لەسەر کەم بکرێنەوە. ئێران چەندە ئەو بەڵێنانە دەباتە سەر، پەیوەندی بە پێشینەی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە کە تا ئێستاش نەیتوانیوە لەناو دیپلۆماسیی جیهانیدا، متمانە بەدەستبێنێ. ئێران لە دۆخێکی قورس و ئاڵۆزدایە.

## سێ پێناسەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی سیاسەتدا، خاوەنی سێ پێناسەیە کە هەر جارەی بە گوێرەی کات و رووداو، لەلایەن زلهێزەکانەوە جەخت لەسەر یەکێکیان دەکرێتەوە. یەکەمین کێشەی ئێران کە لەمێژە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەخۆیەوە خەریک کردووە، دۆسیە ئەتۆمییەکەیەتی. ئەوەش ئاشکرایە، کە رێککەوتنی ژنێڤ هەر لەسەر ئەو دۆسیە بوو، هاوکاتیش هەر لە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکادا بووە.


دووەمیان: رۆڵی ئێران لە داڵدەدان و راهێنانی گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان کە چەندان ساڵە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکی ئاژاوە، کاری تیرۆر و توندوتیژین. ئەفغانستان، عێراق، سووریا، لوبنان، فەلەستین و هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی، لە دۆسیە هەرە قورسەکانی تارانە.

بارودۆخی ناوخۆی ئێران: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئیعدامی بە لێشاو، بە تایبەت دوای هاتنی رووحانی، پێناسەی سێیەمی کۆماری ئیسلامییە لە ناوەوەی ئێرانی رەنگاوڕەنگدا.

گەرچی ئەم رێککەوتنە جارێ بواری بۆ کۆماری ئیسلامی رەخساندووە کە لە شەترەنجی دیپلۆماسیی جیهاندا ”پشوو“یەک بدات، بەڵام دوو پێناسەکەی دیکە، دوو کێشەی زلن کە بەرۆکی ئێران و هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان بەرنادەن.

ئەگەری ئەوە گەلێک زۆرە، کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە دانوستاندن و پاشەکشەی لە بەرامبەر گرووپی پێنج کۆ یەک، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستوەشێنتر بێت و رێککەوتنی ژنێڤ بە بارمتە بگرێت و بیکاتە کەرەسەیەک بۆ ”پێشرەوی“ی سیاسەتەکانی لەو ناوچە گڕگرتووەدا.

عەرەبستانی سعودی، قەتەر، یەمەن، عێراق، فەلەستین و سووریا، ئەو شوێنانەن کە کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا دەست دەخاتە ناو کاروبارییانەوە. ئایا رۆژئاوا تا شەش مانگی دیکە تەنیا سەرقاڵی ئەو رێککەوتننامەیە دەبێت، یان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا رووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە؟ ئایا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، دەکەوێتە پەراوێزی رێککەوتننامەی پێنج کۆ یەکەوە؟ بێگومان دۆخەکە بۆ رۆژئاواش قورس و ئاڵۆزە.






هیوا مەحمود عوسمان
hiwa@rudaw.net

# لە چیرۆکی دوو شارەوە بۆ زنجیرەی تەلەڤزیۆنی

قسە و باسی ئەم دواییە لەبارەی بۆڕی نەوتی کوردستان بەرەو تورکیا و مشتومڕ لەبارەی ئەو هەنگاوەی هەرێمی کوردستان و پرسی دەستووری بوون و نەبوونی قوڵتردەبێتەوە. بەمزووانە بەیاننامەی بەهێز لە بەغداوە دەبیستین. دواتر لەلایەن هەولێرەوە بە گرێبەستی زیاتر یان بەیاننامەی بەهێزتر وەڵام دەدرێتەوە. پاشان سیاسەتوانان دەستدەکەن بە پەیوەندیکردن پێکەوە کە سەردەکێشێ بۆ کۆبوونەوەیەک لە هەولێر یان لە بەغدا. دواتر کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دوای کۆبوونەوەکە کە وشەی زۆر جوان بەرامبەر یەکدی بەکاردێنن و بڕیاردەدەن لیژنە پێکبهێنن بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە جیاوازەکان و دەستکردن بە خولی دانوستاندن کە یەک دوو هەفتە دوای کۆبوونەوەکە کاڵدەبێتەوە. ئایا ئەمە ئاشنا دەردەکەوێت؟ بەڵێ. ئەمە شیکاری نییە ئەمە بووەتە شێوازێکی دووبارەبووەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. تا ئێستا هەموو ئەو کێشە سەرەکییانەی کە هەردوولا هەولێر و بەغدا لەبارەیانەوە گەرموگوڕن بەهەمان بازنەدا تێپەڕیون و هیچکامیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر نەکراون.

ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە پەرلەمانی فیدراڵ هەرگیز ناتوانێت بەرەوپێشچوونی راستەقینە ئەنجامبدات کە دێتە سەر یاسادانان بۆ ڕێکخستنی ئەم کێشانە. یاسای نەوت و گاز نموونەیەکی زۆر باشە. نەبوونی یاسایەک کە پرنسیپە دەستوورییەکان بگۆڕێ بۆ واقیعێکی یاسایی، ئابووری و تەکنیکی، هۆکاری سەرەکییە لەپشت ئەو بازنەیەی سەرەوە. هەروەها زۆریش روونە کە جیاوازییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەنیا لەسەر وردەکارییە یاسایی، تەکنیکی و ئابوورییەکانی هەر هەنگاوێک نین، کە هەرێمی کوردستان دەیهاوێت.

هۆکاری نەگەیشتنی هەردوولا بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر ئەم مەسەلانە ئەوەیە کە جیاوازی سەرەکی لە دیدگا و ڕەنگی ئامانج و ئاراستەدا هەیە. هەردوولا هێندە تێنەکۆشاون بۆ پەڕینەوە کەم جیاوازییانە و پوچەڵکردنەوەی سەرچاوەی ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.

زۆر لە چاودێران بە نووسەری ئەم گۆشەیەشەوە لە ڕابردوودا گوتیان ئەم کێشەیە تەنیا بەوە دەتوانرێ چارەسەر بکرێ کە پەیوەندی هەولێر و بەغدا بەرفراوانبکرێت و تەنیا ژمارەیەکی دیاریکراوی سیاسەتوانانی سەربە هەردوولا لەخۆ نەگرێت، کە دەبنە هۆی قەیران و پاش ماوەیەک چارەسەری دەکەن بەبێ بەشدارپێکردنی هیچ ڕوونییەک بۆ پێگەی یاسایی و دەستووری هەر لایەنێک.

یاسا بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەوە دەردەچێت کە پەڵە تۆخەکان کاڵبکاتەوە و شتەکان روونتر بکاتەوە بۆ ئەوانەی کە بەشێکن لە هەر کێشەیەک. بەڵام بۆ یاساکانی ڕێکخستنی نەوت و گاز و کێشەکانی دیکە لەگەڵ بەغدا، پێویستی بە زیاتر لە سیاسەتمەداران هەیە بۆ ئەوەی لە مشتومڕەکە تێوەبگلێن. ئێستا بازنەی مشتومڕی فیدراڵی و هەرێمی زۆر بچووکە، سیاسەتمەداران و چەند کەسێکی کەم لەخۆ دەگرێت.

بۆیە بۆڕی نەوت و کێشە هاوشێوەکانی یەکەم قەیران و بە دڵنیاییشەوە دوا قەیران نابن لەنێوان هەولێر و بەغدا.

لەبەرئەوە، کێشە هەڵواسراوەکان دەگوازرێنەوە نێو پەرلەمانی نوێ و دەبنە سەرباسێکی دەوڵەمەند بۆ کەمپینی هەڵبژاردنی داهاتوو هەم لە بەغدا و هەم لە هەولێر.



ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ
wladimir@rudaw.net

# مەترسیی قاعیدە بۆ سەر کوردستان

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی کوردستان، داوای لە حکومەتی کوردستان کردووە کە کۆمیتەیەک پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو گەنجە کوردانەی دەگوترێت بۆ جیهاد دەچنە سووریا. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان ئەو کێشەیەی هەیە کە وڵاتانی ئەوروپاش هەیانە. شەڕی جیهاد لە سووریا قاعیدەی هەر لە سنوورەکانی ئەوروپا نزیکتر نەکردەوە، بەڵکو لە سنوورەکانی کوردستانیش نزیکی کردەوە. ئەوەش لە دوایین هێرشیاندا (واتە تەقینەوەکە) لە هەولێر دەرکەوت.

چەندین راپۆرت ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆر گەنجی جیهادی لە مزگەوتەکانی پارێزگای سلێمانییەوە ئامادەکراون و بردراون بۆ سووریا. یەکینەکانی پاراستنی گەل چەندین کوردی خەڵکی کوردستانی عێراقیان دەستگیرکردووە لە سووریا، هەروەها زۆر هەواڵیش هەبوون دەربارەی ئەو جیهادییە کوردانەی سەفەری سووریا دەکەن. زۆربەی ئەوانە خەڵکی ناوچە زۆر ئیسلامییەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن و هێزە ئەمنییەکانی یەکێتی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ دەکەن.

هەرچەندە بەرپرسان ئاگایان لەو هەڕەشانە هەبوو، بەڵام هێزە ئەمنییە کوردییەکان پێدەچێت سەرکەوتوو نەبووبن لە ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی جموجۆڵی جیهادییەکان لە کوردستان. گرووپە جیهادییە کوردییەکان زۆربەیان دوای ساڵی 2003، کە ئەمریکا هاتە عێراقەوە، چوونە دەرەوەی کوردستان. هەروەها بەشدارپێکردنی هێزە ئیسلامییەکان لە سیستمی سیاسیی کوردستاندا وایکرد کە ئەو هێزە جیهادییانە بەهێز نەبن. ئێستا شەڕی سووریا هەلی زۆرتری داوەتە جیهادییەکان بۆئەوەی سەرلەنوێ دەستبکەنەوە بە هێرشەکانیان و توندوتیژی بەکاربهێنن.

ڕۆژی 2013/11/18، بۆ یەکەمجار هێزە ئەمنییەکانی کوردستان جیهادییەکیان دەستگیرکرد کە لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە لە سەفەری تورکیا دەگەڕایەوە.

هەرچەندە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا کەوتوونەتە نێو شەڕێکی ڕاگەیاندنەوە لەدژی یەکدی و کێبڕکێی ئەوەیانە کە کامیان ڕێبەرایەتیی کورد بکات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەڵام بۆ قاعیدە هیچییەک لەو پارتانە جیاوازییان نییە و هەموویان دوژمنن.

لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام بە زاراوەی سۆرانی (کوردی) بڵاوکراوەتەوە، کەسێک بەناوی ئەبوو حارس ئەلکوردی دەڵێت: ”بەم چەکانەوە دەگەڕێینەوە کوردستان و هەموو ئەندامانی پارتی و یەکێتی و هێزە ئەمنییەکان دەکوژین“.

پێدەچێت بەهاری عەرەبی تەنیا کوردەکانی سووریای بەهێز نەکردبێت، بەڵکو قاعیدەشی بەهێز کردبێت و وایکردبێت هەڕەشە لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکات. هەمان شتیش لەگەڵ کوردەکانی سووریا بکات. لە ماوەی ڕابردوودا قاعیدە هێرشی کردووەتە سەر ئامانجی جیاوازی هەموو پارتە کوردییەکان لە قامشلۆ، کۆبانی، تەل مەعرووف و هەولێر، هەروەها هێرشێکیش لە ئاکرێ پووچەڵکرابووەوە.

هەندێک دەنگۆ لەسەر ئەوە هەن کە لە هێرشەکەی هەولێردا هەندێک کوردیشی تێدابوون. هەرچەندە هێزە ئەمنییەکان گوتییان گومانلێکراوەکان خەڵکی مووسڵن.

ئەمە ئەو ڕاستییە پیشاندەدات کە پارتە کوردییەکان پێویستیان بە کارکردنە لەسەر ئەو مەسەلەیە. چونکە ئەگەر ئیشی لەسەر نەکەن، تەنیا ناوچە کوردییەکانی سووریا (ڕۆژئاوا) نا، بەڵکو کوردستانی عێراقیش دەرهاویشتە خراپەکانی دەبینێت.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# کەرتی غەززەی سووریا

تورکیا بە توندی ڕەخنە لە گەمارۆی ئیسرائیل و میسری سەر کەرتی غەززە دەگرێت، زۆر لە وڵاتانی جیهانیش پشتگیرییان لە ”کەشتیگەلی ئازادی“ کرد کە بووە هۆی چەند گەشتێکی سەرکەوتووانە و بردنی یارمەتی مرۆیی بۆ غەززە. تورکیا هەڵگرتنی گەمارۆی سەر غەززەی کردووەتە پێشمەرج بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل. هەروەها بە توندیش ڕەخنەی لە میسر گرتووە لەبەر سنووردارکردنی هاتوچۆ بۆ غەززە لە سنوورەکەیەوە.

جەختی گوتارەکە لەسەر نادادپەروەریی سزادانی گشتگیری هەموو غەززەییەکانە بەهۆی سیاسەتی فەرمانڕەواکانی حەماسەوە. هەرچەندە حەماس هەزاران مووشەکی ئاراستەی شوێنە مەدەنییەکانی ئیسرائیل کردووە، خەڵکی ناردووە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و دەڵێ وێرانکردنی ئیسرائیل و ئازادکردنی فەلەستین ئامانجی سەرەکییەتی، کەچی هێشتا تەلئەبیب تۆمەتبار دەکرێت بە توندکردنی گەمارۆکەی.

بەڵام کە باس دێتە سەر کوردی سووریا، گەمارۆدانی ئەوان بە شتێکی تەواو باش دەزانرێت. جیهان هاوار ناکات، تورکیاش ڕێ بە پەڕینەوە لە سنورر نادات بەرەو کوردستانی سووریا جگە لە جیهادخوازانی ریشدار. تورکیا ئێستا خەریکی بنیاتنانی پەرژینێکی دوو مەترییە بۆ داخستنی سنوورەکەی. هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کورستانیش لەم مەسەلەیەدا ڕۆڵی میسر دەبینێت، ڕێگە بە چوونە ناوەوەی هاوکاری مرۆیی دەدات، بەڵام ڕێگە لە کەلوپەلی دیکە دەگرێت نەکا بکەونە دەستی (PYD).

تەنانەت واش دەرناکەوێت کە لێکچوونێکی ڕاستەقینە لەنێوان پارتە سیاسییە کوردیەکانی سووریا و حەماسدا هەبێت. پارتی یەکێتی دیموکرات (PYD) و باڵی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)، پەیوەندی ئۆرگانییان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) هەیە، بەڵام هەرگیز هێرشیان نەکردووەتە سەر هیچ وڵاتێکی دراوسێ، بە تورکیاشەوە. یەک مووشەک، کۆماندۆ یان خۆکوژ نەنێردراوەتە دەرەوەی سنوور بە هیچ لایەکدا، بە بەشە ناکوردییەکانی سووریاشەوە تا ئەو ڕاددەیەی من ئاگادار بم. لەبری ئەوە، بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕێز لە تورکیا دەگرن و نایانەوێ هیچ کێشەیان لەگەڵیدا هەبێت. باسی هەڵمەتبردن ناکەن بۆ دیمەشق یان حومس. تەنیا بەرگری لە شار و شارۆچکەکانی خۆیان دەکەن. هەرچەندە بەم دواییە (PYD) پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی ڕاگەیاند، بەڵام داوای ئۆتۆنۆمی لەنێوخۆی سووریا دەکەن نەک دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. حکومەتە کاتییەکەیان پێشوازی لە عەرەب، مەسیحی، تورکمان و ئەوانی دیکەش دەکات لەنێو دامەزراوەکانیدا.

لەوە زیاتر ”گەمارۆ“ کەی سەر کەرتی غەززە بەراورد دەکرێت لەگەڵ ڕۆژاڤا (کوردستانی سووریا). ئیسرائیل ڕێدەگرێت لە چوونە ناوەوەی کەلوپەلی سەربازی و ئەو بابەتانەی بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکاردێت بۆ نێو کەرتی غەززە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا وا دەردەکەوێت کەلوپەلی دیکە ڕێگەیان لێنەگیرێت. بەپێی ئامارەکانی ساڵی ڕابردوو، مانگانە هەزار بۆ شەش هەزار بارهەڵگر (بەتایبەتی خۆراک) لە ئیسرائیلەوە دەچنە نێو غەززە، چەندین بارهەڵگر پێداویستی پزیشکی و هەزاران لیتر ڕۆنی چێشت و سووتەمەنی دیزڵ. مانگانە سەدان نەخۆشیش لە غەززەوە دەچنە ئیسرائیل بۆ وەرگرتنی چارەسەری (لە هەندێک مانگی 2013 ژمارەیان لە 1000 کەس تێپەڕیوە).

بێگومان ئەمە بۆ ئەوە نییە کە بگوترێ بۆ خەڵکی غەززە ئاسانە- هەموو شتێک لە کەلوپەلی بنیاتنانەوە بۆ دەستکەوتنی کار و کارەبا کورتدەهێنن و چوونە دەرەوە لە کەرتی غەززە کارێکی قورسە بۆ خەڵکی ئاسایی- بەڵام دڵنیام لەم کاتەدا بۆ خەڵکی ڕۆژاڤا دۆخەکە لەمە قورسترە. لەهەمانکاتدا، خەڵکی ڕۆژاڤا کۆمەڵەی خۆکوژی دروست ناکەن و ئیسلامی توندڕەو بڵاوەپێناکەن- لەبری ئەوە، جیهادیخوازە توندڕەوەکان لە سووریا ڕاودەنێن. جیهانی خۆرئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان، لانیکەم دەبێ دان بەوەدا بنێن و سوپاسیان بکەن. پێویست ناکات چەکیان بۆ بنێرن، بەڵام لانیکەم دەتوانن ڕێ بەو کەلوپەلانە بدەن کە ئیسرائیل ڕێگەیان پێدەدا بۆ غەززە. دەزانم (PYD) فریشتە نین، هەروەها گوتارە سیاسییەکەیان زۆر کەسی پەراوێز خستووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە خەڵکی ڕۆژاڤا نابێ بە کۆمەڵ سزا بدرێن لەبەر فەرمانڕەوا سیاسییەکانیان.



نوری بێخاڵی

# PYD و ئازادیی ڕادەربڕین

لە کاتی دیبەتەکانی (ڕووداو) بۆ کاندیدەکانی هەڵبژاردن، بە مەبەستی بەشدارکردنیان لەو دیبەیتە، تەلەفۆنم بۆ کاندیدی حیزبێکی سەر بە PKK کرد. هێشتا سڵاوەکەم تەواو نەکردبوو، گوتی (کاک نوری دۆستی وەک تۆمان هەبێت، دوژمنمان بۆ چییە؟!). دیارە تێدەگەم سەرچاوەی قسەی ئەو بەڕێزە لە کوێوە هەڵدەقوڵێ، بۆیە بەم قسەیەی نیگەران نەبووم، وەک چۆن بە وەڵامی نەرێنی بەشدارینەکردنیشیان پەست نەبووم، چونکە ئەوان بڕیاریان داوە، ئەگەر وەک ئەوان بیر نەکەیتەوە، ئیدی دوژمنی، نەک جیاواز.

ئێستاش کە ڕەخنە لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی PYD و هاوبیرەکانی دەگریت، یەکڕاست لایەنگر و هەوادارانیان دەڵێن خۆ حیزبەکانی باشووری کوردستانیش هەر وایان کرد، ئیتر بۆ سەرکۆنەی ئێمە دەکەن؟!

پاساودانەوەی هەڵە، بە بیانووی ئەوەی ئەوانی دیکەش هەمان هەڵەیان کردووە، جگە لەوەی ئاماژەیە بۆ ئامادەنەبوون بۆ پەند وەرگرتن لە هەڵە و خەوشی ئەوانی دیکە، هاوکات ڕەواپێدانە بە ئەزموونکردنەوەی هەڵەکان کە ئەم نالۆژیکییە خزمەت بە هیچ لایەک ناکات.


پاش ڕووداوەکانی ساڵی 2004 لە قامیشلۆ کە چەندین گەنجی کورد بەدەستی دەزگا و پیاوەکانی بەعس شەهیدکران، نارەزایی کوردی ڕۆژئاوا سەرتاسەری شار و شارۆچکە کوردییەکانی گرتەوە. لەو پەرچەکردارە گەلێرییانەدا لە زۆربەی شوێنەکان بارەگاکانی بەعس سووتێنران، لە بەرامبەر ئەو خرۆشانەی خەڵک، بەعس نزیکەی 3500 کوردی لە زیندانەکان توندکرد. جێی سەرنج و تێڕامانە کە لەم یەک دوو ڕۆژەی ڕابردوودا هێزەکانی ئاسایشی PYD گوتیان بە لێبووردنێک 5300 گیراویان لە زیندانەکانی خۆیان ئازاد کردووە. بەراوردی ئەم دوو ڕووداوە ڕووبەڕووی دوو پرسیارمان دەکاتەوە. بەعسی سووری لەسەر کوردبوون خەڵکی کوردی دەستگیر دەکرد، ئەی ئەم 5300 کەسەی PYD لەماوەی ساڵێک حوکمڕانی خۆیدا گرتوونی و ئێستا ئازادیان دەکات، کێن و لەسەر چی زیندانی کردوون؟ بەعس کە خاوەنی سەدان گرتووخانە بوو، لەناو ئەو ملیۆن کوردە ڕاپەڕیوەدا 3500 کەس دەستگیر دەکات، باشە PYD ئەو ژمارەیەی چۆن گرتن و لە کوێ شوێنی کردنەوە؟

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور، مەترسی هەرە گەورە بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانی لە سووریا، هێزە ئیسلامییە توندڕۆکانن، بەتایبەتیش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە تا ئێستا بە دەیان ڕۆژنامەنووسی کەناڵەکانی میدیایان ڕفاندووە و کوشتوویانن. ئەوەی پەیامنێرانی بێسنوور ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەرنامە کۆنکرێتییەکانی هێزەکانی PYDن بۆ بێدەنگکردنی ڕای جیاواز لە ڕۆژئاوای کوردستان. ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی هێزە کوردییە ناکۆکەکان لەگەڵ سیاسەتەکانی PYD و ئەو دەزگا ڕاگەیاندن و میدیاکارانەی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی (یەکێتیی ڕاگەیاندنی ئازاد)دا کار ناکەن، نموونەی زیندوون. ئەمە لە کاتێکدایە، نووسینگەی تەلەفزیۆنی فەرمیی بەعسی سووریا لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا هێشتا هەن کە گوایە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزە کوردییەدان و ستافەکانیان بە ئازادی کار دەکەن.

یەکێتی ڕاگەیاندنی ئازاد کە ڕێکخراوێکی سەر بە PYDیە، بە ڕەفتارەکانییەوە دیارە، زێدەتر لە ڕێکخراوە ستالینییەکان دەچێت تا ڕێکخراوێکی پیشەیی. ئەوەی بەم دواییە ئەو ڕێکخراوەی سەر بە PYD لە ڕۆژئاوا دەیکات، کە بە دوو پێوانەی جیاواز لە نێوان میدیاکانی بەعس و چاپەمەنییەکانی هێزە کوردییەکاندا مامەڵە دەکات، ڕژێمی کۆریای باکوورمان بیردێنێتەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر لە گوندێکدا ژمارەیەک هاووڵاتی خۆی بە تاوانی سەیرکردنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کۆریای باشوور گوللەباران کرد. بەداخەوە ئەوەی ئەو هێزە کوردییەش لە ڕۆژئاوا دەیکات، لەسێدارەدانێکی مەعنەویی ترسناکتری ئازادیی ڕادەربڕینە کە ناکرێ ئەو بێدەنگکردنە بەرنامەڕێژکراوە، بە بیانووی ناکۆکی و ململانێی سیاسی نێوان PYD و هێزە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژئاوا پاساو بدرێتەوە.

ئەو قسانەمان بەو مانایە نین کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریا و هێزەکانی ناوی، بێ خەوش و کەموکوڕین. ئەوە ئەرکی ئێمە نییە بەرگرییان لێبکەین و پاساوی هەڵە و بێ بەرنامەییەکانیان بدەینەوە. ئەو هەڵە و بێ بەرنامەییەی، زەمینەی بۆ ئەو هەلومەرج و دۆخە نەخوازراوەی ئەمڕۆی ڕۆژئاوای کوردستان خۆشکرد کە سەرکردەکانیان لە باشوور لە هۆتێلە پێنج ئەستێرەکانەوە بە دیار گرتن و ڕفاندنی ئەندام و لایەنگرانیان لەلایەن هێزە نادیارەکانەوە دانیشتوون و جۆرێک لە بازرگانیی پێوە دەکەن، لە کاتێکدا پێویست بوو لەناوجەرگەی ڕووداوەکان بان و لە ئەندامەکانیان نزیک بان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، PYD و (یەکێتی ڕاگەیاندنە ئازادەکەی!) نابێ ئەو ڕاستییە لە بیری خۆیان بەرنەوە کە بەو هەڵوێستە دژە ئازادی و دیموکراتییەیان، بەر لە هەر کەس زیان بە خۆیان دەگەیەنن و دروشمەکانیان لە ناوەڕۆکی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە. چونکە ناکرێ ململانێی سیاسی و ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندی هێزە سیاسییەکان بگاتە ئەو ئاستەی ڕێگە لە دەنگی ئازاد بگرن و خەڵک لە سەرچاوەکانی زانیاری بێبەش بکەن. پێویستە بزانن کە دووبارەکردنەوەی هەڵەی ئەوانی دیکە، ڕەواپێدانێکی کوێرانەیە بە کوشتنی ئازادی و جیاوازی!

RÛDAW
Rudaw Media Network
WWW.RUDAW.NET
Rudaw readers know more



ئەدا ئاپڕەنگی :

## تازەگەری دەخەمە نێو جلوبەرگی کچانی کوردستان

« 20

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالَح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاین:** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




REKLAM

